www.pertwk.com

PDF4Kurd

2003

# شانۆ لە چەند وتارێکدا

نووسینی

عەونی کەڕومی

د. عقیل مهدی یوسف

ب. زنجیرمان

وەر ێڕانی

م. پەروەر

سلێمانی

www.pertwk.com

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێڕان
www.roshnbiri. org
khanaywargeran@yahoo.com

* ناوی کتێب: شانۆ لە چەند وتارێکدا
* بابەت: شانۆ
* نووسینی: عەونی کەڕومی/ د. عقیل مهدی یوسف/ ب. زنجیرمان
* وەرگێڕ: مامۆستا پەروەر
* نەخشەسازیی بەرگ: نازەنین صالح
* نەخشەسازیی کۆمپیوتەر: جیهان محەمەد
* تایپ: بەهرە عزەدین
* زنجیرە: 30
* تیراژ: 1000 دانە
* ژمارەی سپاردنی (480) ی ساڵی (2003) ی وەزارەتی رۆشنبیریی پێدراوە
* چاپ: چاپخانەی شڤان

www.pertwk.com

## پێشکەشە :

- بەو کەسانەی کە شانۆیان بە گەلەکەمان ناساند.
- بەو شانۆکارانەی کە لە پێناو کێشەی رەوای گەلەکەیاندا شەهید بوون.
- بەو هونەرمەندە ماندوو نەناسانەی لەسەر تەختەی شانۆ بەردەوامن.

www.pertwk.com

## وتەیەك

### خوینەران و دراماكارانی خۆشەویست

بابەتەكانی دوو تویّی ئەم كتێبە, لە چەند وتارێكی شانۆیی پێكهاتووەو بە شێوازی هاوچەرخ و نوێگەرییانە نووسراون, لە بارەی ئەم هونەرە زیندووەوە. بابەتەكانیش لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕدراون. لەبەر ئەوەی سالآنێكی دوورو درێژە, گەلەكەمان ئاشنایەتیی لەگەڵ ئەم جۆرە هونەرە دا پەیداكردووەو لەبەر پێویستی بوونی كتێبخانەو شانۆی كوردیش بەم جۆرە سەرچاوە تیۆرییە تازانە, بە پێویستم زانی بیانخەمە سەر زمانەكەمان, بەو هیوایەی لەو رێگەیەوە خزمەتێكی بچووك بەو هونەرە زیندووە جیهانییە لە وڵاتەكەماندا بكەم, لەهەر كەم و كورییەكیش داوای لێ بووردن لە هەموو لایەك دەكەم.

**م. پەروەر**

2001/10/2

www.pertwk.com



## گوتاری ـــریی

## لێکۆڵینەوەیەکی سیماگەرانەیە لە بارەی تایبەتمەندێتی شانۆو ئەرکەکانی

د. عەونی کەڕومی

### پێشەکی

لەم دواییەدا ئارەزوویەك پەیدابووە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زانستییانە لە شانۆ بکۆڵدرێتەوەو لە هەمان کاتیشدا بە گیانێکی ئەزموونگەریانەوە کاری تێدا بکرێت, بە جۆرێك کە گەڕان بە دوای گوتاری شانۆییدا بووەتە نەریتی ئەو کارانەی بە نوێکاریو ئەزموونگەری دەناسرێت, بۆ گەشەپێدانی هونەری شانۆو گەیاندنی بە ئاستی زانستە مرۆڤایەتییەکان. کە تاڕادەیەکی زۆر تیۆرە تازە کردارەکیو ئەدەبیو هونەرییەکان کاریان تێی کردووە, وەك هەوڵێکی تێگەیشتنو بۆ گەیشتن بە(ئەو ڕێچکەیەی کە پشت بە کەلەکەبوونی زانستیو ئەفراندن دەبەستێت لە ڕێگەی پسپۆڕی لە بە لۆژیك کردنی تۆژینەوەو پراکتیزەکردنی ئەزموونگەری..) ئەمەش لەبەر ئەوەی بەڵگەنەویستو بیروڕاکانی ون کردووە کە تاقی کردنەوەو شیکارکردننو لەبەردەم بیروبۆچوونە تیۆرە زانستییە تازەکاندا بەرگرییان نەماوەو بزر بوون, لەوانەش شێوازگەری بونیادگەری, دیاردەگەری، جوداگەری, لێك بونادکردن.) ڕێك سیماگەریش کە خۆی بە توانای پراکتیزەکردنو خۆڕاگر بۆ ئەزموونگەریو مل کەچکردن بۆ ڕاست کردنەوەی بەردەوام لە ژێر ڕۆشنایی دەستکەوتە ڕێبازگەرییە ڕەسەنەکاندا ناساندوە. بۆ نموونە زانستە رووتەکان دەستی بەسەر دیاردە ئەدەبیو هونەرییەکاندا, داگرتووە, لەوانەش زانستی ژیان(بایۆلۆژیا) یە کە وەك نموونەیەکی هاوشانی وەگرینو تێپەڕاندنی قۆناغە ئایدۆلۆژیا ئایدیالیەکان لە پەیبردنی میکانیزمەکانی بەرهەمهێنانی ئەدەبو هونەری شانۆییو مل کەچ بوونی بۆ یاساکانی بەردەوام بوونی کۆمەڵایەتی, لەسەر ئاستی هێنانەبوونو جوانکارییدا. (بڕوانە– د. صلاح الفضل"بلاغة الخطاب و علم النص". لاپەڕەکانی(7–8–9) هەموو ئەمانە پاڵییان نا بە شانۆوە بەرەو بازنەی پسپۆڕیو پشت بەستن بە بنەما ئەبستمییەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان لەسەر هەڵبژاردنو رزگارکردنی لەکردارە سەرەتاییە یەکەمینەکان بینا بکات, یان بنیات بنێت کە پشت بە مەیلی سروشتیانەی فیکر دەبەستێت, لە بینینی واقعو هەڵهێنانی کارکردن بۆ دانانی پەیوەندیی هاوبەشو بە پێچەوانشەوە, لە کۆتایشدا خوێندنەوەی ئەزموونەکە, بەمەبەستی کارکردنە سەر واقع لەتەك پەیبردن بە گرفتە تایبەتیو سەختەکانی هەلومەرجی ئەبسیتمی کە مرۆڤ لە چالاکییە هەمەلایەنەکاندا بابەتیەتی.. بە شێوەیەك کە شانۆ وەك زانستە مرۆڤایەتییەکان بەندە بە مرۆڤ وەك خودو بابەت. بڕوانە (ژان پیاژ ییە ل122).

## سیستمی رۆشنبیری بۆ شانۆ



لێکۆڵینەوەکان بایەخیان بە پەرەسەندنی دیاردەی شانۆیی و گۆڕانی بەردەوامی دۆخەکانی یان بارەکانی داوە, لەماوە مێژوویییە جیاجیاکاندا, وە بایەخیان بە کێشەکانی سەرهەڵدان و پەیدابوون و هۆکارەکانی نەشونماکردن و رووخانیشی داوە, هەروەها بایەخیان بە تەکنیکیەکانی وەك(ئەکتەر, نووسەر, دەرهێنەرو توخمەکانی دەقی شانۆیی و بونیادەکەی) داوە لەگەڵ شیکردنەوەی دیاردەو پێکهاتەی نمایشی شانۆیی لە بوارەکانی(پانتایی, پلانی دەرهێنان, ئەکتەر, جووڵە کارتێکەرەکان و هەموو ئەوانەی کە کەشی گشتی پێك دەهێنن), بە هۆی ئەمانەوە زەروورەت و ئەرك و تایبەتمەندییەکان و شێوازیشیان دیاریکردووە تا دەگاتە لێکۆڵینەوە لە گوتاری شانۆیی. شانۆ لە کەلتووورە مرۆڤایەتییە جیاوازەکاندا, جۆرەها شێوەی لە خۆگرتووە یان بینیوە, هەر لە قۆناغی کۆمەڵگا سەرەتاییەکانەوە, واتە لەسەردەمی کۆمەڵگەی کشتوکاڵی, یان کۆمەڵگەی کۆکردنەوەی بەروبووم و راووشکاردا پەیدابووە, هەورەها لە نێو وڵاتان و گەلانیشدا, لەبەرەبەیانی شارستانی سۆمەری و بابلی و میسری و فیرعەونییەکان و وڵاتی شامیشدا پەیدابووە, هەروەها لە هیندو یۆنان و ژاپۆنیش پەیدابووە یان دەرکەوتووە.. وێڕای ئەمە دەتوانین بڵێین لە زۆربەی کەلتوورەکاندا شێوەی چەند چالاکییەکی درامای شانۆیی, یان سرووتە ئایینی و دونیاییەکان, یان چەند دیمەنێکی درامای, یان هەقایەت, یان سەمای بەخۆوە گرتووە. تەنانەت ئەو نمایشانەی کە پشتیان بە بووکە شووشەو ئەندێشەی سێبەری(خیال الظل) دەبەست





بەندبوون بەدوو توخمی بنچینەیی لە توخمەکانی شانۆکە(ئەکتەر- بینەر)ن لە شوێن و کاتدا, چونکە تیایدا دەورگێر(المؤدي) یان سەماکەر یان ئەکتەر مانا دێنێتە بەرهەم, لە رێگەی ئامرازەکانی ئەکتەر (جەستەو دەنگ) یان بەهۆی بووکە شووشە, یان لە رێگەی خۆ حەشاردان, یان شاردنەوە لە پشت دەمامکدا, یان هەر ئامرازێك لە ئامرازە بینراوو بیستراوەکانیدا. ئەو مانایەی کە پێکدێت و دروست بێت بیرۆکە یان ئامانجێك نمایش دەکات و لە پێناو هێنانەدی مەبەستێك پێشکەش دەکات, وەڵامێك دەبێت بۆ پێویستی بەرژەوەندخوازی یان جوانکاری بێت کە تیایدا توخمەکانی خۆشی یان چێژوەرگرتن دێتەدی لە میانەی بەدواداچوون و بەردەوام بوون, کە ئەمیش بە هۆی بەستنەوەی سەرنج راکێشان و وروژاندنەوە دەبێت.

هۆیەکانی سەرهەڵدان و پەیدابوونی شانۆ لە زۆربەی کاتەکاندا, بۆ هۆکارە مرۆڤایەتیەکانی وەك(کۆمەڵایەتی, ئایینی, دەروونی, ئابوری, سیاسی) دەگەڕێتەوە, وە مرۆڤیش بەو پێیەی گەورهەری کۆمەڵە, ئەو توخمە پێکدەهێنێت کە بوونی کۆمەڵایەتی لەسەر دروست دەبێت.. وە بە هۆی بوونیشی لە ژیان و مانەوەی, لەگەڵ سروشت و کۆمەڵ و تەنانەت لەگەڵ خودی خۆشیدا کەوتە ململانێ.. چونکە شانۆی لەگەڵ ئەو هەموو چالاکیانە نمایش کردووە کە پەیوەندیان بەو دیاردانەوە هەیە کە مرۆڤ هەوڵ دەدات دەستیان بەسەردا بگرێت بە هۆی دۆزینەوەی یاساکانی و هێنانەوەی پاساوەکانی و ئاشکراکردنی هۆو هاندەرەکانی, کە بە هۆیەوە هەوڵی لێکدانەوەی بوونی خۆی دەدات و قەوارەکەی شی دەکاتەوەو بوونیشی بە شێوەیەکی هەستیارانەو ئیستاتکیانە لێکدەداتەوە بۆیە دەبینین شانۆ لە ژیانی مرۆڤایەتیدا, سستەمێکی رۆشنبیریی بنیاتناوە, ئەم سیستەمەش لە چوارچێوەی زانستەکان و زانیارییە کەلتوریەکان و ئەو شێوازانەی کە مرۆڤ لە ژیانیدا دەریبڕیون بیناتنراوە, لەوانەش(سیستمی کار, پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان, خانووبەرەکان, شوێنی نیشتەجێبوون, ئاڵوگۆڕی

www.pertwk.com

کەرەستە یان سیستەمی بەرهەمهێنان و بازرگانی و دیسپلینی سەربازی و کارگێڕی و سیستمی ئاینی، زمان، مافەکان، سرووت و دابونەریت و سیستەمی ئەدەبی و هونەری).. بەهۆی تایبەتمەندێتی ئەرکەکەیەوە، زۆر کەس هەوڵیاندا کە سیستەمی رۆشنبیریی شانۆ بخەنە چوارچێوەی سیستمە کەلتورییەکانی ترەوە، (هەر وەکو ئەوەی شانۆ بخەنە چوارچێوەی سیستەمی ئەدەبییەوە) کە خەریك بووە هەرەس بهێنێت یان لە کورتی بدات، چونکە شانۆ سیستەمی کەلتووری تایبەت بە خۆی هەیەو ناگەڕێتەوە بۆ سیستەمی تر بەو ئەندازەیەی کە هەندێك سیستەم، چەمکەکانیان لە بواری رەگەزو شێوازەکانی شانۆوە وەرگرتووە، هەر وەکو ئەوەی کە لە راڤەکردنی(ئەرستۆ) رووی داوەو پشتیشی بەو ئەرك و تایبەتمەندییانە بەستووە کە لەسەر بنچینەی پێداویستییە جەستەییەکان دەبێت. لایەنی جەستەییش بناغە پێك دەهێنێت، ئەگەرچیش لەگەڵ کرداری جەستەدا تایبەتمەندێتی و سیستەمی کەلتوری تری وەك (مۆسیقا، زمان، پێکهاتەی دەنگی) ئاوێتە بوو، بەش و توخمێکی زۆریش لە شانۆدا دەبینین کە بۆ سیستەمی فرە رۆشنبیری و هونەری دەگەڕێتەوە، بەڵام شانۆ خاوەن تایبەتمەندییەکە کە لە سیستمە کەلتوورییەکانی تردا نییەو ئەویش تەنیا(مرۆڤ)ـە، لێرەدا مەبەستمان ئەو مرۆڤە هونەرمەندە داهێنەرە نییە، کە لە سیستمە کەلتوورییەکانی تری وەك (نیگارکێش، پەیکەرتاش، نووسەر، شاعیر)دا هەیە، بەڵکو مەبەستمان لەو مرۆڤە ئەکتەرەیە کە بەبێ ئەو، نمایش تەواو نابێت، ئێمە بەبێ بوونی مرۆڤو دەوری و شوێنەکەی لە جیهان و ژیاندا، مەحاڵە لەسەرجەم سیستمە کەلتوورییەکانی تردا، هیچ شتێك بەدەست بهێنین، بەڵام بەرهەمهێنانی(بەرهەمی هونەری) لەدەرەوەی سنووری خۆی دەمێنێتەوە، هونەریش دەبێتە بەرهەمی مرۆڤ خۆی، بەڵام لە شانۆدا، بەرهەم بەبێ مرۆڤ نایەتەدی، مرۆڤی هونەرمەند خودی خۆی دەبێتە (بەرهەمهێنەری هونەری) و لەمیانەی ئەم بەرهەمەشدا مانا



دێتەدی لە ساتی ئامادەبوونیدا. نە لە پێش و نە لە پاش دەبێت، کە ئەکتەر لەسەر شانۆ نەماو کاری تەواو بوو، بەرهەم و بەرهەمهێنەریش کۆتاییان دێت، ئەکتەریش وەکو مرۆڤێکی ئاسایی دەگەڕێتەوە بۆ دەوری خۆی لە ژیاندا، نەك وەك کاراکتەرێکی درامایی کە مانا بەدی دەهێنێت.. وەلێ مانا بۆ ژیانی خۆی لە رەفتارو کردارو ئێش و ئازارەکانی کاراکتەر وەردەگرێت. لە شانۆدا، ئەکتەری مرۆڤ مانا بۆ خودی خۆی لە دەرەوەی مانای بوون و ئازارەکان بەرهەم دەهێنێت. واتە سیستەمی شانۆ لەسەر ئەکتەری هونەرمەند وەستاوە ، مادەکەشی لەناو نمایشی شانۆییدا، چ بەتاك و چ بە کۆ ئەکتەر خۆیەتی، ئەنجام و بەرهەمهێنەرەکەشی کاراکتەری شانۆییەکەیە کە کاری نواندن ئەنجام دەدات یان ئەو نموونەیەی کە مەبەستێتی لەناو وێنەیەکی نمایشی شانۆیدا پیشانی دەدات و دەیگێڕێتەوە، بەمەش دەڵێن کاراکتەری درامی و جیاوازە(جیایە) لەسەرجەم کاراکتەرەکانی تری وەك رۆمان و چیرۆك و بگرە ناو تابلۆی شێوەکاریش.

سیستەمە کەلتوورییەکان لە ئەنجامی کردەوەی بەدەست هێنان یان کامڵ بوون یان هێنانەدی بەردەوام بوونی نمایش تێکەڵ بە یەکتر دەبن لەگەڵ شوێن(شانۆو تەختەدا)، لە هەمان کاتدا ئەکتەرو بینەریش لەبەرهەمهێنان و وەرگرتنی مانادا بەشداردەبن و دەبێ پارێزگاریش لە هەردوو یەکێتی بکەن کە ناکرێ لێکیان جیابکەینەوە، هەر لێکیان جیاکردنەوە، هەر جیاکردنەوەیش سیستەمی شانۆیی ناهێڵێت و دەیگۆڕێت بۆ سیستەمی کەلتووری تر(وەك تۆمارکردنی کاری شانۆیی یان نمایشکردنی لەسەر کاسێتی سینەمایی و ڤیدیۆیی یان تۆمارکردن لەسەر کاسێتی دەنگی) یان وەرگرتنی بەشێك لە نمایشی شانۆییەکە یان وەرگرتنی کرۆکی نمایشەکەو هەروەکو دەقەکە بە گشتی حسابی بۆ بکرێت لەسەر ئەوەی کە یەکێتییە یان بنیاتی بنچینەی ئەو نمایشەیە کە بۆ راڤەو شیکردنەوەو بە تیۆری کردنی کاریان کردووە، بەبێ رەچاوکردنی ئەوەی کە شانۆ بەو کارە هەڵدەستێ و ئەکتەریش

www.pertwk.com

کرداری وەرگێڕان پێشکەش دەکات کە ئەویش بەرجەستەکردنە بۆ کرداری کاراکتەر یان ڕووداو, ئەوان لەو هەموو کارەی کە پێی هەڵساون لە بونیادە ئەدەبییەکەی تێپەڕی نەکردووە, چونکە لە چوارچێوەی سیستەمی ئەدەبیدا کاریان بۆ لێکۆڵینەوەی دەقی شانۆیی کردووە, نەك سیستەمی شانۆیی. سیستەمی کەلتوری شانۆیی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە شانۆ شێوەیەکی گوزارشتی و پەیوەندیکردنی گۆڕدراوە, ئینجا لەسەر ئاستی شێوەیان ناوەڕۆك دەبێ, بەپێی هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و گۆڕانکارییە مێژووییەکان بێت, چونکە ئەکتەرو بینەر بۆ تایبەتمەندێتییەکەی توخمە سەرەکییەکانی پێك دەهێنن.. هەروەها ئەرك و هۆیەکانی دەرکەوتنی و پێویستییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەوانیش جیاوازو گۆڕدراون و سەرچاوەو ئسوولەکانیش جیاوازو تێك چڕژاون.. شانۆ لە قۆناغە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا کامڵ و بەرز دەبێتەوەو, لە قۆناغەکانی تردا وون دەبێت یان دەپووکێتەوە بۆ ئەوەی لە قۆناغەکەدا, شێوەی پێشکەوتووتر بە خۆیەوە ببێنێت و بە توانای ئەزموونگەری تاقیگەرانە خۆی پیشان بدات و دیاریش بێت, یان بە پاکژکراوەی هەڵهێنجراو بمێنێتەوە, یان لە قۆناغی سێیەمدا, بە شارەزایی و ئەزموون و چالاکی و بڵاوبوونەوە دادەبەزێت, ئەمانەش هەمووی بەپێی گەشەکردنی کۆمەڵگە دەبێت. لەڕووی شارستانییەوە لە کۆمەڵگەیەکی سروشتییەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کە تیایدا, بیروبۆچوونی سیاسی و ئابووری دەورێکی گرنگ دەگێڕێت لەکاریگەری بوونی یان لەقەدەغەکردنی, هەروەها بۆچوونی کۆمەڵیش (دەزگای کۆمەڵایەتی) دەورێکی گرنگ لەبەرزکردنەوەی دەبینێت.. لەتەك ڕەفتاری کارکەران و لە خۆبردوویییان و هەوڵییان و توێژینەوەو ئەزموون و ئامانجە کۆمەڵایەتی و فیکری و مادی و پەروەردەییەکاندا, ئەمانەی کە لە سەرەوە باسمانکرد بە گشتی بەشداری لەسەرکەوتنی یان, دابەزینی ئاستەکەی دەکەن, چونکە دابەزینی ئاستەکەی و ئاوێتە بوونی

جۆرەکانی, یان داڕمانی هەندێکیان، کار لەبەردەوامی و بەخشین و کاریگەرییەکەی، یان چالاکیەکەی دەکات، بۆ نموونە(نزمی بابەت و شێوەو شێوازی پێشکەشکردنی کارە کۆمیدیەکان, یەکێك بووە لەهۆیەکانی قەدەغەکردنی شانۆ. هەروەها نزمی ڕەوشتی کارکەرانیش لەهەندێك قۆناغ و کۆمەڵگەدا بووەتە گۆشەگیرکردنی شانۆو نەهێشتنی و دژایەتی کردنی ئەرکەکەی, لەبەر ئەوەیە دەبینین کە شانۆ لە هەندێك کۆمەڵگەدا دیاردەیەکی کەلتووری یان ڕۆشنبیری پێك دەهێنێت و لە کۆمەڵگەیەکی تردا لە چالاکییەکی وەرزی(ئایینی یان کۆمەڵایەتی بێت) پێشان دەدرێت یان نمایش دەکرێت تێپەڕناکاو ون دەبێت بەبێ ئەوەی جێگایەکی دیار لەدوای خۆی بەجێبهێڵێت, یان بەشداری لە لایەنێکی ژیانی کەلتوری و ڕۆحی بکات, بگرە لە هەندێ قۆناغدا, لەوانەیە ببێتە سیفەتێك لە سیفەتەکانی, وەکو بە چالاکی کردنی یان کاریگەری کردنی گێڕانەوەکان و لاسایی کردنەوەی کەسان و ڕەفتارو جۆرێکی باو, یان دەکەوێتە چوارچێوەی چالاکی ئاهەنگی گشتی, چونکە هەندێك لە شێوە ئاهەنگیەکان بەشێك لە کاریگەری یان چالاکی شانۆو تایبەتمەندێتییەکەی وەردەگرێت. وشە یان زاراوەی شانۆ گشتییە, زیاتر لەوەی تایبەتی بێت هەر وەکو ئەوەی هەندێك کەس پێیان وایە, کەواتە شانۆش خاوەنی جۆرو ئاراستەو شێوازەکانی خۆیەتی, هەروەکو ئەوەی کە ژیانیش خاوەن بیرۆکەو ئاراستەو ململانێ و مەزهەب و ئەو جۆرانەیە کە ڕەنگدانەوەی ژیانن, یان خاوەن سەربەخۆیی خۆیەتی.. چونکە بە ئاشکرا دەبینین کە زۆربەی ئەو باوەڕو مەزهەبانەی بگرە ئەو لایەنەی کە لە ماوەییەکی مێژوویی دیاریکراویش قەدەغەی کردبوو, چاوی بەو بڕیارەدا خشاندەوەو پشتی پێ بەست و سوودیشی لێوەرگرت و زیرەکانەش بەکاری هێنا.. بەڵام کە شانۆ لەگەڵیدا کەوتە ململانێ بەدژایەتیکردن و ئابڵۆقەدان بەرەنگاری بووەوە. بۆیە دەبینین شانۆ بەدرێژایی کاروانە مێژوویییەکەی چەوساندنەوەو ڕاوەدونان و قەدەغەکردن و سانسۆری

چەشتووە, هەروەها ڕووبەڕووی ساختەیی و چەوساندنەوەو نزمبوونەوەش بووە.. یاخود زۆر ناو و ناوەتۆرەی تریشیان لێ ناوەو تەنانەت بە تێکدەری بەرپێگرو دەستەمۆ کراویش ناویان بردوون, ئەگەر نەیانتوانیبێت تۆمەتی فیکری و ئەخلاقی و ڕکابەری پێوە بلکێنن, بە مەبەستی کەمکردنەوەی کاریگەرییەکەی و لەناوبردنی ئەرکەکەی کە ناکۆکە لەگەڵ سروشتی سیستەمی سیاسی یان فەرهەنگی باو.

مێژووی شانۆ بریتییە لەو لوتکانەی کە بەدرێژایی ڕۆژگار پێك هاتوون و, قۆناغە تاریکەکانیش یەکسانە بە بەخشین لە قۆناغە داکشاوو نزم بووەکاندا, هەروەها شێوەی شانۆ شێوازو لاسایی کردنەوەو تەکنیکەکان لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی تر, لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر جیاوازییان هەیەو لەژێر خانی کۆمەڵیشدا, بەپێی قۆناغە گەشەکردووەکان جیایە... بەڵام زۆریش لەو بەش و توخمانەی کە بە هۆی ئەرك و ئامانجە نوێیەکان لە شێوەکانی داهاتوودا, دووبارە هێنراوەتەوە بەرهەم و سوودیان لێوەرگیراوە.. گەلێك فاکتەر هەن کە ڕۆڵی خۆیان دەبینین لە گۆڕینی ڕەوت و ڕێبازو شێوەو سروشتی شانۆو بگرە ئەرکەکەشی, کە مرۆڤ دەتوانێ خۆی لێ گێل بکات, بەڵام لەکاری شانۆییدا, هۆکاری یەکلاکەرەوەو گرنگی وەك(دەزگای شانۆ, تیپ, بەرهەم هێنان, بە بازاڕی کردن, سانسۆر, شوێن, کات, حاڵەت یان هەڵوێست) دەمێنێتەوە, بۆ نموونە داهاتی ماددی(پارە) بۆ شانۆ دیاری دەکریێ و گۆڕانیشی بەسەر دادێت و دەورێکی گرنگیش دەبینێت, لە دەرکەوتنی هەندێ دیاردە, ئەو دیاردانەش بەدەوری خۆیان, سیفاتی شانۆو ئەرکەکەی دەگۆڕن, چونکە هونەری شانۆ هەروەك بەرهەمەکانی تر بەرهەمەو شانبەشانی بەها هەستی و ڕۆحیەکەی سوودی ماددی و مەعنەویشی هەیەو حساباتی قازانج و زەرەرو سوودی ئابووری تیادا دەکرێت, جگە لەمەش حسابی بەهای کاری هونەری شانۆیی کەلتوری و شارستانی و مرۆڤایەتییە کەبەهۆی



کاملبوونی توخمەکان و قازانجە کۆمەڵایەتی و جوانکارییەکان دیاری دەکرێت و لەگەڵ ئەوەشدا, کاریگەریەکەیان لەناو کۆمەڵدا لەسەر ئاستی چێژو مەعریفەو شارەزایی و(پسپۆڕی ئەزموون بۆ بەجێ دەهێڵین, کە پێوانەی باشیەکەی لە میانەی لێکۆڵینەوە لە کارتێکردنی دەروونی و ڕۆحی لە بینەردا دەکرێت, کە ئەویش بەدەوری خۆی کاریگەریی دەبێت, لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان و کۆمەڵ لە رووی مەعنەوی و لەرووی(فیکری و کەلتووری)یەوە. لەبەر ئەوەیە کە دەوڵەت لە زۆربەی سیستەمە ئابوورییە جیاوازەکاندا, کار بۆ گرتنەخۆو دروستکردن و چاودێری کردنی دەکات بە ئامانجی رزگارکردنی لەو بەربەستە ئابوورییانەی کە کاری لە ڕەوتەکەی دەکەن, ئەمەش لە ڕێگەی دەزگاکانیان و لە میانەی هاندانی تاکە کەسەکان دەبێت, بۆ گرتنە خۆی ئەو شتانەیان لە میانەی پشتگیری کردنی کۆمەڵایەتی گشتییەوە دەبێت, لە ڕێگەی مەڵبەندە کارگێڕییەکانەوە..

چونکە بە پێچەوانەی ئەو شتانەی کە لە سەرەوە باسمان دەکرد, دەخرێتە ژێر داهاتی دارایی رووت, کە ئەویش پشت بە بلیت و ئەو نرخە دەبەستێت کە گونجاو بێت, بۆ ئەو توێژە کۆمەڵایەتییە دیارانەی کە توانای کڕینیان هەیە, بەمەش شانۆ پەیام و گوتارە کۆمەڵایەتی و مەعریفیە هەمەلایەنە گشتییەکەی لە نێو شانۆدا لەدەست دەدات و لە بازنەی بە بازاڕی بوونیش دا بە چێژو کات بەسەر بردن گەمارۆ دەدرێت و لەبەها جوانکاری و فیکریەکانیش بەدوور دەبێت.

## تایبەتمەندێتی شانۆ

هەر لێکۆڵەرێکی شانۆ لە کاتی لێکۆڵینەوەیدا, کێشەیەکی بنچینەیی کۆن بەرهەڵستی دەکات, ئەویش دیاریکردنی زاراوەیەکە لە کاتی نووسینی نوێدا, لەبارەی شانۆوە پشتی پێ دەبەستێت. بۆیە

www.pertwk.com

دەبینین(ئەرستۆو ئەفلاتون) لە میانەی لێکۆڵینەوەیاندا لە ڕەگەزە ئەدەبییەکان گەیشتنە ئەوەی کە شیعر بۆ شانۆو, شانۆش بۆ شیعر دەگەڕێتەوە, شیعریش نابێت کە ئەگەر لەو سێیانە (شانۆنامە, داستان, لیریك)ی نەبێت. لەمەشەوە ڕێگە تایبەتییەکانیان لەسەر پرەنسیپی(گێڕانەوە), یاخود ئەوەی پێی دەگوترێت(وێك چوون) ڕاوەستاوە, کە تیایدا پرەنسیپی ڕوون بۆ شیعر دیاری دەکەن, لەسەر ئەوەی کە هونەری گێڕانەوەیەو لە ڕێگەی کێش و زمان و مۆسیقاوە دەبێت و,(بریتییە لە یەکتر بڕینێکی نێوان زیادەیەك کە ڕاستەوخۆ بە توخمی نواندنی دەبەستێتەوە). کەواتە پرسیار لە شتی گێڕدراوە ئەوەیە: چی, وە لە ڕێگەی گێڕانەوەوە, (چۆن) بابەتی گێڕانەوە, یان گێڕدراوە لە کارە مرۆڤایەتییەکاندا, قەتیس دەبێت: یان بە دەربڕینێکی ووردتربوونەوەرە مرۆڤایەتیەکان بەدڵنیاییەوە کردارەکانی نمایش کردنەکەی سەرکەوتووە بەسەرماندا: (ئێمەی کۆمەڵانی خەڵك یان یەکسانە بە ئێمە, یان لە خوار ئێمەوەیەو بەشەکەی تریش کە(یەکسان بوون)ە لە (یاسا)دا جێگەیەك بۆ خۆ نادۆزێتەوە, لەبەر ئەوە بابەتی گێڕانەوە لەدژەکاردا قەتیس دەبێت: پاڵەوانە سەرکەوتووەکان پاڵەوانە ژێرکەوتووەکان, وە ڕێگای گێڕانەوە یان بە شێوازی گێڕانەوەی تەواو(بە مانا ئەفلاتونی) یەکەمیان بە پێشکەشکردنی کەسایەتییە لێهاتووەکان دەبێت, واتە پێشکەشکردنیان بە کردەوەو بە قسە پێکەوە(ئەمەش ئیمائەی ئەفلاتونیانەیە)و ناویشی نراوە(نواندنی دراما)ییانە. (بڕوانە- مدخل لجامع النص- ص25 و ماقبلها) لەوەتەی لێکۆڵینەوەمان لە تایبەتمەندێتی لای ئەرەستۆ کردووە, لەگەڵ توخمی شی کردنەوەو ڕاڤەکردنی دەق, گرفتی تازەمان بۆ دەرکەوت, سەبارەت بە ڕۆڵی نووسەر یان شاعیر, لەرەگەزی ئەدەبیدا کە لێکۆڵەران بە گشتی ناوی شانۆنامەیان بەسەردا سەپاندوە, (ئەرستۆ) ڕای وایە(کە شاعیر خۆی لە دیوی دابەشکردنی شانۆنامەکەیەوە حەشارداوە, هەر سەبارەت بەم



بابەتە(ئەفلاتون) ڕای وایە (کە شاعیر لە داڕشتنی دراماکەدا, بە ناوی تایبەتی خۆیەوە نادوێت, بەڵکو کاراکتەرەکان بە ناوی خۆیانەوە دەدوێن, یان ڕاستتر بڵێین شاعیر کاراکتەرەکانی دێنێتە گۆ... چونکە ئەو جیاوازییە بنەڕەتییەمان بۆ دەردەخات کە لە نێوان ڕێگای لاسایی کردنەوەو داڕشتنی لاسایی کردنەوەدا هەیە، بەشێوەیەکە کەهەردووکیان هەوڵ دەدەن جیاوازیی لەنێوان بابەتی گێڕدراوەو داڕشتنی گێردراوەدا بکەن. وە بەڕای ئەرەستۆ, هۆیەکانی لاسایی کردنەوە لە(جووڵەو قسە) پێکهاتووە, لەبەر ئەوەیە کە بەیەکتر گەیشتنی ئەو جۆرانە لە داڕشتن و بابەت و هۆیەکاندا, چەندین ئیمکانیاتمان بۆ دەردەخات, لەوانەش:

1. کاری کەسێتیە بەسەرکەوتووەکان و کردارەکانیان بگێڕێتەوەیان نمایش بکات.
2. کاری کەسێتییە دۆڕاوەکان و کردارەکانیان بگێڕتەوە یان نمایش بکات.

ئەرەستۆ لەم دووخاڵەدا , جیاوازیی لە نێوان مەرگەسات و بەزمەساتدا دیاری کرد, هەروەکو چۆن جیاوازی لە نێوان داستان و شیعری گاڵتە ئامێزدا دیاریکردبوو, دوای ئەرەستۆ دێینە سەر(کێرئیلام) کە لە کتێبەکەیدا(سیمیا لە دراماو شانۆ)دا بەم شێوەیە باس لە زاراوەی شانۆ دەکات و لەهەمان کاتدا دەکرێت بە تازەترین زاراوەی دابنێین(لێرەدا مەبەستی لە شانۆ ئەوەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی, یان ئاوێتەبوونی دیاردەیەك کە بەشداری لە مامەڵەی نێوان ئەکتەر- بینەردا بکات, واتە لەبەرهەمهێنانی ماناو گەیاندنی بە هۆی نمایش و ئەو هەماهەنگییەی کە بنەمایەك پێك دەهێنێت, ئەمە لەلایەك, لەلایەکی تریشەوە مەبەستمان لە وشەی(دراما) جۆرێکە لە خەیاڵ کردن (التخیل) کە بۆ نواندنی شانۆیی ڕەسم کراوەو لەسەر بنچینەی ڕێکەوتنە تایبەتیە درامایەکانیش بنیات نراوە, لەو حاڵەتەدا ئاکاری شانۆییش بەشێوەیەکی تر بەرتەسك دەبێتەوە لەوەی کە لەنێوان

www.pertwk.com

ئەکتەرو بینەران روودەدات, لەکاتێکدا کە ئاکاری(دراما)ییانە لەگەڵیدا ئامـاژە بەڕایـەڵێك لـە هۆکارەکـان دەکـات کـە بـە خـەیاڵی نمایشـکراوی ئەکتـەری دەبەسـتێتەوە, ئەمـەش بـەو مانایـە نییـە کـە بەهـەمان شـێوە جیاوازییەکی رەها, لەنێوان دوو جەستەدا, هەبێت, چونکە هەریەکەیان ئـەویتریان دەگۆڕێـت, ئەگـەر لەبـەر ئـەوەش بووبێـت کـە بـەلانی کەمـەوە نمایشەکە تەقلیدیەو بۆ نواندنی بە خەیاڵاویکردنی دراماییانە تـەرخان دەکرێـت, بـە واتایـەکی تـر ئاسـتەکانی جیـاوازن بـۆ دیاردەیـەکی رۆشـنبیری, سـەبارەت بـە مەبەسـتەکانی شـیکردنەوە. (کێـرئیلام. ) لـە کۆتاییشدا بۆ دیاری کردنی زاراوە دەگەڕێینەوە بۆ بایەتی(من أطروحة فى المسـرح العراقـى القـديم) کـە لـەوەوە دەسـت پێدەکـەین‌و لـە هـەمان کاتیشدا, دەروازەیەکیش بـووە بـۆ لێکۆڵێنـەوە لـە رەوشـی شـانۆ, کاتـێ کەویستمان شانۆ هەڵبەسەنگێنین لەسەرمانە کە لـە ئەرکـە نـەگۆڕەکان‌و چۆنیەتی دەرکەوتنیان لە کاتی(پێکهاتن‌و گەشەکردن‌و کامڵ بوون)دا, دەسـت پـێ بکـەین کـە بـە(پێکهاتـەی کۆمەڵایـەتی– ئـابووری) یـان بـە شێوازی بەرهەمهێنانی باوەوە, پەیوەست دەبێت, چونکە شانۆ خاوەن ئەرك‌و رووالەتێکەو لە پێکهاتەیەکی تایبەتی کۆمەڵایـەتی. ئابوورییە, بە ناچاریش چاودێریی بەردەوامی دەکەن.. وە کاتێ کە باس لـە شانۆ دەکەین, دەبێ ئەوە بزانین کەوشەی شانۆ مانای چییە..(نمایشێکەو بۆ ژیانی مرۆڤایەتی) هاوبەش‌و پەیوەندییە بەیەکەوە بەستراوەکانی نێوان (تـاك‌و کۆمـەڵ) دانـدراوە, لەلایـەکی تـریش لـە نێـوان (تـاك‌و واقیعـی بابەتیانە) داندراوە, یاخود هەروەکو ئەو (تاك)ەی کە لە گەوهەری شتدا وێنـــای دەکـــات. شـــانۆ چـــەندین هـــۆی جۆراوجـــۆری هەیـــە کـــە پەیوەندییـەکان‌و رەوشـەکان)ی مرۆڤـی زینـدوو نمـایش دەکـات, لـە میانـــەی ئەوەشـــدا(کارەکتـــەریش) پێشـــکەش دەکـــات, وە ئـــەو نمایشـــەش(لەچوارچـــێوەیەکی جـــوگرافی نـــەگۆڕ)و لـــە(کـــاتێکی دیاریکراو)و(لەپێ کۆمەڵێك خەڵکی نەگۆڕ) دەبێت, کاریگـەریش لەسـەر ئـەو کۆمەڵـە, رێژەییـە یـان جیـاوازە, لێـرەدا مسـۆگەر بـوونی گـەیاندنی



کـرداره کەسـێتییە پێشـکەش کراوەکانمـان بـۆ روون دەبێتـەوە, بـە گـوێرەی ئـەو چـەمکەش بێـت نـەك ئـەو شـێوەیەی لـە(پێکهاتـەی کۆمەڵایـــەتی)دا ناســـراوە لێـــی دەکۆڵینـــەوە, بـــەڵکو لەســـەرجەم چالاکییەکانی(هونەری) دەکۆڵێتەوە..

کەواتـــە بـــۆ لێکۆڵینـــەوە لـــە شـــانۆ, ناکرێـــت لـــە ئاســـت لێکۆڵینەوەی(دەقی نووسراو) دا بوەستین, بەڵکو پێویست بەوە دەکات کە بەکاملی لە پرۆسەکە بکۆڵینەوە, لەوانەش(نمایشی پێشکەش کراو, دەرهێنانی‌و وردەکارییەکانی دیکە..) چونکە لێکۆڵینەوە تەنها لە دەق, ئەگـەر بێـت وبەشـێکی جەوهـەریش بێـت لـە نمایشـکردنی رەنگـە بـە شێوەیەکی کامڵ بێت‌و گشت سیما سەرەکییەکانی هـەر کۆمەڵگەیـەك هەڵبگرێت, بگرە نمایشی شانۆیی خۆیشی بۆ پێشکەوتنی بەردەوام مـل کـەچ دەبێـت.. بۆیـە لەسـەرمانە, مێـژووی شـانۆیی بـە گشـتی‌و پرۆسەی هونەرییانەو ئەوانەی کە پەیوەندییان بە توخمەکانی نمایشی شـــانۆوە هەیـــە, لێکۆڵینـــەوەو توێژینـــەوەیان لـــەبارەوە بکـــەین, لەوانەش(جەماوەر), واتە لێکۆڵینـەوە لـە شانۆ, بەڕەچاوکردنی ئەوەی کـە(بەرهەمـە بـۆ هونـەر)وە لەسـەر ئـەوەش کـە(کـارێکی هونەرییـە)و (شوێنێکیشـە بۆ وەرگرتنـی هونـەر), ئەمانـە هـەمووی لـەژێر رۆشـنایی گەشـــەکردنی مێژوویـــدا دەبێـــت, چـــونکە ئامـــادەبوونی شـــانۆیی هەماهەنگیەکی زیندوانە پێکدەهێنێت(بڕوانە–(د. عونی کرومی– من أطروحـة فى المسرح العراقى القديم). لەبـەر ئەوەیـە دەبیـنین, نوانـدنی کـردارو جوولـە ئۆرگانییەکـەی لەسـەر شـانۆ, گەوهـەری شـانۆ پێـك دەهێنێت‌و رووداوی دراماییش بینادەکاو توخمی رۆحی‌و ماددیش بۆ هـەر شـانۆیەك دادەنێـت, چـونکە نمایشـی شـانۆیی وێنـەی بـوونی مرۆڤایـــەتی دەســـتەبەر دەکـــات‌و, هاوکـــاری مرۆڤانـــەش لـــەبارەی خەمـەکان‌و نیگـەرانی لـە نێـوان مرۆڤدا دەخولقێنێت.. سـەرەڕای ئەمـە نهێنی شانۆش لەوەدایە کەبەهای جوانکارییانەی خۆی هەیەو لەرووی کۆمەڵایەتیشـەوە گوزارشـتی لێ دەکـات.. جگـە لەمانـە شـانۆ خـۆی لـە

خۆیدا, کۆمەڵێك جەڤەنگو نیشانو دەلالەتەو هاوسەنگی تاك لەگەڵ کۆمەڵدا, لە ساتی دەرەوەی کاتو شوێندا, بەرجەستە دەکات.



## ئەرکی شانۆ

شانۆ باوەڕی مانەوەو بوونو گەشەکردن بە مرۆڤ دەبەخشێت, وێڕای ئەمە توانای بژاردنەوەی ئەو شتانەشی پێدەدات کە لە واقیعی هاوچەرخدا, ونی کردووە. لەبەر ئەوەی شانۆ ئەو دیاردە ونبووانە پێشکەش دەکات کە بەردەوامی بوونی مرۆڤی بینەر پێکدەهێنێت یان بژاردنەوەی ئەوەی کە بە حوکمی نەشونماکردن, لەسەر ئاستی بوون(الوجود) ونی کردبوو کە لە منداڵیەوە بەرجەستە کراوە, یاخود بژاردنەوەی ئەوەی کە مرۆڤ لەناو کۆمەڵدا ونی کردووە لە ماوەی قۆناغەکانی گواستنەوەو ئەو گۆڕانانەی کە ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە, لەسەر بنچینەی بەرهەم هێنانو ژینگە, لەبەر ئەوەی شانۆ مێژووی قارەمانێتی تاکەکەس(مرۆڤ) دووبارە دەکاتەوە, لە ململانێی لەگەڵ سروشتو کۆمەڵو خودی خۆی, لە هەمان کاتدا, کار بۆ یەکتر گەیاندنی قۆناغەکانی ژیان دەکات(ئێمە ناتوانین سەرنجی خەڵك بۆلای خۆی رابکێشین گەر درامای بە کردەوەی خۆیانمان لە پێشیاندا نەنواند, ئەگەر دیمەنێکی شانۆییان بە هەموو دینامیکیەتەکەیەوە پێشکەش نەکەین لە سستیش رزگاریان ناکەین پرۆسەی خولقاندنی درامای هەرەمەکی, لەوانەش وێنەی"دەوڵەمەندکردنی, وەکو بڵێی گەلالەکردنی ئەو وێنانەیە کە مرۆڤ لە خودی خۆیو خەڵکی تردا چاوەڕوانی دەکات, وێنەیەکە بۆچوونی مرۆڤایەتی تاك دیاری دەکات..



مرۆڤ خۆی لەگەڵ شانۆو بە کۆمەڵایەتی کردنەکەی دەگونجێنێت, (جان دۆڤینو) دەڵێت(فردریك شیلەر) رای وایە, یان وای بۆچووەو دەڵێت(مەرگەساتی گریکەکان کە بوونە زادەو پێکهێنانو بنیاتنانی مرۆڤی گریکی یان یۆنانی کۆن). (جان دۆڤینو– ل11). شانۆ هەر وەکو(هنری گوپییە) دەڵێت: (ناسنامە بۆ بوونەوەر یان خودی بوونەوەر دەدۆزێتەوە, ئەو ناسنامەیەش خۆشیمان تەواو دەکاو نموونەی بەرزتری پێ دەبەخشێتو, ئەو ئەرکەش زیاتر بەسەردا دەسەپێنێت کە لە خودی خۆی تێپەڕی کردووە). (بڕوانە– مستل من سوسیولوجیة المسرح– ل46). شانۆ بە بەردەوامی ئەو گرفتە ئەخلاقیانە پێشکەش دەکات, ئێمە ناچارین بڕیار لەسەربوونی بدەینو, نمایش کردنیشیان شێوەی تازەی جۆراو جۆری لە خۆگرتووە.. پێویستە نمایشی شانۆیی لەناخماندا, ترسو پەرۆشی یان بەزەیی بورژێنێ, هەر وەکو چۆن ئارەزووی خۆشیو بیرکردنەوە دەمان وروژێنێت.



## دەروازەیەك بۆ گوتاری شانۆیی

سەرەڕای کۆنی مێژووی هونەری شانۆو قۆناغەکانی دەرکەوتنی لە کۆمەڵگەو گەشەسەندنو پەرەسەندنی, بەپێی پەرەسەندنی پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکەی تا دەگاتە رۆژگاری ئەمڕۆیان هونەرێکەو نەگەیشتۆتە قۆناغی زانستە مرۆڤایەتییەکانی تر, وە ئەوەی کە شانۆکارانیش لە بەهای هەڵێنجراو بۆیان جێهێشتووین شتێکی بەرچاو لە پرۆسەی گەشەکردن, پێك ناهێنێت یان پەلەناکات, هەروەها پرۆسەی ئاشکراکردنی ئەو بونیادەی لە خۆی گرتووەو لە هەمان کاتیشدا شی بکەینەوەو تاقی بکەینەوە پێوانەی بەزانستەکانی تر هێشتا ماوەتەوەو لەسەرخۆ دەڕوات بەڕێوە.. ئەوەی کە لە سەدەی بیستەمدا,

دەرهاویشتەی ئەزموونە شانۆییەکان بووەو, ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئاسایی بووە سەرەڕای گەورەیی ئەو ئەزموونانەی کە بۆ هونەری شانۆ پێشکەش کراون و لە هەمان کاتدا گەشەیان کردووە لەسەر دەستی "ستانسلاڤسکی و مایرهۆلدو فاختانکۆڤ و بیسکاتۆرو برێخت و ماکس ڕانیهارت), کە بە(ئەنتیوان ئارتۆ) دا گوزەر دەکا تا گەیشتن بە شانۆی میللی هاوچەرخ و کۆتایی هاتنیش بە ئەزموونەکانی(گرۆتۆفسکی و پیتەر برووك و شاگردەکانیان). بۆیە دەبینین کە گوتاری شانۆیی تەواو نابێ یان لە تەواو بوون نایەت و ناشگۆڕدرێت بۆ پێویستییەکی بەپەلە, مەگەر لە لێکۆڵینەوەی شانۆو ڕەوشە مەعریفیەکەی بووبێتە شانبەشانی بەرهەمهێنانی مانا لە شانۆ(سیمیاگەری شانۆ) هەروەها لێکۆڵینەوەکانی پێشووتریش, لە بواری سۆسیۆلۆژیی شانۆدا, کە هەر هەموویان جەخت لەسەر مرۆڤ دەکەنەوە وەك خودو بابەت لە میانەی کارکردنی و چالاکیەکەی, کە لە بابەتکردنی شانۆدا وەك بنەما دەمێنێتەوە. وشەی گوتاری شانۆیی ڕەوایەتی خۆی لە سروشتی وێناکردنی ئەو ماددەیە وەردەگرێت کە چارەسەری دەکات و لەو ڕەوتەش کە تیایەتی. چونکە گوتاری شانۆیی لە خودی خۆیدا ڕووەو بەدەست هێنانی سروشتی هەمەلایەنەیە کە لە میانەیدا داڕشتنی بەش بەشانە تێپەڕ بكات, بۆ لێکۆڵینەوە لەو شانۆیەی کە لە سنووری دەق و نمایشی شانۆییدا دەوەستێت, بۆ ئەوەی بە ئاسانی هەوڵی شیکردنەوەی بدات نەك لە تیڕوانینێکی هەمەلایەنەوە دەست پێ بکات, گوتاری شانۆیی بەو ئاراستەیەیەکە ببێتە ڕێگایەك بۆ کارپێکردنی تەکنیکی(میتۆدیانە بێت بۆ شیکارکردنی زانستی وەك پێوەرێکی ڕەخنەیی و شێوازگەرییانە بێت وەك پێوەرێکی پراکتیکی) بەبێ پشت بەستن لەسەر دەست بەسەرداگرتووەکانی پێشترو پێوانە هەمیشەییەکانی کە بەهێز بوونی خۆی لە بونیادی ئایدۆلۆژی داخراوی(ئایدیالی)دا وەردەگرێت, بەڵکو(گوتار)یش بە شێوازو میتۆد دادەنێت, ئەوانە تەنها ئەگەرن بۆ



تاقی کردنەوەیەك کە ملکەچی ڕاست کردنەوە بێت لەسەر بەخششەکانی بۆ پێشکەوتنی زانستیش کراوە بێت کەوای لێدەکات پێکهاتەیەکی تەواو کراو بێت و لە بۆشاییەکی ئایدیالیستانەدا پێك نەیەت.. بەڵکو گوتارێکی شانۆیەو لەسەر گوتاری دەقی شانۆیی بە نمایشی شانۆیی نمایش دەکرێت یان بریتییە لە نمایشی شانۆیی و, واتە گوتار دۆزەرەوەی نمایشی شانۆیی هاوتەریبە بۆی و یەکگرتووشە لەگەڵی و, گوتاری شانۆییش لەگەڵ چەند جۆرێك بە یەکتر دەگاو چەمکەکەشی لەسەر بنچینەکەیان بینادەکات.. بۆیە پێویستە لەسەرمان, چەمکی گوتاری شانۆیی بەشێوەیەکی هەمەلایەنە وەربگرین, لە پێناو گەیشتن بە پێناسەو دیاری کردنی وردی گوتاری شانۆیی.

گوتار بە گشتی چەندین جۆری هەیەو زۆرکەسیش هەوڵیانداوە گوتاری تایبەتی بدۆزنەوە بۆ هێنانەدی ئەو میتۆدەی مەبەستیانە. یەکەم دابەش کردنیش کە لە جۆرەکانی گوتار بەرەو ڕوومان دەبێتەوە, گوتاری ئینسانی و گوتاری قسەیە(ئەوەی کە لێرەدا دەکرێ لە ڕووی مەبدەئیەوە مرۆڤ تێبینی بكات, جیاوازی ئەرکەکانە کە لەو دوو گوتارەوە دێتەدی, هەر ئەو جیاوازییەشە کە لێکیان دەکاتەوە.. لەسەر ئەو بنەمایە دەکرێت گوتاری ئینسانی بە گوتاری گەیەنەر لە قەڵەم بدەین, لەهەمان کات گوتاری قسە بە گوتاری شێوازگەرایی, یان داهێنەرانە لە قەڵەم بدەین(بڕوانە"منذر عیاشی" ل114), نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت کە هەموو گوتارێك بە شێوەیەکی گشتی ئینسانیە, کەواتە گوتاری شانۆیی لەو زاراوەیەدا خۆی دەبینێتەوەو دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو ئاراستەیەوە...

گەر ویستمان بە شێوەیەکی گشتی گوتار پێناسە بکەین, ئەوا دەتوانین بڵێن(دەلالی)یەو ئامانجەکانیشی گەیاندنەو لە هەمان کاتدا فرە کەرەستەیشە بەڵام ئەوە ناتوانێت ببهێنێتەدی بەبێ ڕێکەوتنی ئەو کۆمەڵە مرۆڤایەتیانەی کە پابەندە پێوەی, ئاسایی بوونەکەشی ئەگەر

www.pertwk.com

بێتو کۆمەڵایەتیانە بوو سانسۆری بەکۆمەڵ نواندنەکەی و مانای بەکارهاتوو تیایدا دیاری دەکات، ئەمەش بەو مانایە دێت کەسانسۆری کۆمەڵ تەنها جۆری ئاماژەی بەکار هاتووانەی(واتە کەرەستەی) تیادا دەست نیشان ناکات, بەڵکو خۆی مانای ئەو دەلالەیە دیاری دەکات کە هەڵگری ئاماژەیە, لەبەر ئەوەیە کە گوتار لەسەر دوو پێکهاتەی بنچینەیی دەبێت, گەیاندن لەلایەك و لەلایەکی تریش گوزارشتەکان(الأخبار) وە ئەو مرۆڤەی کە گوتار بە کاردەهێنێت بۆ هێنانەدی بوونی کۆمەلایەتی و چالاکی مرۆڤایەتی, چونکە بە هۆی گوتارەوە گوزارشت لە پابەندبوونی خۆی بە واقع و ڕووداوەوە دەردەبڕێت.

## گرنگی گوتاری شانۆیی

گرنگی گوتاری شانۆیی لەوەدایە کە نمایشی شانۆیی بگەیەنێتە دەرەوەی ئەرکە سوودمەندەکانی, شانۆش لە دەرەوەی سانسۆرو گێڕانەوەو باوەڕهێنان دەبێت, لە هەمان کاتدا بە دووربێت لە ڕاستەوخۆ بوون و کەوتنە تەڵەی دەزگاییەکان شانبەشانی ئەوەی کە هەوڵی شێلگێڕانە بدرێت بۆ بەرزکردنەوەی کاری شانۆیی لە ڕووی فیکری و جوانکاریەوەو رزگارکردنی لە هەموو شێوەیەکی داپلۆسینی ئەو دەسەلاتەی کە سنوور بۆ سەربەستی هونەرمەند دادەنێت لە گوزارشت کردندا, هەروەها نابێ بکەوینە ساکاری و رووکەشی و گاڵتەجاڕییەوە, وە لە پێناو هێنانەدی بەرزترین پلەی باوەڕهێنان و بەڵگە هێنانەوەو گەیاندنی فیکرەکان, پێویستە بەدوور بێت لە بەراوردکردنی ساکارانەو یان بگۆڕدرێت بۆ زوڕناژەنێکی ڕاگەیاندن. یان شانۆ بکات بە گاڵتەجاڕییەکی نزم و چالاکییەکی فیکریانەی نەبێت, یان کار بۆ سوود لێوەرگرتنی بکات, وەك هۆیەك لە هۆیەکانی کات کوشتن و رابواردن و چێژوەرگرتن و هەناسە پیاهێنانەوەو شۆردنەوەی مێشك.



## پێناسەی گوتاری شانۆیی

گوتاری شانۆیی ئەو سیستەمەیە کە هەوڵ دەدات بابەتیانە بیرۆکەیەکی دیاریکراو پێشکەش بکات, ئەم بیرۆکەیەش گوزارشت لە باوەڕو دیدی جیهانبینی دەکات بۆ مرۆڤو ژیان.. و پشت بەوە دەبەستێ کە بە کەرەستە هونەریەکانی رازی بوون دروست بکات کە ئەویش لە خۆیدا هەست و هەڵچوون و سۆزەکانی بینەر تەرخان دەکات, لەتەك وروژاندنی عەقڵیشی بە ئامانجی دروستکردنی هاوسەنگی و پێشکەوتنی هۆشیاری و پەیبردن. گوتاری شانۆیی ئەو کارە شانۆییەیە کە بە مەبەستی باوەڕهێنان بە فیکرەکانی بەدەست هاتووە بە هۆی شێوازو بەهای هونەری و قووڵایی دەلالەتەکانی, وە گوتاری شانۆیی کۆمەڵەیەکی یەکگرتووەیەکانگیرەو گوتاری ئەدەبی و رەوانبێژی گوتار دەگرێتەوە لە ڕێگەی دایەلۆگ و گوتاری سیاسییەوەو لە میانەی بیرۆکەو گوتار, لە میانەی باری شانۆیی و کاراکتەردا, وە دەلالی بێت لە میانەی جووڵەو ئامارژەو تیل نیشان و پێك هاتەکانی نمایشی شانۆییدا, گوتاری ئاهەنگی بێت لە میانەی چالاکیداو گوتاری درامایش بێت لە ماوەی ساتی ئامادەبوونی درامایی بۆ کردار, گوتاری

www.pertwk.com

شانۆیی کۆمەڵێك هۆیە کەوا لە پەیبردنی نمایشی شانۆیی دەکات کارێکی شیاو بێتو لەسەر مانای بەرهەم هێنراویش دەوەستێت کە ئەمیش کۆمەڵێك پەیوەندیی دامەزراوە لە نمایشی شانۆییداو, هەڵدەستێت بەڕاڤەکردنو پێشکەش کردنی شێوە کۆمەلایەتیە گۆڕاوو جولاوەکان, کە ئەویش لەلای خۆیەوە سیستەمو مۆتیڤەکان دیاری دەکاو لە چەمکی گێڕانەوەشدا دەیگوازرێتەوە, بۆ چەمکی نامۆبوونو لەسەر چەند ئاستێکیش دەبێت,

1. دۆزینەوەی نیشانەو ماناکەی.
2. هەڵبژاردنی نیشانە.
3. گوزارشت کردن بە هۆی نیشانە(تاقیکردنەوەو گوزارشت کردن).
4. دەلالەی نیشانە.
5. نیشانەی مل کەچی ماناکەی بێت بە ئامانجی بەرهەمهێنانی.

واتە گوتاری شانۆیی ئامانجی ئەوەیە کە داهێنانی شانۆییو تەکنیکەکەی بناسێتو مانایەکی تاکیش بگەیەنێت کە بنچینەییەو زیادیشە لە حاڵەتی پەیبردندا.. چونکە لەوانەیە نمایشی شانۆیی شتە باوەکان پێشکەش بکاو تایبەتەمەندێتییەکەشی بهێنێتەدی, بەلاّم ئەو گوتارە شانۆییەی کە لە پاش نمایشی شانۆییەوە لە دایك دەبێت, هەوڵ دەدات ماوەی وەرگرتنو هەست پێکردن لە نمایشی شانۆییدا فراوانتر بکات, ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە شانۆ خاوەن ئامانجی کۆمەلاّیەتییە.. چونکە تەنیا شوێنەکە گوتارەکەی تیادا ئاراستە دەکات, لە پێناو دۆزینەوەی رێگەی نوێ بۆ تێگەیشتنو پەیبردنی ئەوەی کە لە جیهان روو دەدات.. چونکە ئامانجی هونەر, گواستنەوەی هەستەکانە بەو شتانەی کە پەیان پێبراوە, نەك ئەوەی کە زانراوە, گوتار بە ئەرکێکی ژیرانە هەڵدەستێ بۆ کاری شانۆیی, واتە وا لە بینەری تاك بکات کە مرۆڤەو هەست بە شتەکان دەکاتو پەیشیان پێدەبات, واتە بەپێی تایبەتمەندییەکانی واقع رەفتار بکات, نەك زانینی خۆی کە هەیەتی یان لەسەری راهاتووە, واتە گواستنەوەی



هەستەکانی بەو شتانەی کە پەیان پێبراوە, نەك ئەوەی کە زانراوە, کەوا بێ گوتاری شانۆییەکە شانۆ بەرزدەکاتەوە, چونکە لە خودی خۆیدا شانۆیەکی ناواقیعییەو(ایهامی)و ئەو باوەڕانەی تیادا دەمێنێتەوە کە باوەڕەکانی رۆژانە پەردەپۆش کراون, هەر وەکو ئەوە وایە کە بەبێ کرداری پەیبردنو گۆڕان بێت کە کرداری بیرکردنەوەی دەتەقێنێتەوە(زەوتکردن– استلاب)ی. دیاردە لە قەوارەی بوونی خۆیو نامۆکردنیدا), وە تەکنیکی گوتاری شانۆییش ناباوکردنی شتەکانو بەزەحمەتکردنی شێوەکانە, بە ئامانجی توندکردنی سەختی وەرگرتن(الاستیعاب)و فراوانکردنی ماوەکەیو کردنی هەر هەڵوێستێك یان شتێك یاخود کەسێك یان بیرۆکەیەك بەناباوی(غیر مألوف), مانای وایە بە شێوەی جیاواز شتەکان ببینین, واتە تەبانەبوونی بینەر لەگەڵ شتدا.. بەواتایەکی تر خولقاندنی پرەنسیپی دژایەتیکردنی دوالیزمیانەی(أی خلق مبدأ التعارض الثنائی) باو ناباو.. رووبەڕوو بوونەوەی بەرامبەرەکانو جووڵەی خودی(ڕوو بەڕووبوونەوەی بەرامبەر دژ بە جووڵەی خودییە, واتە مانای وایە, ناجووڵەیی خودییە لە هەر کردارێکدا, هەر کاتەی کردارێك لە رووی خودییەوە بە وێنەیەکی بە هێزتر جووڵەی کرد, بە هۆشیارییەکی بێ هێزتر بەدەست دێت, هەر چەندە بە دڵنیاییەوە پێشکەش کرا, ئەوا بە هۆشمەندییەکی گەورەتر پەی پێ دەبرێت) (التقریب) ل7 پێویستە بینەر زیاتر هۆگری نمایشی شانۆیی بێت, بۆ ئەوەی چێژ لەوە ببینێت کە ئەکتەر پێشکەشی دەکات, چونکە گوتاری شانۆیی, بینەر بۆ پێشوازی کردن لە نمایشی شانۆیی کامڵ لەگەڵ کرداری ئەکتەردا ئامادە دەکات.. لەبەر ئەوەی کردارێکی کۆمەلاّیەتییە, بەلاّم گوتار ئەنجامێکەو وا لە بینەر دەکات کە توانای ناسینی نمایشی بەرزو پێوانەی هونەریو کۆمەلاّیەتیەکەی هەبێت. لێرەدا دەکرێ گوتاری شانۆیی بکەین بەدوو بەشی سەرەکی:

1ــ دروســـتكردنی یـــان خوڵقانـــدنی لایـــەنی ئیســـتاتیكی یـــان جوانكاری(واتە بەدەست هێنانی كردەی هونەرییانەی شت).

2ــ خوڵقانـدنی یـان دروسـتكردنی كردەوەیـەكی جـێگیرو تـەواوی عەقڵیانە(واتە بیركردنەوە).

چێژی شانۆیی كە بەرزترین پلەكانی بیركردنەوەیە, جاری یەكەم بە هۆی دروست بـوونی رەهەنـدی ئیستاتیكیەوەو جاری دووەمـیش بـە هۆی كردەی بیركردنەوە دێتەدی, بینینی واقع شتێكەو جیاكردنەوەو دیاربوونی بزاڤو دیالەكتیكەكەی شتێكی ترە, هەندێ شانۆكار تـەنها گرنگـــی بەرەهەنـــدی جوانكـــاری دەداو لـــەو حاڵەتـــە دەكەوێتـــە شـێوازخوازییەوە, ئـەویتریان لەلایـەنی كـردار بـەس دەبـێ و كارەكـەی دەچێتە ریزی فێكردنی و پروپاگەندەی ئایدۆلۆژییەوە.. بەڵام گرنگ و گرنگتریش بۆ هێنانەدی گوتاری شانۆیی ئەوەیە كە بگات بە قۆناغی هاوجووت بوون(التطابق) كە تیایدا پێوانەی كۆمەڵایەتی بە هونـەری شـانۆ دەبەخشـێت, بـەم جـۆرە كرداری گەیەنـەر(الوسـط), لـە نێـوان داهێنەرو كۆمەڵدا دێتەدی.

گوتاری شانۆیی نوێنەرایەتی كامڵ بوونو یەكێتی نمایش دەكات, یـان بریتییـە لـە كـامڵ بـوونو یـەكێتی نمـایش, هـەروەها چاكی و رزگـاربوونو بەرزكردنەوەیـەتی, نـەك بـۆ ئـەوە بەهایـەی كـە دەیـەوێ بەرجەسـتەی بكات, یان ئەو تەكنیكیە ئیستاكییەی كـە بە هۆییەوە نمایشی شانۆیی بەدەردەكەوێت.

گوتاری شانۆیی بەبێ ئازادیو دیموكراسی و عەدالـەتو مافەكانی مـرۆڤو شـوێنو دەزگـای شـانۆیی و بەرنامـەی فەرهـەنگی گەشـە ناكـاو كـامڵیش نابێـت, چـونكە سەربەسـتی و دیموكراسـی(وەك فیكـرو پـەیرەوكردن) دەسـتەبەر نـابن, تـەنیا بـە بـوونی ئـەو دەزگـاو یاسـایانە نـەبێت كـە دەیانپـارێزێ و دایاندەرێـژێ و كـاریش لەسـەر فراوانكـردنو بڵاوكردنـەوەیان دەكـات.. بـەڵام نـەبووە بـە هونەرمەنـد بڵـێ ئـەوە دیموكراسی و سەربەستی بۆ تۆ, بەبێ دابینكردنی هۆیـەكانی دووبارە



ئەفراندنی بیرۆكەو بەرهەمو كار, چونكە هەر شانۆكارێك بەبێ تەختەی شانۆو تیپو ئیمكانیاتی ماددیو هونەری, ناتوانێت فیكرەكەی خۆی دەستەبەر بكات یان بیژێنێتەوە. چونكە شانۆ لە فیكری هونەرمەندەوە دەست پێدەكاو كاریش بۆ بەرجەستەكردنی واقعەكەی دەكات.

ئەگـەر فیكـر دەور ببینـێ و گوتـاریش تێروانینێك دابرێـژێت, بۆمـان هەیـــە بڵـــێین كـــە زۆربـــەی شـــانۆكارەكان خـــەون بەسەربەســـتی و دیموكراسییەوە دەبینن و هەوڵیشی بۆ دەدەن, هەوڵ بۆ كاتو شوێنی یاساو دادوەری دەدەن, لەگەڵ سیستەمێك كە سەربەستی داهێنانیان بۆ دەستەبەر بكاو بەشداریش لە بلاوبوونەوەو بلاوكردنەوەش بكات.

خەون بە كۆمەڵگایەكی مەدەنیو پێشكەتوخواز دەبینن كە یەكسانیو عەدالـەت نـەك هـەر لـە نێـوان هـەر دوو رەگـەزی مرۆڤـدا هـەبێت بـەڵكو لەنێوان دەزگاو تاكیشدا هەبێت. شانۆكارەكان بەو ئاواتەوەن كە چەند كـارێكی داهێنەرانـە پێشـكەش بكـەن, ئـەم كارانـەش هـەڵقوڵاوی واقعـەكانیان بێـت, بـە مـەرجێك كـەمیللەتـەكانیان چـێژی لێـوەرگرنو كاریگەریشی لەسەر تەوژمی یان رەوتـی گەشەكردنو پێشكەوتنەكەی هـەبێت.. خـەون بـە كەسـایەتیەكی نیشـتیمانپەروەرو دەسـتكەوتی نەتـەوەیی و رەوشـتی مرۆڤایەتیـەوە دەبیـنن.. هـەروەها پـێ لەسـەر هاوكـاری دادەگـرن. وەكـو قۆناغێـك بـۆ سـەرپاكردنی كۆمەڵگایـەكی یـەككگرتوو.. وەكـو گـەورەكان مـژدەی خۆشـی و بەختـەوەری دەدەن بە منداڵان.. هەوڵ بۆ ژینگەیەكی پاكو خاوێن بدەن كە لەسەر بنچینەی رێـزی مـرۆڤ, بـۆ سروشـتو پاگژكردنـەوەی ئـەم دنیایـە لـە پیسـی و لەناوچوون.. هەوڵ بدەن بۆ ئاشتی راستەقینە بۆ ئەوەی بە یەكجاری چەكی كۆمەڵ كوژی, ئەتۆمی و كیمیاویو بایۆلۆژی كۆتایی پـێ بێنن, ئەگەر بێتو ئەو شتانە نەمان یان نەمێنن, لـەو كاتـەدا دەتوانن بوارێك بۆ كـارو ژیانو بەرزكردنـەوەی زانسـتو فەرهـەنگو مرۆڤایـەتی دابین بكەن.. فێری بەها جوانكارییەكانی دەبن، لەهاودەمی و خۆشەویستی و هوتافـات بـۆ خۆشـی و مرۆڤایـەتی راسـتەقینە لێـدەنو پەیوەندیـەك

دروست بکەن کە بۆ سەربەستی هەڵبژاردن بنیات نرابێت, لە نێوان پیاوو ئافرەتدا.. ئەو کاتە هەست بە کامڵیی و هاوسەنگی خۆیان دەکەن, لە میانەی ئەو کارە داهێنەرانەی کە دەستیان داوەتێ, لە میانەی ئەو کارانەی کە هەڵگری ئەزموون و شارەزایی و پێشکەوتنی چێژوەرگرتن و هاوبەشی لە چالاکیکردنی بیرکردنەوە دەکات.. سووربوون لەسەر هەڵبژاردنی بیروباوەڕو مەزهەب و فیکر کە ڕەفتاری ڕۆژانەیان دادەڕێژێت, لەگەڵ سەربەستی گواستنەوە کە لە هەموو شێوەیەکی کۆیلەو کۆیلایەتی ڕزگاری بکەن.. جا کۆیلایەتیەکە لەسەر ئاستی تاك یان چین یاخود دەوڵەت بێت.. چونکە دەوڵەت لەسەردەمی ئێستاماندا, بە تایبەتیش دیکتاتۆری و تۆتالیتاری کە داپلۆسین زۆر زیاتر بەکاردەهێنێت لەو سەردارانەی کە کۆیلەکان هەمیشە بەشان و شکۆیاندا هەڵدەدەن و بەکرنووشەوە لە بیرەوەرییاندا جوامێریان دەکردن و تەنانەت وێنەشیان لە کرۆك و دەسەڵاتدا بەرجەستە دەکرد.. بەسەربەستی وەکو خەون, بەبێ هەڵگرتنی کۆتی ئاسن نایەتەدی.(یاسا, سیستەم, پەیڕەوی کۆمەڵایەتی) بە تایبەتیش ئەوەی بە کۆیلەکردنی مرۆڤ بۆ دەسەڵات و کۆمەڵ و بیروباوەڕی باو تەرخان دەکات.

گوتاری شانۆیی ئامانجی بەرەو پێش بردنی شانۆو هێنانەدی زیندوویەتی و چالاکییەکەیەتی و جەختیش لەسەر مافی نمایشی شانۆیی لە نوێکاری و داهێنان و نوێخوازی دەکاتەوەو, گوتاری شانۆیی پێشووش ڕەت ناکاتەوە, بەڵکو زیاتر کار بۆ چالاککردن و ڕزگاربوونی شانۆ دەکات لەو سیستەمانەی کەرێگر بوونە لەبەردەم چالاکییەکەی, گوتاری نوێ هەوڵی تازەکردنەوەی شانۆو ڕزگاربوونی دەدات لەو هەموو پاڵنەرو هاندان و چوارچێوانەی کە بۆ جۆرو شێوەکان گۆڕیویەتی و دووبارەو دووبارەبوونەوەو جوینەوەشی تیایەو, واش لە پانتایی شانۆیی, یان پانتایی سەربەستی داهێنانی شانۆیی دەکات, بەهۆی کەناڵ و سیستەمەکان لە ئەزموون و نوێکردنەوە

قەدەغەبن, مەبەستمان لە بواری شانۆ ئەو کەسەیە کە بەو چاوە سەیری شانۆ ناکات, یان ناڕوانێتە شانۆکە بە هونەرێکی تایبەت بە خۆی لە قەڵەم بدات و سەربەخۆیی خۆیشی هەیە لەبەرهەم هێنان, یان ئەوەی کە مامەڵەی لەگەڵ بەشەکانی تری نمایش بە پیرۆزییەکی ساختەیی سووربوونەوە دەست نیشان دەکات, نموونەشمان بۆ ئەوە, دەق و شیکردنەوەو ڕاڤەکردنیەتی, ئەو کاتە گوتاری شانۆیی چالاك و کاریگەر دەبێ کە گوزارشت لە بوونی بکات, بۆ ئەوەی بتوانێ نمایشی بۆ گێڕان و بینینی دەورێکی گرنگ بەرز بکاتەوە, بۆ خوڵقاندنی نموونەی باڵا , بۆ ئەو ژیانەی کە بینەر خواستیەتی لەگەڵی بژیێت.. کەواتە گوتاری شانۆیی کار بۆ پێکهێنان و دروستکردنی مرۆڤو پەروەردەکردنی دەکات, گوتاری شانۆیی هەر چەند بەهاکەی بەرزتر ببێتەوە, ئەوا شانۆ بە هاوڕەسەنی و گرنگییە کۆمەڵایەتیەکەی هێناویەتەدی, لەبەر ئەوەیە کە گوتاری شانۆیی خۆی نمایشی شانۆیی لەڕووی فەرهەنگی و مەعریفیەوە دەتەقێنێتەوە.. کەواتە بایەخ بەرووەکەی تری نمایشی شانۆیی دەدات. کەبریتییە لەبەرهەمهێنانی.

## ماناو بەدەست هێنانی مەبەست

گوتاری شانۆیی هەوڵی بە عەقڵ کردنی شانۆ نادات و لە هەمان کاتدا بیگۆڕێت بۆ ڕێسای چەق بەستوو هەر وەکو چۆن مانای ئەوەش نییە کە شانۆ دەوری ئایدۆلۆژی و مەشخەڵی بڕیاری و ڕامیاری بۆ خۆی بوێت و هەروەها لایەنی زانستی و تاقیگەیی ئامانجی بنچینەیی وەستاو بە خودی خۆی و لە خودی خۆیدا, بۆ بەدەست هێنانی تاقیکردنەوەی گوتاری شانۆیی پێك ناهێنێت, بەڵکو تاقیگەی شانۆیی بە شێکە لە بارێکی کامڵ و گەیشتن بە گوتاری شانۆیی, هەروەها

لێرەدا دەتوانین سیفاتێکی هاوچەرخ, بۆ گوتار یاخود گوتاری شارستانی زیاد بکەین.

لێرەدا بە دڵنیاییەوە هەوڵدان بۆ خولڵقاندنی عەقڵانیەتێك بۆ مانای شانۆیی وەك ئامانجێك ماوەتەوە, هەر لە(دیدۆر)ەوە هاتا بە(برێخت) دەگات, وە لەوانەیە ئەم عەقڵانیەت و نوێکردنەوە رەهاییە یەکێك لە بۆچوونە تیۆرییەکانی نووسینەکانی(برێخت) بێت, دەربارەی شانۆیی مەلحەمی و شانۆیی خێرخوازی.. بەڵام تاقیگەی شانۆیی لە(بەرلینەر ئەنسامبل) لەگەڵ عەقڵانیەتی رەخنەییدا یەکیان هاوشێواز نەکردووە, بەڵکو گوتاری شانۆیی لە شانۆی برێختدا, پاشەکشەی کرد لە مامەڵەکردنی لەگەڵ فەزای ئەکتەردا, رەگەزەکانی کەسێتی, بیر, واقع, هەروەها لای زۆربەی شانۆکارەکان ئەوانەی بۆچوونیان و وەرگرتنیانی لە چەمکەکانی برێختدا هەیە, ئەوەیە کە چەمکی عەقڵانیەتی رووتەو بە گوتاری شانۆی ژیاو لەلای(بەرلێنەر ئەنسامبل) بەیەکدا کەوتوون و هەروەها توانای تاقیکردنەوە پەیدابوو لە بەهای هونەری شانۆیی و پێوانەکانی لەلای ئەوان بەیەکدا کەوتوون.. گوتاری شانۆیی لە توانیایدایە, بەهۆی ئەو کەناڵانەوە بگات, چونکە رێبازی برێخت و شێوازەکەی مەودایەکی جێگیریان لە نێوان رێبازگەراییە تیۆریەکەو زمانی شانۆگەریەکە پوخت و پاراوەکەی جێهێشتووە, ئەو مەودایەش لە میانەی توخمەکانی وەك(نواندن و دەرهێنان و سینوگرافیا) بەدەردەکەوێت, بگرە لە بواری نووسین و دووبارەکردنەوەی داڕشتن و نووسین رووی داوە, نموونەشمان بۆ ئەوانە(گالیلۆ گالیلی مرۆڤی چاك و بۆنتیلاوماتی و کارەکانی تر), و لە میانەی گیانی ئەزموونگەرایی و تاقیگەراییدا کەزاڵ بوو بەسەر رێبازی دەستەی کاری بە کۆمەڵدا..

## بەشەکانی گوتاری شانۆیی



1ـ شێوازگەرییانەی گوتاری شانۆیی(ئاینزا, رێچکە, قوتابخانە, میتۆد)

2. زمانی گوتاری شانۆیی کە دەکرێت بە سێ بەشەوە:

أ–زمان بە چەمکی زمانەوانی.

ب–زمانی جەستەیی

ج–زمانی دەلالی(واتادار).

3. پێکهاتەکانی گوتار:

أ–گەیاندن.

ب–گوزارشتکردن(أخبار).

گوتاری شانۆیی، واتە بەرزکردنەوەی نمایشی شانۆیی, لە ئاستی رۆژانەو ئاسایی و باوەوە, بەهۆی تێکڕایی جۆری زمانەکان کە بۆپێکهێنانی نمایشەکە سوودی لێوەردەگیرێت.. هەروەك چۆن پەخشانی رۆژانە بەرز دەبێتەوە بۆ زمانی شیعر, بەهەمان شێوەش نمایشی شانۆیی بۆ زمانی خودی گوتارەکە بەرزدەکرێتەوە, ئەگەر بەو مانایە بێت دەکرێ ناوی شاعیرێتی شانۆ لە گوتار بنێین, لەبەر ئەوەی نمایشی شانۆیی گوتاری شانۆیی بەو چەندێتیەی کە لە ماناو مەبەست بەرهەم دەهێنێت دەوڵەمەندی دەکات و, بە گوێرەی ئەوەش دەبێ کە لە ئیمکانیاتی کەلتووری و مەعریفی کۆدەکرێنەوە. لەبەر ئەوەیە دەبینین پەیوەندییەکی دیالەکتیکییان لە نێواندا هەیەو لەسەر ئەو بنەمایەیە کە نمایشی شانۆیی بەدەق دەکرێت, یان بەدەق کردنی کرداری گوتاری شانۆیی دەبێت. چونکە کرداری شانۆیی دەقی نمایشەو بەپێچەوانەش راست و دروستە, چونکە لە نمایشدا خۆی کرداری شانۆییە, وە کاتێ ئەو کردارە بەرجەستە دەکرێت ، یان کار بۆ گێڕانەوەو نمایش کردنی دەکرێت، هەروەکو ئەوەیە کە کار دەکات بۆ بەرجەستەکردنی کرداری ئەو ژیانەی کە نمایشی شانۆیی دەگۆڕێت بۆ گوتاری شانۆیی.

www.pertwk.com

## ئەو تايبە تمەنديانەى
## كە گوتارى شانۆيى ڕێك دەخەن

ئەو كۆمەڵە تايبەتمەنديەى كە گوتارى شانۆيى ڕێك دەخەن مەرج نييە هەموويان سەر بە دەقى نووسراوو زمانەكەى و بونيادى و ئەو پەيوەنديانە بن كە پێشكەشيان دەكات, بەڵكو لەوێدا كۆمەڵێك ڕێساوو داب و نەريت و مەرجى نێو لێكدانەوەى نيشانە هەيە, يان ئەوەى كە دەكرێ بۆ نمايش ناوى بنێن مەرجە(سيميائيەكان), لەتەك ئەو چەمكانەى كە بۆ ناسينى جيهان و ئەركە سوودمەندو كردارى و جوانكاريەكان بە كاردێ تێكەڵ بە نمايشى شانۆيى بووە:

1. ڕێسا هونەرييەكان.
2. مەرجەكانى نێو لێكدانەوەى نيشانەى شانۆگەرى.
3ـ ئەو چەمكانەى كەبۆ نمايشى شانۆيى بۆ ناسينى جيهان پێشكەش دەكات.
4. ئەركە سوودمەنديەكانى بۆ شانۆ(خۆشى و كات بەسەربردن يان وەخت كوشتن).
5ـ لايەنە كردارەكييەكان(بيركردنەوەو پرۆسێسى پەيبردن كە پێزانين بە شتێك بۆ هۆشمەندى دەگۆڕێت بە ئامانجى ئەوەى كە مرۆڤى بينەر بتوانێ بە كردارى گۆڕان هەڵبستێت).
6. لايەنە جوانكاريەكان.
7ـ لايەنە دەروونييەكان كە گرفتى ماناو هونەرمەند دەگرێتەوە, بەپێچەوانەوەش دەلالەو هونەرمەندو مانا.
8. لايەنە كۆمەڵايەتيەكان.
9. پرۆسە مەعريفيەكان لەبەرهەم هێنانى دەقى شانۆييدا.



10ـ پرۆسيسە مەعريفييەكان لەبەرهەم هێنانى مانا لە نمايشى شانۆيى و تێگەيشتنى و كۆكردنەوەو دووبارە بەرهەم هێنانەوەى لەلايەن وەرگر يان بينەرەوە(متلقى).

## مەرجە بنەڕەتيەكان چين بۆ ئەو
## نمايشە شانۆييەى كە خاوەن گوتارێكى داهێنەرە؟

لە نمايشكردندا مانا(واتا) ئاشكرا نابێت و ناگۆڕدرێت بۆ گوتارێك بەبێ بوونى پەيوەندييەكى ئاڵوگۆڕكراو, لە نێوان ماددەى دەق ئامێزو(دەق, چ شيعرى, يان پەخشان بێت) ماددەى پێويستى تەشكيليانەى نێوان شێوەى دەنگو پەيوەنديى بە لايەنى دەلالييەوە, لە نێوان شێوەى جووڵەو پەيوەنديشى بە لايەنە دەلالييەكەوە..

چونكە دەلالەت نابێتە خاوەن مانا بەبێ يەكتر بەستنەوەى جووڵەكانى.. ئا لەو كاتەدا, نمايشەكە بە گشتى و كارى ئەكتەريش بە تايبەتى دەگۆڕدرێت بۆ حاڵەتێك لە زنجيرەكانى جووڵەى بەيەكەوە گرێدراو لەگەڵ دەلالەتدا.

دەرهێنان هەڵدەستێ بە بنياتنانەوەى نمايشى كامڵ كراو بۆ گوتارى شانۆيى, لەسەر بنەماى واتاى جووڵە.. دەرهێنان شيكردنەوەى ماناى جووڵەيە بە هۆى بەيەكەوە گرێدانى داهێنەرانەى نێوان جووڵەو مانا, بە شێوەيەكى دياڵەكتيكانە, ئەوەى كە لەسەر جووڵە پراكتيزە دەبێت لەسەر ئيمائەو هێماو نيشانەو ئاماژەش پراكتيزە دەكرێت, چونكە تێگەيشتن لەهەر نيشانەيەكى شانۆيى بەستراوەتەوە بە كۆمەڵى كەڵەكەبووى نێوان(دال و مەدلول)ى خودى جووڵەكە.. لەبەر ئەوەيە كە دەبێت سيستەمى جووڵە بۆ نمايش, لەسەر بنچينەى پرەنسيپى لۆژيك بێت بۆبەيەكتر گەيشتنەكانى دوو بە دووى(التقابلات الثنائية) نێوان دال و مەدولول, لە نێوان مەبدەئى

www.pertwk.com

مەنتقی بۆ ڕێنمایی نیشانەو، لە نێوان پرەنسیپی لۆژیکی بۆ بەجەڤەنگ کردن و کۆکراوەو دەربڕینی دابندرێت.. چونکە نمایشی شانۆیی کۆمەڵەیەکی کەڵەکەبووە بۆ ئەو پەیوەندیە نەگۆڕ، یان جێگیرانەی کە مانایەکی دیاریکراو، لە چوارچێوەی شوێن بنیاتەکەی و پەیوەندییە جۆراوجۆرەکان کە ئەو مانایە بە خۆوە دەگرێت کە شیاوی نێو لێکدانەوەو هەڵکراندنی بێت، وە پەیوەندییە نەگۆڕەکانی نێو واقعیش لەوانەیە بگۆڕێت بۆ نیشانە جۆراوجۆرەکان لە نمایشی شانۆییدا، بە تایبەتیش ئەو کاتەی کە لە ڕێڕەوی ناباودا نمایش دەکرێت، دەگۆڕێت بۆ ئەوەی بچێتە چوارچێوەی نیشانە جۆراوجۆرەکانی. ڕەنگە کاراکتەرێك یان جووڵەیەك، یاخود کردارێك، یان وێنەیەك ببینین کەسەر بە شوێن و کات و ژینگەیەك بێت و لە ڕەوتی زەمەنێکی جیاوازی ناسروشتی دروستکراو لەسەر شانۆ، نمایش بکرێ و لەگەڵ ڕێکخەری نمایشی شانۆیی یەکانکگیری نەبێت، چونکە مانای پێچەوانە لە نمایشی شانۆیی پشت بەو بەها ئایکۆنییە دەبەستێ کە لەزەیندا جێگیربووە، وە توانای نامۆکردنی واتاشی هەبووە، بۆ ئەوەی بەو مانایانەی گرێبدات کە لە دەلالەتە بەرهەم هاتووەکان یان وە بەرهاتووەکان وە ئەنجام هاتووە، بۆ بەڕێوەچوونی تەوژمی نمایشی شانۆیی، کەوابێ جووڵەی شانۆیی لەسەر ئەو بنەمایەی کە باسمان کرد شێوە جۆراوجۆرەکان دەگرێتە خۆ.. لە شانۆدا، جووڵەی وا هەیە کە ڕەنگە بینەر پەیان پێ ببات لە میانەی ڕێنمایی و نزیك بوونەوەو لەیەك چووندا، لەگەڵ ئەوەش کە لەهزری بینەردا نەگۆڕو چەسپاوو ئەفسانەییە، جگە لەوە جووڵەی واش هەیە هەوڵ دەدا کە بەهۆی پێکهاتەی نمایشی شانۆییە وە بەشداری لە تەوژمی یان ڕەوتی واتادا بکات لەتەك ئەو جووڵانەی کە گوزارشت لەو حاڵەتە دەروونییە دەکا کەکاراکتەر تیایدا دەژێیت، یان ئەو بارودۆخەی کە گوزارشت لە دەروونی کارەکتەرەکە دەکات.. واتە جووڵەکان بە گشتی لە حاڵەتی دەروونیەوە وە ئەنجام هاتوون، وەك



حاڵەتەکانی تووڕەیی، شێت بوون، هستریا، کە بە جۆرێك لەو جووڵانە بەرجەستە دەبێت کە لە میانەیدا حاڵەتی کاراکتەر دەست نیشان دەکرێت، سەرباری تێڕوانین بۆ جووڵە بە شێوەیەکی گشتی، لەسەر ئەوەی کە هۆیەکی شانۆگەری دروست کراوە، خوڵقاندن و هاتنە ئاراوەشی تایبەتمەند بووە، بۆ مەبەستی خوڵقاندنی دینامیکیەتی شانۆ، لەگەڵ ئەوەشدا هۆیەکی هونەرییانەو بوونیشی لەدەرەوەی شانۆدا نییە.

## گوتاری شانۆیی و کارتێکەرە دەرەکییەکان

گوتاری شانۆیی بە چەندین فاکتەر کاری تێدەکرێت کە شاراوە نییە لە جەوهەری شانۆو کاری داهێنەرانە، بگرە شاراوەنییە لە میانەی دیاردە دەرەکییەکانی هونەری و کۆمەڵایەتی و زانستی و فەرهەنگیش، کە بەم شێوەی خوارەوەیە:

1-شوێنی نمایش و شێوەی وەرگرتن.. شوێنی نمایش بووەتە بەشێکی گرنگ لە گوتاری شانۆییدا، جۆری شانۆییەکەش لەناو گوتاری شانۆییدا ڕەنگ دەداتەوەو کاری تێکدەکات لەبەر ئەوەیە

www.pertwk.com

دەرکـەوتنی سـیمیاکان دەبیـنین, بـۆ گوتـاری شـانۆیی, کـە بـەپێی پێویسـت توانـای خـۆی بـۆ پێکهێنـانی فـەزای نمـایش و شـوێنەکەی دەسەپێنێت.

2–سیستەمی سیاسی و قۆناغە گۆڕدراوو کودەتا کۆمەڵایەتییەکان, هـەروەها ئـەو بە پـەراوێز بوونـە سەربەسـتییەش کە لـە چوارچێوەی سیستەمی سیاسی بەرجەستە دەبێت, ئەویش بەدەوری خۆی رەنگ لە قووڵکردنەوەو گرنگی گوتاری شانۆیی دەداتەوە.

گوتـاری شـانۆیی بـە دوو شـت دیـاری دەکرێـت, یەکـەمیان ئـەو ئەرکەیە شانۆ پەیڕەویی دەکات, دووەمیشیان پرسیارێکی ئەزەلییە, لە بارەی دەلالەت یان ئەو مانایەی بە کۆمەڵی دەبەخشێت.

لـەناو سیسـتەمی سیاسـیدا, چـی لـە گوزارشـتی درامـای شـانۆیی چـاوەڕوان دەکرێـت؟ مـاوەی پـۆلێن رێـژبوونی لـە چـنینی ئـەزموونی دەسـتە جەمعیـدا چـییە؟ گوتـاری شـانۆیی پێویسـتی بـە پرسـیارە, لـەبارەی جیهـان و کۆمـەڵ, هـەروەها پێویسـتی بە پرسـیارە، دەربـارەی ئاراستە جۆراوجۆرەکان لەگەڵ ئەو رێگایـەی کـە مـرۆڤ هـەوڵ دەدات بە هـۆی شـانۆوە چارەسـەری ئـەو کێشـەیە بکـات کـە بـاس لـە هەڵوێسـتی خۆی دەکات, شانۆ ئیبتکارە, بە واتایەکی تر داهێنانەو ئاراستەکەشی فـەرز نییـە لەسـەری.. بـەڵام ئـەوەی لێـرەدا لەسـەری فـەرز کـردووەو دەیەوێ بێگاتێ, لە میانەی بەکارهێنانی ئەو گوتارەوە دەبێت(چونکە ئاراستەی خولقاندنی خەیاڵ بەلای واقیعدا دەشکێتەوە, بۆ دۆزینەوەی شـوێنی نـوێ لـە ئەزموونـدا, خوڵقانـدنی درامـا وەك هـەموو وێنەیـەکی هونـەری, ئاراسـتە یـان دەرگایەکـە پێویسـتە بکرێتـەوە.. بـۆ ئـەو دیـوی حەقیقـەتی مرۆڤایـەتی ئاشـکرا کـراوە, وە لـەو چوارچێوە کۆمەڵایـەتیدا دەبێت کە دەست نیشانی دەکات(بڕوانە(سوسیولوجیە المسرح) ل69).

گوتـاری شـانۆیی, واتـە رابـوون بـە کـارێکی داهێنەرانـەی دەسـت نیشان کراو لەودیوی واقیعی پەیام هێنەر کە بە مەرجەکانی ئەو هەموو تاقیکردنەوەیـــەکی شـــیاو دەناســـرێت.. گوتـــاری شـــانۆیی,



واتە(خوڵقاندنی شێوە نوێیەکان لە پێناو رێنمایی کردنی مرۆڤ لەسـەر ئاراسـتەکانی ئەزموونـە چـاوەڕوان کراوەکـان(المحتملـة), وە لـە ژیـانی رۆژانەشدا بوارێکی فراوانتر دابمەزرێت و, سرۆشی رەفتاریش بە وێنەو هەڵوێسـتەکانی دەدات, بـۆ ئـەوەی بتوانـێ بەراسـتی ببێتـە حەقیقـەت) (سەرچاوەی پێشوو).

## دەنگدانەوەی گوتاری شانۆیی

گوتـاری شـانۆیی دەنگدانـەوەی خـۆی هەیـە, ئـەم دەنگدانەوەیـەش هۆی بەردەوام بوونیەتی, لە میانەی بەرهـەمهێنان و دووپات کردنـەوەی مانـاو مەبەسـت بـۆ نمایشـی شـانۆیی, لێـرەدا مەبەسـت لـە مانـای راستەوخۆ نییە, بـەڵکو بەرهـەمهێنانی واتایـە یان مانایـە قۆنـاغی دوای نمایشی شانۆیی, یان دەنگدانەوەیەك بێت بۆ ئەو ماناو دەلالەتـەی کـە نمـایش لـە خـۆی گرتـووە. پێکهاتـەی گوتـار دەبـێ پشـت بـە نمایشـی شانۆیی وابەستێ کە هەوڵی هێنانەدی ماناو مەبەست و نێو لێکدانەوە دەدات(واتـــە دەنگدانـــەوەی نمـــایش), چـــونکە نمـــایش دەژێ و بەرهەمەکەشـی لـە میانـەی توانـای نمـایش لەسـەر کـارتێکردنی لـە بینەرداو, توانای بینـەریش بۆ ئـەوەی گوتاری شانۆیی بە نمایشێکی تایبەت بە خۆی دابڕێژێتـەوە دووبارە دەبێتـەوە لـە میانـەی گێڕانـەوەی یان راڤەکردن یاخود لێکدانەوە یان کەوتنی(الاسقاط) شانۆیی دەبێت.. زۆربەری ئەو نمایشانەی کە دەژین لەبەر ئەوە نییە کە خودییانە, یان لە میانەی بونیادی نمایش و دەلالەتەکانی یان تەکنیکەکانی پێشکەش دەکرێت, بـەڵکو لە حاڵـەتی کامڵبوونیانـدا, گوتـاری شـانۆیی بـەردەوام لەگەڵ بینەر پێك دەهێنـی.. ئەوکاتـەی توخمـەکانی گوتـار کامـل دەبن و نمایشـی شـانۆیی بـۆ چـڕییەکی دەلالی و قـوڵایی و دەوڵەمەنـدی, لـە بەخشـین دەگـۆڕێ و لــە رووکەشـی و نـاروونی لــە دەروونـدا, دوور

www.pertwk.com

دەکەوێتەوەو سۆزو هەستەکانیش بۆ سیمبۆلی دەستە جەمعی بگۆڕێت, ئەو کاتە ئیمکانیەتی تێگەیشتنی بەرامبەریەك بۆ جەڤەنگەکان دەخولقێنێت. هەر داهێنەرێك لە خودی خۆیدا, هەڵگری وێنەیەکی دەروونی نەبێت, مومکین نییە ئەو گوتارە بگەیەنێ و جەختیش لەسەر کاراکتەر بکاتەوە, وێنەی دەروونی و کۆمەڵایەتی یانەوای دەخاتە ڕوو کە گوتاری شانۆیی بەردەوام دەبێت, ئەگەر بێتوو مانای مەبەستداریش(ڕاستەوخۆ) دیاری نەکرابێت, بەڵکو دەبینین کە هونەرمەند, هەر چەند لە توانایدابێت, رووبەرێکی فراوان و پەراوێزێکیش لەسەربەستی لە کردەی وەرگرتن و روانین بدات و لەهەمان کاتدا بینەریش گەمارۆ نەدات لە ڕێگەی لە قاڵبدانی دەلالیانەو مانای مەبەستگەریانەی ڕاستەوخۆدا, ئەو کاتە گوتاری شانۆیی ئامانجی خۆی دەستەبەر کردووە بە هۆی ئەو بینەرەی کە لە نمایشدا دەیبینێ, یان دەیدۆزێتەوە کە نمایشەکە هەوڵی داوە بیوروژێنێت. چونکە واقیعی بینەریش دەتوانێ ئەو دەلالەتە زۆرانە بدات بەپێی ژمارەی ئەو حاڵەتانەی کە نمایشەکە توانیویەتی بیوروژێنێت.. لەو کاتەدا هونەرمەندەکە خۆی سووڕ دەمێنێ لەم لێکدانەوەو بیرۆکانەی کە بینەر پێی دەگات, کە بەر لە خۆی بەو شیاری مەبەستگەری نەبووە, بەڵکو لەراستیدا لە خودی هونەرمەندو کاری هونەریدا چەکەرەی کردووە یان نیشتەجێ بووە, لە میانەی وشیاریەوە بە هەمەلایەنەی ئەو گوتاری شانۆییەی کە هونەرمەند لە پێناوی بە دیهێنانی کاری بۆ دەکات.. دەنگدانەوەی نمایش, یان هەوڵدان بۆ خوێندنەوەی گوتار لە دوای نمایش زمانێکی تازە لای بینەر وەردەگرێت, چونکە پشت بە یەکتر گەیشتنی دوالیزمیانە یان دووانە ( التقابلات الثنائية) دەبەستێت، چونکە ئەوەی لەسەر شانۆو لەساتی نمایشکردنا دەیبینێ وەڵامێکی وەستاوی خەون ئامێز(الحالمه).. ئەو هاوکاتیانە پێك دەهێنێ نەك تەنها وەڵامێکی کە دیاردەکانی نمایش(جووڵەو تیل نیشان) کۆ دەکاتەوە لەگەڵ ئەو دیاردانەی کە لەنێو کۆمەڵدا بوونیان

هەیە(هەر کۆمەڵگەیەك بێت)و لەگەڵ نمایشا دەژین، دەبێ تێگەیشتووانەو پەیبەرو کاریگەر بێ، چونکە ئەوەی کەبینەر لەسەر شانۆ دەیبینێ لەگەڵ واقعدا ناگونجێت, بەڵام هاوکاتە لەگەڵ واقیعی نمایشدا.. چونکە نمایشی شانۆیی بۆ مێژووی تایبەت بە خودی خۆی دەگۆڕێ و بینەریش بەرەو واقعێك دەبات کە لە دەرەوەی شانۆ بێت..
کەواتە دەلالەتی دروستکراو, لەلایەن ئەکتەر یان بە هۆی کارلێککردنی نمایش لەگەڵ ئەکتەردا, گوتارو کارلێکردنکەی لەگەڵ بینەردا دەخولقێنێت, شێوەکانی جووڵەی ژیان لەسەرەتادا لە پێناو ئامانجەکان بەدەرکەوت, بەتایبەتیش لە پێناو ئەو ئەرکانەی کە مرۆڤ پێویستی پێ بووە, بەهۆی کار, یان ژینگەوە لە دواییدا ئەو ئەرکانە قووڵکراونەتەوەو پاڵنەرو پاساوەکانیشی چەسپاندووە لەتەك جووڵە خۆنەویستەکان کە رەنگە لەگەڵ رۆژگاردا بیگۆرێت بۆ جووڵە خۆویستەکان.. وە جووڵە خۆویستییەکانیشی لەوانەیە بۆ جووڵە رەمەکیەکان بگۆڕدرێت کە لەگەڵ رۆژگاردا, پاساوو واتاو هۆیەکانی و بگرە شێوە رەسەنەکەشی بزر دەکات و دەیگۆڕێت بۆ بەشێك لەو لاسایی کردنەوەی کە مرۆڤ لەسەر کرداری خۆی پێشکەشی دەکاو هەستیش بەناوەڕۆك یان ماناکەوی ناکات کە لە شێوەی سڵاوکردن و پیرۆزباییەوە دەست پێدەکات, گوتاری شانۆیی پشت بە زمانێکی شانۆیی دەلالی دەبەستێ و لە سنووری بەدەستهێنانی مانای سروشتی و ڕێککەوتندا ناوەستێ, بەڵکو لەوەش تێپەر دەکات, بۆ ئاستێك لە شیکردنەوەو راڤەکردن لە میانەی داڕشتنەوەی ئەو دەلالەتانەی کە خاوەن توانای ناوەڕۆکدارو هێمادارە.. پابەندبوونی تەواو بە گێڕانەوە یان لاسایی کردنەوەکانی سروشت وای لە هونەر کردووە کە گەلێك لە بوارەکانی داهێنان لەدەست بدات و لە پێش سیستەمی توندی هەمان سروشتیش دابمرێت, ئەم حاڵەتەش وا دێتەوە کە نمایشی شانۆیی لە قاڵب یان ئامادەکردن دابکەوێت.. لە نمایشی شانۆییدا, دەبێ مرۆڤ توخمە وەستاوەکان بەهەند وەربگرێت

www.pertwk.com

بۆ نموونە: چی گۆڕاوە, چی وەکو خۆی نەگۆڕ ماوە؟ چی لە شانۆدا نەگۆڕاوە, بە تایبەتیش لای ئەکتەر لە نمایشێکەوە بۆ نمایشێکی شانۆیی تر؟

چونکە بینەر وەڵامێکی هەستیارو هەڵچوانەو, وەڵامێکی وەستاویشی هەیە کە نمایشەکە دەیوروژێنێت, واتە پەیبردنێکی وەستاو کە پشت بە خەیاڵی بینەر دەبستێت.. وەڵامی وەستاوو دینامیکیانەش لەگەڵ واقیعی نمایشکراو یەك ناگرنەوەو ناشکرێت بەرو واقیعی دەرەوەی شانۆ ببرێت, بەڵکو وەك ئەزموونێکی بە خەیاڵ کراویش لە یادەوەرییدا جێگیر دەبێت, وە هەوڵدانیش بۆ یەکسانی کردنی گۆڕان لەگەڵ هاوکاتبووندا, بە قووڵی لەگەڵ ئەزموونەکەمان ناکۆکە.. بۆیە راڤەی وەبەرهاتوو لە بەردواداچوون لە کاتی شانۆگەرییدا(کاتی نمایشکردن واتە هاوکات بوون لەگەڵ نمایشدا), وە لە وێدا راڤەکردنێکی زەمەنیش هەیە کە ئەویش حەقیقەتێکەو لەسەرووی نمایشی شانۆییدایە... چونکە نمایشی شانۆیی دووزەمەن پێشکەش دەکات, یەکەمیان زەمەنی دنیامیکیە کە زەمەنی رابردوو, دووەمیشیان زەمەنی وەستاوە کە زەمەنی ئێستایە لە پاڵ زەمەنی تاکدا, کە ئەویش پشت بە جەڤەنگ دەبەستێ و هەرگیز بە شێوەیەکی گشتیش نایەتەدی, ئەمە شێمانەیە(احتمال)و داڕشتنە جەوهەریەکەی لە دوا رۆژدا وەردەگرێت.(رۆمان یاکۆبسۆن ل65.) بۆ نموونە دۆزینەوەی دەلالەت بۆ جووڵەی شانۆیی(گەربێتو رەفتاری, دەروونی, کۆمەڵایەتی, لاساییکردنەوە, میر43گەری بێت)و دووبارە لە نمایشی شانۆییدا دابڕژێتەوە, ناشێ کامڵ بوونی جووڵە لە واتا بەرهەمهێنراوەکەی لە ناخی سروشتدا رابگرێت, بەڵکو تەجاوزی ئەمە بکا بۆ مانای مەبەستگەری, لە میانەی نمایشداو خزمەتیش بە ڕۆحیەت و بیرۆکەکەی بکات و لەوێوەش بۆ دوای نمایش(دەنگدانەوە) گوزەر بکات, بە شێوەیەکی وای دەبینین کە دەلالەتی جووڵە دەچێتە نێو مەبەستگەرایی و نێولێکدانەوە داهێنانە نوێیەکەوە, لە میانەی



بەستنەوەی ئەو جووڵانە لەگەڵ واقیع لەلایەك و توانستی ئەو جووڵانە, سەبارەت بە پێشکەش کردنی نمایشی نوێ و تایبەتەندیەتی واقع ئاشکرا بکات و رۆشنی بکاتەوە, لە هەمانکاتدا توانایی باوەڕهێنان بوروژێنی, سەبارەت بەو گوتارەی کە لەسەر شانۆ پێشکەش دەکرێت گوتارێکی نوێیەو بۆ ئامانجە نوێیەکانیشە.. ئابەم جۆرە, گوتاری شانۆیی بۆ ئامانجێك دەگۆڕێت کەتایبەت بێ بەخۆی و گوتاریش دەبێتە زمانە نوێیەکەی و بەراستییە نوێیەکانیشدا دەگەڕێتەوە بۆ واقع, واتە بەدیهێنانی ئەفسانەی نمایش.. لێرەدا هیچ سیستەمێك لەئارادانییە کەگۆڕانی بەسەردا نەیەت و, گۆڕانیش گفتوگۆی بوونی سیستەم دەسەپێنێت, وەبیرۆکەی پێشخستنی بەشداری لەگەڵدا دەکات, لەبەرئەوەی خاوەن ئامانجێکیشە لەگەشەکردنی سیستەمە کۆمەڵایەتیە ژیارییەکاندا. لەهەمان کاتدا گوتاری شانۆیی فاکتەرێکە لەفاکتەرەکانی گۆڕان و پێشکەوتنیشە بۆ شانۆ خۆی, چونکە بۆ خۆی لەسەر سیستەمێك بنیاتنراوەو بیرۆکەی گەشەکردنی شانۆش بەپەرەسەندنی سیستەمە کۆمەڵایەتی و ژیارییەکانەوە بەستراوە ئەوە لەلایەك, لەلایەکی تریش بەلێکۆڵینەوەی یاساکانی ناوخۆیی مێژووی شانۆ.. واتە بینینی لۆژێکی ناوخۆیی بۆ پێشکەوتنی شانۆ لەگەڵ پەرەسەندنی ڕواڵەتە ژیارییە جۆراوجۆرەکانی هاوتەریب بێت. گوتاری شانۆیی بۆ خودی خۆی ناژی, یان بەهۆی کەناڵەکانیەوە پەی پێبرێت, یاخود بێ بەرزبوونەوەی خودی بینەر بەرزببێتەوە, هەرچەندە بینەر لەژیاندا, گوتارێکی هەبوو44ەوا کارلێکی کردووەو پەیشی بەگوتاری شانۆیی بردووە, بەمەش مرۆڤو بیرمەندە, وەدەبێ نمایشی شانۆییش هەمەلایەنەو وردبێت و بەشێوەیەك بینەر بوروژێنێ و جووڵەی پێبکات, کۆکراوەیئەبستیییانەی(المخزون المعرفي) بینەر گەر هاتوو هەڵهێنجراویش بێت, لەگەڵ تاقیکردنەوەی نوێی مانا کارلێك دەکات, بەئامانجی گەیشتن بەچێژی نوێبوونەوەو بیرکردنەوە لەمیانەی بیرکردنەوە. چێژیش لای بینەر دێتەدی, چ بەگوتاری

شانۆییەکە بەگشتی, یان لەناو بەشەکانی نمایشدا بێت.. بەشێوەیەك کەدەکرێ هەندێك لەبینەران, بەپێی توانای نێولێکدانەوەیان بەبەشەکانی نمایش بەس بن, لەبەر ئەوەیە دەبینین شانۆیی خاوەن گوتار یان گوتار ئامێز لەگەڵ بینەردا دەژی و لەیادەوەری درێژخایەندا لەدوای نمایش دەمێنێتەوە.. بەڵام نمایشی بەرخۆر(الاستهلاكي) تەنها دەکەوێتە یادەوەری کورت خایانەوە, چونکە ناتوانێت پەیوەندیی راستەقینە بەجیهان و واقعی ژیا و لەلایەن بینەرەوە بهێنێتەدی, "مرۆڤ هەوڵ دەدات بەهۆی نواندنەوە, شتێك بگەیەنێت کەبەڕاستی لەئەزموونە واقعییەکەیدا هەستی پێ ناکات هەر ئەمەیە کەدەتوانێت لەڕێگەی نواندنی(هێماییەوە)ی جەڤەنگی تێپەڕی بکا, بێ گومان ئەوە گرنگی زۆر گەورەو زیاتریشە لەوەی کەپێشتر هەستی پێدەکرد, ئەویش بەحوکمی ئەوەی کەبەتاکە کەسەکانی ترەوە لکاوە.

مرۆڤایەتی بۆ ڕاڤەکردن و ناسینی خۆی شانۆی بەسەرچاوەیەکی باش بۆ ئەزموون دۆزییەوە, چونکە خەیاڵکردن سەربەخۆیی کەمترە لەو ژیانەی کەلەواقیعدا, بۆمان دەست نیشان کراوە, لەبەرئەوەی یارمەتی بوون دەدات لەسەر ئاستێکی ترو دەرفەتیش بەمرۆڤ دەدا کەهەر خۆی, خودی خۆی بدۆزێتەوە بەبێ دەرچوون لەکەسێتی خۆی, شانۆ ڕاستەوخۆقەوارەی مرۆڤمان بۆ وێنا دەکات و جەختیش لەسەر خستەڕووی ئارەزوو, و خواستەکانی دەکاتەوە: بەپێی ئەوەی مرۆڤ وێنەیەکی جیاوازەو بەپێی چوار چێوە کۆمەڵایەتیەکەشی مرۆڤ لەحەتمیەت دەکاتەوەو ئازادی یەکێتی بۆ دەگەڕێنێتەوە, بەپێی ئەو ڕەنگە جیاوازانەی کەلەپێکهاتەی بووندا چنراوی بوون بۆیاغ دەکات.(بڕوانە(سوسيولوجية المسرح) ل17). بابەتیبوونی نمایشی شانۆییەکەیە وادەکات کەبیرکردنەوە لەحاڵەتە نمایشە کراوەکاندا مومکین بێت, بەڵام ئەگەر بێتو نمایشی شانۆیی خۆی لەدوای جوانکارییەکان و داتاشین(بدع) و ئەبستراکتی ڕەهاو عەقڵگەری نا شانۆیی حەشاردا بوو, ئەوا دەکەوێتە تەڵەی شانۆیی وەهمییەوە,



خەونی روونی دەستە جەمعیش بەرەو حاڵەتێکی داهێنراوانەی پڕ لە خود گەرایی دەبات, ئەو نمایشە شانۆییەی کە هەوڵی هێنانەدی سیستەمێکی بۆ بیرۆکەکان دەدات, هەر ئەویشە کە کامڵ بوونی گوتاری شانۆیی بەهەردوو لایەنی جوانکاری و کردارییەوە دەهێنێتەدی, بۆ نموونە شانۆ پشت بە جووڵە دەبەستێ وەك هۆیەك بۆ پەیوەندی کردنی بینایی لەگەڵ بینەردا, هەرچەندە جووڵە(زێدەڕۆیی خاوەن قەبەکردنێکی هەڵچووانە, پشت بە زێدەبایی دەبەستێت) کاریشی کرد بۆ گۆڕینی زانیارییەکانی گوتار, بەواتایەکی تر ماناو مەبەستگەراییەکەی بێت(تەنانەت ئەگەر جوانکاری و هونەری یاخود پوختە بژاریش بێت), ئەگەر نمایشی شانۆیی توانی بە هۆی هێماو دەلالەتەکانی, خوێندنەوەیەك بۆ واقع بهێنێتە دی, ئەوا خوێندنەوەیەکی کراوە گوتاری شانۆیی پێشکەش دەکات.. بەڵام ئەگەر بێتو پشتی بە خوێندنەوەی بینەر بەست لە ڕێگەی پێشکەش کردنی چەند دەلالەتێك کە خاوەنی سیستەمی دەستەجەمعی بیرۆکەکان نییە, رەنگە لە خولڨاندنی سەرسامیەك سەرکەوتن بەدەست بهێنێت یان دەرفەت بە کەسانێك بدات کە توانایی خۆ دەرخستنی خۆیان هەبێت, بەڵام ئەو خۆ ڕاگەیاندنە بینەر لە دەرەوەی نمایش و مەبەستگەرایی و گوتارەکەی دەهێڵێتەوە.

## کردەی وەرگرتنی نمایشی شانۆیی

کردەی وەرگرتنی نمایش, پشت بە کۆمەڵێك توخمی هونەری و کۆمەڵایەتی و تەکنیکی و مەعریفی دەبەستێت, ئەمەش بەهۆی کاردانەوەکانی بینەرو توانای کارلێك کردنی لەگەڵ نمایشی بەدەردەکەوێت.. بۆ نموونە دەبینین بینەر لەگەڵ نمایشی شانۆییدا هاوسۆز دەبێت:

www.pertwk.com

1. لەبەر ئەوەی دەنگدانەوەیەك بۆ خودی گوتار بەدی دەكات, واتە مەبەستگەرایی هاوبەش.

2ـ لە میانەی ئەو قسەو دەنگۆیانەی لەبارەی كاری داهێنەرانە دەكرێت, لەرێگەی هۆیەكانی گەیاندنی جەماوەریی(رۆژنامەگەری, رادیۆ, تەلەفزیۆن) بە شێوەی ریپۆرتاژ, رەخنەو لێكۆڵینەوە.

3. لە میانەی ئەو دەنگدانەوەو لێكدانەوە كۆمەڵایەتیەی كە بینەران دەیگۆڕنەوە یان دەیگوازنەوە.

4ـ بە هۆی ناسینی پێشتری هەڵوێستی داهێنەران لە نمایشی شانۆییدا, لەوانەش(دانەر, دەرهێنەر, ئەكتەرەكان) یانە شانۆیی بە گیانە بە كۆمەڵەكەی‌و هەڵوێستە فیكری‌و تێڕوانینە جیهانگیریەكەی.

5. لە میانەی توانای نمایش, سەبارەت بە داڕشتنەوەی دیاردەی هاوچەرخ بەو هۆیانەی كە هانی بینەر دەدات بۆ هاوكاری كردن لەگەڵ مەبەستگەرێتی نمایش یان بابەتی گشتی كە بابەتی گەرماو گەرمە.

6ـ لە میانەی توانای ئەو نمایشەی كە پێشتر هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەبابەتی پێشكەشكراو رادەگەیەنێت.

7. لە میانەی نێو لێكدانەوەی ئەو جەڤەنگ‌و دەلالەتانەی كە مانای فیكری‌و سیاسی‌و كۆمەڵایەتی بەرجەستە دەكات, كە دەیەوێ بیگاتێ یان دووپاتی بكاتەوە یاخود كار بۆ بڵاوكردنەوەو فراوانكردنی بكات.

8ـ نمایش توانای هاندانی هەبێت یان هاوكاری لەگەڵ خودی مەسەلەی بینەردا بوروژێنێ.

وە لەوێشدا گەلێك فاكتەری تر هەن, كۆمەڵایەتی, تاكبەندی, بەڵام بناغەیەك بۆ هێنانەدی یەك لەو هۆكارانە یان توخمەكان, یان هەر هەمووی پشت بەبەهای رۆڵی نیشانە دەبەستێت لە شانۆدا.

## نمایشی شانۆیی



نمایشی شانۆییدا كۆمەڵێك باوەڕی پێویست هەیە, واتە جۆرێكە لەو رێكەوتننانەی كە لە نێوان ئەكتەرو بینەردا مۆركراوە, بۆ ئەوەی یەكەم پەیوەندی بكا بە دووەم‌و بە پێچەوانەوەش بە ئامانجی بووژاندنەوەی هەست كردن بە ژیان‌و جەوهەرەكەشی لەو چالاكییە مرۆییە تەواو دەبێ كە بریتییە لە كردارو شێوەكەی, واتە كرداری ئەو نمایشەی كە پرۆسەی پەیوەندیكردن یان گەیاندن ئەنجامەكەی دەهێنێتەدی, بە ئامانجی فێركردنی بینەر یان زانینی یاخود ناسینی باوەڕەكانی. وە نمایشی شانۆیی خاوەن زمانێكەو لەسەر بنچینەی سیستەمی دەلالی دانراوەو بە سیستمی پەیوەندییە(ئاماژەكان) بینراوو بیستراوەكان دەناسرێت, كە ئەویش لە ناوخۆییدا, چەندین زمان بە كار دەهێنێت بۆ گواستنەوەی بیرۆكەكان لە نێوان قسەكەراندا, لە پێناو هێنانەدی مەرجی كۆمەڵایەتی مرۆڤایەتیانە لەگەیاندندا, چونكە زمان بریتییە لە كۆمەڵێك نیشانە كە گوزارشت لە فیكرو ماناو هەست‌و سۆزەكان دەكات, لە چوارچێوەی ژیانی كۆمەڵایەتیانەی نمایش كراو لەو شوێن كاتەی كە بۆ ژیانی هاوبەشی ئادەمیزاد دیاریكراوە.. وە ژیانی ئەو نیشانانەش بەستراوەتەوە بە مانای ژیانی كۆمەڵایەتی‌و كرداری مرۆڤایەتیانەوە كاریش بۆ پێشكەش كردنی گوتاری شانۆیی دەكات, چونكە نمایشی شانۆیی واقعێكی هەبوو(موجود) پێشكەش ناكا, بەڵكو وا لەم واقیعە دەكات كە جووڵەكەی بوونی خۆی هەبێت بە ئامانجی تێگەیشتن‌و ناسین‌و پەی پێ بردنی.

نمایشی شانۆیی ناتوانێ یاخود بۆی نییە گوتارێكی شانۆیی پێشكەش بكات ئەگەر پشت بە واقع‌و كۆمەڵ‌و هەل‌و مەرجی كۆمەڵایەتی‌و مێژوویی نەبەستێت كە بەشداری لە دەرهێنانەكەی دەكات, یان یارمەتی دەدات هەروەها ئەو نمایشە شانۆییەی كەهەوڵ دەدات واقع‌و ژیانی كۆمەڵایەتی لابەرێت یاخود هەوڵی لەناوبردنی یان پەراوێزكردنی واقع‌و ژیانی كۆمەڵایەتی دەدات نابێتە خاوەن دەنگدانەوەی خۆی یان دەنگدانەوەكەی شوێنێك بۆخۆی نادۆزێتەوە

یان توانای داڕشتنەوەی ئەو نێو لێکدانەوەیەی نییە کەبەشێکی گرنگی توخمەکانی گوتاری شانۆیی پێك دەهێنێت, بەڵام لەتوانادا نییە ئەو خۆی ببێت بەڕاستی یان حەقیقەتی نمایشەکە, ئەگەر بێتو بایەخ بەپێکهاتەو توخمەکانو ئەکتەری کارامەو وەرگری دی نەدەین.. بەخششەکانی نمایش تەنها خۆی بەس نییە, ئەگەر بێتو توانای خوڵقاندنی نمایشی هاوتەریبو کرداری هاوتەریبی لای بینەر نەبێت, چونکە بینەر دەبێ لەشانۆگەریدا, خوێندنەوەو پێکهاتەی نمایش دووبارە بکاتەوە, بەهەمان ئەو بەخششانەی کەئەکتەر هەوڵ دەدات بەهۆیەوە داهێنان بکات.

نمایشی شانۆیی ئەو کاتە پوخت دەبێت کە بینەر لە تەماشاکردنی بووبێتەوە, یان ئەو کاتە کامڵ دەبێت کە بینەر لە خودی خۆیدا, یان بە هۆی ژیانەوە, ڕووداوەکانی ببینێت, نمایشی شانۆیی لەگەڵ گرفتەکاندا دەژیو لە میانەی خوێندنەوەی ژیانیشدا کامڵ دەبێت بەپێی شارەزایی نمایشەکە, چونکە نمایشەکەش پشت بە خوێندنەوەی هەمان ژیان دەبەستێتو هەروەها نمایشەکەش بە بە پشت بەستن بە پاشخان یان پێشینەی(خلفية) نووسەرو دەرهێنەرو ئەکتەرو توخمەکانی تری شانۆ پاشخانەکانیان دەبێت, جگە لەوە لەسەر پێشینەی ئەو بینەرەش دەوەستێت کە بونیادی یاخود بنیاتی نمایشەکە بە گشتی دووبارە شی بکاتەوەو لە هەمان کاتدا بیتوێنێتەوەو بە پێی ناسینو زانینی پێشتری ئەزموونو شارەزاییەکەی کە لە هەمان کاتدا ژیانو مێژووو, سروتو نەریتەکانیەتی.



شانۆ ژیان بەرهەمی هێناوەو لە هەمان کاتیشدا ئەنجامەکەیەتی.. واتا ئەوەی کە لەسەر شانۆ پێشکەش دەکرێت ژیان خۆیەتیو, پشت بە ژیانی گشتی دەبەستێ بۆ تاك لەناو کۆمەڵدا بۆیە دەبێ نمایشی شانۆ هەڵگری جەوهەری مرۆڤ بێت بە جووڵەو ململانێو, ئاوێتە بوونەکەیدا, وە نمایشی شانۆیی بە ململانێو گرژیو پشێوەکانی

بەس بێ, بەبێ ئەوەی کار لە مرۆڤ بکات. هەندێك نمایش لە هەوڵی ئەوەدان کە چەند وێنەیەك بدەن بە هەندێك لە باوەڕەکان, وە چەند وێنەیەکیش لەبارەی کۆمەڵ کوژی مرۆڤو کاولکاری پێشکەش بکەن, بەڵام بەبێ ئەوەی شتێکیش بڵێن. ناڕوونی شانۆیی لەوانەیە لە جووڵاندنی بینەرو هاندانیدا داواکار بێت بۆ ئەوەی ڕۆڵی داهێنەر یان هونەرمەندی ئەفرێنەر بۆ نمایش ببێنێت, بەڵام بە مەرج یان بە مەبەست نییە کە نمایشی شانۆیی بگۆڕێت, بۆ بابەتێکی هونەری ئێساتیکی یان ناڕونی تەمومژاویانە.. مومکین نییە گوتاری شانۆیی, لە میانەی ئەو جۆرە نمایشە شانۆییانە بەردەوام بێت کە پەیوەندی نێوان نمایشی شانۆییو بوونی مرۆڤایەتی دەپچڕێنێت.. وە ئەوەی کە دەکرێ نمایشی شانۆیی لە بەهاکانی بڕوا یاخود متمانە دروست بکات. باوەڕهێنانیش بەوەی کە هەرچییەك پێشکەش دەکرێت ڕەنگ لە پەیوەندی مرۆڤ بەبوونی مرۆڤایەتی دەداتەوەو هەر ئەویشە کە دەتوانێ جەخت لەسەر بوونی گوتاری شانۆیی بکاتەوە بە هەموو بەخششەکانیەوە.. ئەگەر پاش ملە باسکردنو پروپاگەندەکرن بۆی لەسەر, بنەمای گوزارشت کردن بێت لە حەقیقەتی مرۆڤ ئەوا کەوتنە وەهمە لە میانەی کەناڵێکی ترەوە کە تیایدا گوتاری شانۆیی توانای خۆی لەدەست دەدات, سەبارەت بە وروژاندنی بیرکردنەوەو چێژوەرگرتن, وە بەشداریش لەلایەنی ڕۆحی بینەر دەکات.

هەندێك لەوکارانەی کە بانگەشەی پێشڕەوی یان نوێکردنەوەی دەکەن, ڕەنگە بکەونە ئەو قەدەرەی کە کۆمیدیا یان شانۆیی کۆمیدیا تێی کەوتەوەو لەو حاڵەتەشدا هەردووکیان پشتیان بەستووە بە جیاوازیی زمانەوانی یاخود جیاوازی لەنواندنە جیاوازیەکانو دژ بە یەکبوونی فۆرمۆڵەیی بەرەو حاڵەتی پێکەنینت دەبات, بەڵام تۆزقاڵێك لە مەعریفە یان ئەو حەقیقەتە نادات کە بە نیازە لە گوتاری شانۆییدا پێشکەشی بکات, بەڵام ئەگەر بێتو جیاوازیو ناکۆکیو دژ بە یەکبوون لەگەڵ کرداری بووندا, لەناو بزاڤی کۆمەڵو لەهەمان کاتدا, بە گوتاری

www.pertwk.com

شانۆیش بەستراوە, ئەوە هەڵوێستەکە بە گشتی دەگۆڕێت بۆ بیرۆکە, کە لە وانەیە لە داهاتوودا مانایەك دابمەزرێنێت, یان ئەو مانایە بێت کە لە پاش نمایشەوە بەدەست بهێنرێت.

نمایشی شانۆیی ئەو دەلالەتانە بۆ وروژاندنی خەیاڵگەو هەڵچوون پێشکەش ناکات, سەبارەت بە نمایش و وێڵ بوون لە خەیاڵگەدا کە دووربێت لە بەردەوامبوونی نمایش بە مەبەستی گەیاندنی گوتارەکەی, بەڵکو پێویستە نمایشی شانۆیی خەیاڵگە بە واقیع و بیرکردنەوە ببەستێتەوە..خەیاڵگەش بۆ خەیاڵکردنی مرۆڤ بەس نییە, پێویستە لەسەرمان یادەوەری هەڵچوون بەتاڵ کەین و لەلایەك بە واقیعی ببەستینەوە, لەلایەکی تریش بە خەیاڵگە, بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی نمایشەکەو, ملکەچیش بین بۆ گوتارێکی شانۆیی کە لەسەر بنچینەی پەیوەندی عەقڵ بێت لەلایەك و بە خەیاڵگەوەو لەلایەکی ترەوە, پەیوەندییەکی بەهەموو شێوەکانی واقیعی دامەزراو ژیاو یادەوەریدا بێت لە میانەی ئەو داب و نەریتە یان دەلالەتە رەفتاری و دەرونی و کۆمەڵایەتیانەی کە کۆی کردونەتەوە.تیل نیشانی کۆمەڵایەتیانە برێخت دەیەوێ بە هۆی ئەکتەرەوە جەختی لەسەر بکاتەوە, ئەمەش شێوەیەکە لە شێوەی ئەو دەلالەتانەی کە لەیەك کاتدا کار بۆ وروژاندنی یادەوەری و خەیاڵگە دەکات, لە پێناو گەیاندنی گوتاری شانۆیی... ئەو نمایشەی کە هەوڵدەدا ناڕوونی رەنگدەرەوە یەك بێت بۆ وڕێنەیەکی خودیانەی رەهایی, نمایشێکەو هەڵگری یەکێتی نمایش نییەو بە خراپیش بەسەر گوتاری شانۆیی تازەدا دەشکێتەوە, بگرە ئەگەر بێتو پشتی بەو دەقانەش بەست کە لە یادەوەریدا نیشتەجێ بووەو پێشتریش لای بینەر ناسراو بووە, کە لێرەوە هەوڵی ئەوە بدات هەڵێنجراوێکی(استنباط) تازە بۆ رۆحیەتەکەی دابنێ و پشتی پێ ببەستێت... دەقەکانی وەك هاملێت, لیر شاە, ماکس, ئەو دەقانەن کە بەلای کەمییەوە ناسراوو ئاشنان بە خەڵکی روناکبیر, ئەو کاتەی بینەر لە نمایش حازر دەبێ, نمایشێکی



تایبەت بە خۆی هەڵگرتووە کە هەڵقولاو, یان زادەی خوێندنەوەو خەیاڵگەکەیەتی, کە هاوشانی تواناکەی بێت, سەبارەت بە خەیالاوی کردنی دەق بەپێی ئەو خوێندنەوەیەی کە واقیعی پشت پێ بەستوو(المستند) دەیاکات و, دەکرێ ئەو دەقانەش لەواقعەوە بدرێ بە بینەر.. بینەر کە بۆ تەماشاکردنی نمایش ئامادە دەبێت, نمایشێکی کامڵی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە, یاخود هەڵگری نمایشێکی کامڵە یان باشترە بڵێین بینەر هەڵگری راڤەیەکە بۆ واقع لەژێر رۆشنایی شانۆگەرییەکە یان هەڵگری راڤەیەك بێت کە پشت بە واقیعی ژیاو دەبەستێت و, وای لێدێت کە لەگەڵ شێوەی تایبەت بە خۆی بەریەك بکەوێ و لە هەمان کاتدا پشت بە(فلاش باك– تداعیات)ی دەق ببەستێ لە خەیاڵگەی دەرهێنەردا... دەبینن ئەو شێوەیە گۆڕاوە بۆ بەخشش و بۆ ئەوەی ببێتە خەیاڵێکی کاراو پڕ موناجات بۆ ئەوەی حەماسەتی راڤەچی زیاتر بکات لە هەر شتێکی کە لە خودی نمایشی شانۆگەرییکەدا هەیە, واتی راڤەچی بۆ نمایش ئەو کەسەیە کە دەوری سەرەکی لە دووبارە بنیادنانەوەی نمایش دەگێڕێت, نەك لەسەر بنچینەی ئەوەی کەچی پێشکەش کراوە, بەڵکو لەسەر بنچینەی ئەو پشتیوانییەی کە بینەری راڤەچی هەڵیگرتووە نەك بۆ نمایش, بەڵکو بۆ واقع کە توانا بە خەیالاوی بوونە سەرەتاییەکەی خۆی لەبارەی دەقەوە بخاتە سەری... لەوانەیە ئەو نمایشانە پەسەندکراو بن و, لەلایەن بینەریشەوە پێویستیان بە راڤەکردن هەبێت, نەك لەبەر ئەوەی کە نمایشی شانۆیی, گوتاری هونەری خۆی هەیە, بەڵکو لەبەر ئەوەی کە بینەر خۆی گوتاری خۆی هەیە, بەڵام بەنسبەت ئەو بینەرەش کەدێ و تەنیا هەڵگری هەستی سروشتی خۆیەتی و, هیچ پاشخانێکیشی سەبارەت بە دەق یان نمایش نییە, لەهەمان کاندا هەڵنەستاوە بە کردنی سەرەتایی خۆیەتی کە پشت بە خەیالاوی کردنی پێشینە ببەستێ, لەوەی کە پێشکەش کراوە, لە کاتی راڤەکردنی واتاو مەبەستەکانی نمایشداو دەکەوێتە شڵەژان. کارلێکردنی دیالەکتیکانەی

www.pertwk.com

نێوان بینەرو نمایش ئەو خواستەیە کە گوتاری شانۆیی بۆیی چووە یان بۆی دەچێت, بەڵام دوای ئەوەی کە نمایشی شانۆیی مانای تایبەت بە خودی خۆی پێشکەش دەکات. خەیاڵگەی بینەر لەوانەیە بێتە شوێن و کاتی نمایش, بەڵام پاڵنەر یان مۆتیڤەکانی نمایش دەبێ دەوڵەمەندو قووڵ بن بە شێوەیەك کە دەرفەتی راڤەکردن لەبینەر بدەن, نەك گوتاری شانۆیی بە راڤەکردنی بەس بێ و دووریش بێت لە جەوهەری نمایش کە لە بنیاتەکەیدا جەوهەری مرۆڤ پێشکەش دەکات.

زمانی نمایشی شانۆیی دەبێ لەسەر بنچینەی سیستەمی ئەو پەیوەندییانە دروست بووبێت کە لەبوونی خۆیدا, هەڵگری زمانی گوتاری شانۆییە.. ئەو نمایشی شانۆییەی کە چەند شێوەیەك بە پشت بەستن بە بینای بینەر پێشکەش دەکات بۆ خۆ دەربازکردن لە سیستەمی بەرهەمهێنانی مانا رەنگە زمانی گوتاری شانۆییش ون بکات, ئەگەرچی سوودیان لەو هەموو شتانەش وەرگرتبێت کە رزگاریان بووە لە سروشت و لاسایی کردنەوە لە نمایشدا. لە شانۆدا دەکرێ مانا تەنهابە پشت بەستن بەڕێسا بنچینەییەکانی رێکخراو بوون بۆ نمایش یان دەق بەرهەم بهێندرێت, چونکە دەکرێ سیستەمە فەرهەنگیەکانی بەهۆی بیرو بۆچوونی هاوکاتیەوە دیراسە بکرێت یان لێ یان بکۆڵدرێتەوە، مادامێك شانۆو هونەر توانای گەشەپێدانی سیمیۆلۆژییان هەیەو تەنانەت گەشەپێدانی ئاماژە لەژیانیشدا.

نمایشی شانۆیی رەنگدانەوەی لەبەرەو پێشەوە چوونی ئەو پەیوەندیانە کە لەواقع و مێژوویی هەیە، چونکە نمایشی شانۆیی حاڵەتی نامۆبوونی مرۆڤ لەکۆمەڵدا ئاشکرا دەکات. واتە ئاشکراکردنێکە بۆ رایەڵی یاخود تۆڕی پەیوەندیە مادديەکان، یان پەیوەندیە فیکریە رۆحیەکان یاخود پەیوەندییە مادییە فیکرییەکان لەمەیدانەکانی بەرهەمە ماددی و مەیدانەکانی پەیوەندییە سیاسی و یاساییەکان و ئاشکراکردنی پەیوەندی و ململانێیە لەنێوان تاك و کۆمەڵ، لەنێوان سەربەستی تاك و سەربەستی کۆمەڵایەتی، لەنێوان



کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی سیاسیدا، نمایشی شانۆیی لەڕێگەی هۆیەکی دروستکراوو لەحاڵەتی سروشتی و حاڵەتی کۆمەڵایەتی نمایش دەکات، لەپێناو رەنگدانەوەی وەرگرتن و بەرەنگاربوونەوەی... واتە نامۆکردنی حاڵەت بەهۆیە هونەرییەکان، نمایشی شانۆیی ململانێی مافی تاك و بوونی کۆمەڵایەتی نمایش دەکات.

## تاییە تمەندیەکانی نمایشی شانۆیی

نمایشی شانۆیی بەچەند تایبەتمەندیەك دەناسرێت کە سەربەخۆیی شانۆو دامەزراندنی بۆ هونەرەکەی دیاری دەکات:

1. ئامادەبوونی شانۆیی: مەبەستمان لێی چالاك بوونی بینەرە لەو شوێن و کاتەی کە دیاریکراون و تیایدا کردەی وەرگرتن و هاوبەشیکردن ئەنجام دەدرێت کە بەپلەی یەکەم پشت بەئەکتەرو بینەر دەبەستێ و بوارو تواناش بەئامادەبووان دەدرێت کە تێڕوانینی خۆیان بخەنەڕوو لەسەر ئەوەی کەدەنوێندرێ پەیڕەوکردنێکی کۆمەڵایەتیانەیە.

2ـ بەرهەمی ئەکتەرو کارەکەی لەسەر پێکهێنانی کاراکتەری درامایيانە کە بەرهەمی ئەکتەر خۆیەتی بۆ کەسێتییە زیندووەکەی (خۆی) و کەسێتییە دراماییەکەی، کەبوونە مادییەکەی، لەگەڵ کۆتایی هاتنی نمایشی شانۆیی و کاریگەریی کردار لەنێو نمایشدا کۆتایی پێدێت.

3. گۆڕین: ئەو توانایەیە کە نمایشی شانۆیی بەهۆیەوە دەناسرێت بۆ گۆڕینی دەلالەتی ئەو هەموو شتانەی کە تایبەتمەندیەتی خۆیان وندەکەن، بۆ ئەوەی خۆی بخاتە ناو تایبەتمەندێتی نمایش و تیایدا مانا بەرهەم بهێنێت (واتە بەشانۆکردنی شتەکان) یاخود حاڵەتی بەشانۆبوون.

www.pertwk.com

4ـ هاوكاتی: ئەمەیان كردەی پەیبردن و وەرگرتنە، واتە پەیبردنی زیاتر لەشتێك لەیەك وەختدا ئەنجام دانی زیاتر لەكردارێك لەیەك كاتدا.

5ـ پێكهاتەیی: ئەوەشیان ئەو توانستەیە كە هەیەتی لەسەر پێكهاتەی هونەرییانە وەك مۆسیقا سەرچاوەو تایبەتمەندییەكەی خۆی دەپارێزێت، بەڵام دەكەوێتە چوارچێوەی پێكهاتەی نمایشی شانۆیی (واتە بەشانۆكردن).

6. كاملبوون: ئەوەیان بیناكردنی یان بنیاتنانی یەكێتی نمایشی شانۆیی كاملەو لەبەشدا تایبەتمەندیەكانی نامێنێت، بەڵام بەشداری لەگشتدا دەكات و یەكێتییەكەشی دەپارێزی و بینەریش وەك رایەڵێك لەماناكان دەیدركێنێ یان كۆمەڵێك مانای رایەڵكراو پەی پێدەبات نەك وەك مانایەكی یەك لاییانە(الاحادی).

7ـ بەدوای یەكداهاتن و بەدواداچون: ئەمەشیان پشت بەدال و مەدلول دەبەستێ، واتە پرەنسیپی بەردەوام بوون. نمایش ئەوكاتە بۆ هونەر بەرز دەبێتەوە كەخاوەن گوتاری خۆیبوو، كەوابێ نمایشی شانۆیی خۆی سیستەمێكی بونیادی دراما ئامێزەو، گوتارێكی شانۆیی واشمان پێشكەش دەكات كە بریتییە لەهێزێكی پەی پێبراوی زاڵبوو بەسەر بیرۆكەو رووداوو كردارو هەلسوكەوتەكانی واقع لەژێر تاقیكردنەوەو لەمیانەی ساتی نمایش و گوتارەكەیدا، بەناسینی توخمێك یان تاكێك (مفردة) لەتاكە دراماییەكان ناتوانین كۆنترۆڵی تەواوی نمایشی شانۆیی بكەین، مەگەر لەگەڵ سەرجەم موفرەداتەكان و لەمیانەی كردەی گۆڕان و ئامانجەو كاملبووندا یەكبگرن. چونكە نمایشی شانۆیی تاك نیشانە نییە، بەڵكو رایەڵێكە لەیەكێتییە سیمائیە جۆراوجۆرو لەیەكتری جیاوازەكان كەسەر بەمرۆڤن و كاریگەری بوونی نمایشی شانۆییش لەو ئاستەدا دەبێت كەتوانای وروژاندنی گوتاری شانۆیی و گەیاندنی هەیە، نمایشی شانۆیی یەكێتییەكی سیمیاگەرانەیەو بەشێوەیەكە (دال (واتە هەڵگر) دەبێتە (شتێك یان



كۆمەڵێك توخمی ماددیانە)و مەدلولیش دەبێتە (بابەت/ جوانی شاراوە بەهەستی دەستەجەمعییانە). یەكێتی سیمیائیەكان لەنمایشدا پشت بەسیمیاكردنی شانۆیی دەبەستن، وەشانۆش پشت بەزۆری ئاماژەو پاڵنەرو مۆتیڤەكانی دەبەستێت كەهەڵگری بەهای جەڤەنگداری بەكۆمەڵایەتی بوونی بێت.

## نیشانەكانی نمایشی شانۆیی

نمایشی شانۆیی پشتی بەچەندین جۆر نیشانە بەستووە:ـ

1. نیشانەی جێگیرو مەبەستەكەی و هەڵگرتنی ماناكەی.

2ـ نیشانەی هەڕەمەكیانە كە بۆمانای بەرهەم هێنراو ناگەڕێتەوە، بەقەدەر ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندییەكانی پێشكەش كردن یان پێشكەش كەر.

3ـ نیشانەی بەیەكەوە بەستراو(ئەو نیشانە شانۆییەیە كە ئامادەكراو بۆ ئەوەی بەسەركەوتوویی شوێنی مەدلولە مەبەستدارەكەی بگرێتەوە)و دەكرێ بەدوو بەشەوە:

أ. نیشانەی مەبەستگەرایی.

ب ـ نیشانەیەك كە پەیوەندیی بەواقیعی ئەكتەرەوە هەیە.

دەكرێ جۆری نیشانەكانی ناو نمایشی شانۆیی بەوشێوەیە پۆلێن بكەین:

1. نیشانە سروشتییەكان:

ئەم نیشانەیە بەهۆی یاسا مادییەكانەوە دیاری دەكرێ و پەیوەندیی نێوان دال و مەدلول و پەیوەندیی هۆو هۆكارە (العلە و المعلول) راستەوخۆكان (هۆ، پاڵنەر، ئەنجام) لەگەڵ خۆی كورت دەكاتەوە.

2. نیشانە دروست كراوەكان

www.pertwk.com

ئەمەش وەك ئەنجامێك بۆ دەستێوەردانی مرۆڤایەتی تاقی کەرەوە دیاری دەکرێت (واتە مرۆڤ شتەکان دروست دەکات تاکو ببێتە دەلیل‌و ئاماژەش بۆ مەبەستەکانی بکات. واتە دەکەوێتە کرداری چاودێریی هۆکارەوە (المعلل) لەدانانی پەیوەندییەك، لەنێوان هەڵگری نیشانەو مەدلولدا واتە لێکدانەوەی مەدلولدا.. ئەمەش بەڕوونی لەونمایشە شانۆییەدا دەبینین کەنیشانە سروشتییەکان دەگۆڕێت بۆ نیشانە دروستکراوەکان، کە ئەویش لەلای خۆیەوە گۆڕینی کردارە خۆویستەکانی ژیان بۆ نیشانە خۆویستەکان دەگرێتەوە.. بەو شێوەیە دەبێت کەدیاردەکانی نمایش بەئەرکی دال هەڵبستێ، هەرچەندە پەیوەندییەکانیشی کەئاماژەی پێدەکات ئەنقەستانە بووە، وەنیشانەش لەنمایشی شانۆییدا رۆڵێکی دەستەبەرکراوی هەیە، واتە ئەو توانایەی هەیە کە هەموو رووالەتێك لەنمایشدا دەستەبەر بکات، بۆ ئەوەی مانایەك بەرهەم بهێنێت کە پێچەوانەی تایبەتمەندی نیشانەی خۆی بێت، وە ئەمەش بەهۆی ئەو توانایەوە دەبێت کە هەیەتی لەسەر گۆڕان، واتە بەکارهێنانی تاکە وشەی دراما ئامێز (نیشانە) لەزیاتر لەمانایەکدا بەپاڵپشتی ئەو توانایەی کە هەیەتی لەسەر بەسروش کردنی شتەکانی‌تر، واتە بەنیشانەکانی‌تر.



## لێکۆڵینەوە شانۆییەکان‌و پەیوەندیی بەگوتاری شانۆوە

گوتاری شانۆیی زادەی لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان نییە، بەڵکو جۆرێکە لەجۆرەکانی لێکۆڵینەوە کەکار لەسەر تایبەتمەندێتی شانۆ دەکات‌و، شانۆش لەتێکڕای هونەرەکانی‌تر جیادەکاتەوە، هەروەها لێکۆڵینەوەشە دەربارەی سەربەخۆیی شانۆ، چونکە شانۆو تیۆرو پێکهاتەکانی‌و توخمەکانی وەك (ئەکتەر، بینەر، شوێن، کات) لەژێر رۆشنایی رەگەزە ئەدەبییەکان‌و تیۆرو ئەدەب‌و هونەردا لییان کۆڵدراوەتەوە (لێرەدا مەبەستمان ئەو هونەرانەن کە دەکەونە چوارچێوەی پێکهاتەی شانۆییەوە) لەتەك لێکۆڵینەوە دەروونی‌و کۆمەڵایەتی‌و فیکرییەکان‌و پەیوەندیشیان بەشانۆو زانینی یان زانستی‌و داهێنەران تیایدا، لەپێناو ئەوەی دەقی شانۆیی بگۆڕدرێت بۆ گوتاری شانۆیی، (ئەرەستۆ) خۆی چەند مەرجێکی داناوە بۆ مەرگەسات‌و کۆمەڵەکەشی هەمان مەرجی دیاریکردووەو بووەتە پێناسەیەکی نوێش بۆ مەرگەسات کە ئەمانەن:

1ـ بەستنەوەی کتوپڕ سەمەرەیی لەنێوان رووداوەکان کەوا دیارە رێکەوت بەمەبەست کاری تیادا دەکات.

2ـ گۆڕانکارییە لەناکاوەکان، یان گۆڕان لەهەڵسوکەوت‌و رەفتاردا هەروەك چۆن ئەو کاتەی هەڵسوکەوتێکی دیاریکراو روودەداو دەبێتە دژی ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکە.

3. ناسینی ئەو کاراکتەرانەی کە هێشتا ناسنامەکانیان دیار نییە یان ناڕوونن.

4ـ ئەو کارەساتانەی کە دووچاری یەك لەپاڵەوانەکان بووە، نەك لەبەر ئەوەی تاوانێکی راستەقینەی کردووە، بەڵکو لەبەر ئەوەی هەڵەیەکی چارەنووسازی ئەنجام داوە.

5. ئەو کردارە توندوتیژەی دەیکات، بەڵکو خەریکە هەندێ کەس دژی خەڵکی‌تر دەکەین، بەڵام لەدوا جاردا لێی لادەدەن، ئەمەش یان لەبەر ئەوەیە کە بزانین کێ دووچاری توندوتیژیی دەبێ یان بەهۆی پەیوەندییەکان یان بەهۆی تووڕەبوونەوە، کە ئەوەش باشترین هاندەرە

لەحاڵەتێکی وەك ئەوە بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، سەرەڕای ئەوەی کەخۆیان لەسروشتی ئەو پەیوەندییەی کە بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە بێئاگا دەکەن (بڕوانە (مدخل لجامع النص) ل30). وەهەر لە (ئەرەستۆ) وە جیاوازی لەنێوان نمایشی شانۆو گوتاری شانۆییدا بۆمان دەرکەوتووە بەو شێوەیە دەبینین کە دیاریکردنەکانی (ئەرەستۆ) بەتەنهاش نەبووە، بەڵکو لەشیکارکردنەکەدا، دابەش بووە بەو شێوەی خوارەوەش بووە:

1ـ باڵادەست بوونی داڕشتنی مەرگەساتبار بەسەر داڕشتنی گێڕانەوە.

2ـ باڵادەست بوونی شێوەگەرایی کە لەبەکارهێنانی کێشە شیعرییەکانو بوونی مۆسیقاو نمایشەوە، ئەنجام هاتووە.

3ـ بالادەست بوونی زەینی (الذهنی) کە لەبەیانو بیژەو نواندندا بەدەرکەوێت.

4ـ باڵادەست بوونی جوانکاری کە لەچڕی دەقو یەکێتییەکەیدا دەردەکەوێت.

5. باڵادەست بوونی ناوەڕۆك لەبابەتی مەرگەساتیو (بڕوانە هەمان سەرچاوە ل28) باڵادەست بوونی ئەم ناوەڕۆکە وا لەقەڵەم دەدات کە ئەدگارو سیماکانی ئەو دەقە شانۆگەریەیە کە بەرزی دەکاتەوە بۆ پلەی گوتاری شانۆیی وەشیعریش بۆ شیعرگەرایی بەرزدەکاتەوە.

هەر لەسەرەتاوە (ئەرستۆ) (بابەتی مەرگەسات)و (شێوەی درامایی) دەست نیشان کردوەو لەبابەتی مەرگەساتیش دا زۆربەی رەگەزەکان بەشدارییان کردووە، بەڵام بەشێوەیەکی دراماییانەی تایبەت بەشانۆ بەشداریان کردووە، ئەوەیە مەرگەساتبار کە مەرگەساتی لێدەکەوێتەوە، ئەمەش هەروەك ئەوە وایە کەنمایشی شانۆیی لەدەرەوەی گوتاری شانۆییدا هەیە.. چونکە لەوانەیە رووداو ببێتە بەشێك لەنمایشی شانۆیی، بەڵام ئەوەی کە لەترسو بەزەیی پێداهاتنەوە دەیورووژێنی جەوهەری چوارچێوەی گوتاری شانۆیی



(ئەرەستۆ تالیسی)یە، کە تاکو ئێستا لای(ئەرەستۆ) خۆی ون بووە یاخود دیارنەبووە، بەشێوەیەك کەتیایدا دەبینین (ئەرەستۆ) ئەو کردارو رووداوەی بۆمان دەست نیشان کردووە کە توانای وروژاندنی ترسو بەزەیی پێداهاتنەوەی هەبێت، وەلەئامادەنەبوونی نواندنی شانۆییدا (واتە غیابی نمایش)، واتە لەوێدا زۆر نمایشی شانۆگەری بوونی نییە، بەڵام ترسو بەزەیییان نەوروژاندوە.. رووداوو کردارو کاراکتەرەکانیشی تێدایەو رەنگە بابەتی دراما ئامێزیشی تێدابووبێت، بەڵام رەنگی درامایی تێدا نییە.. واتە خاوەن گوتاری شانۆیی نییە، بەواتایەکی تر نەگەیشتۆتە پلەی گوتاری راستەقینەی شانۆ، کەواتە گوتاری شانۆیی لای (ئەرستۆ) وەك شێوەیەك لەشێوەکانی گوتار بەترسو بەزەیی بەخشین دیاری دەکرا کەدەبێ رووداو توانای وروژاندنی هەبێت.

ترسو بەزەیی هەردووکیان بەرهەمی ئەو مانایەن کە نمایشی شانۆیی دەیانگەیەنێت، واتە ترسو بەزەیی هەردووکیان ئەو مانایەن کەدەبێ شانۆ بەتوخمەکانی بهێنێتە بەرهەم، کەوا بێ ترسو بەزەیی کۆمەڵێك نیشانەن کە لەدالو مەدلول پێك هاتووە بۆ ئەو نیشانە شانۆییەی کە رووداو یەکێکە لەتوخمەکانی. گوتاری شانۆیی بەپێی پێشکەوتنی شانۆو بنیاتە دراماییەکەی گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

بۆ نموونە (برێخت) گوتارێکی شانۆیی نوێ پێشکەش دەکات، هەردووکیان ئەو مانایەن کەدەبێ شانۆ بەتوخمەکانی بیهێنێتە بەرهەم کەوا بێ ترسو بەزەیی گوتارێکی شانۆیی نوێ پێشکەش دەکات، سەبارەت بەوەی کەدەبێ کردارو روداوێك یان لەکاتی دەرك کردنی بەتوندوتیژیو ترسو چێژو خۆشی بوروژێنێ، لێرەدا نامانەوێ ئەوە بسەلمێنین کە ئایا (ئەرەستۆ) گەیشتووە بەگوتارێکی شانۆیی بەقەدەر ئەوەی کە لەبەردەم ئەم خاڵەدا وەستاوەو بابەتی مەرگەساتیو داڕشتنی دراماییانە بەس بووە...

www.pertwk.com

ئەگەرچی لەدوو توێیەکانی‌دا، گوتاری شانۆیی و هەندی لەتایبەتمەندیەکانی ئەو گوتارەی هەڵگرتوە، لەبەر ئەوەیە کە دەبینین زۆر لەتیۆربێژەکان گفتوگۆیان لەسەر (ئەرستۆ) کردووە، ویستویانە راڤەشی بکەن، بەڵکو بەدیاریکردنی مەرگەساتیش لای ئەو بەسنەبوون و لەسنوری ئەویشیان تێپەڕاندو مەرجی نوێی خۆشیان زیادکرد، بۆدیاری کردنی مەرگەسات، وەکو برێخت کە لەتیۆربێژیەکەی بۆ هەندێ چەمکی بنچینەیی گوتاری شانۆیی کردی‌و ناوی نا چەمکی (نامۆیی)، وەك هۆیەك بێت لەهۆیەکانی ئەفراندنی گوتاری شانۆیی، (ئەرستۆ) لە لێکدانەوەکەیدا گەلێك جۆری لەنمایشە دراماییەکان بەلا ناوە، لەوانەیە لەبەر ئەوە بوبێت کە هەڵگری گوتارێکی شانۆیی نییە، هەروەها هەوڵیدا لەوەش بکۆڵێتەوەو کە کامڵبوونی تایبەتمەندیەکانی گوتاری شانۆیی تیادا بینیوە، بەبێ ئەوەی ئامارەشی بۆبکات، چونکە دەزانین لەوێدا چالاکیەك زۆر هەبووە بۆ ئەو رەگەزە ئەدەبیانەی کە (ئەرستۆ) لێیکۆڵیوەتەوە گوتاری شانۆیی وای لە (ئەرستۆ) کردوە کە لەهەندێ جۆری نمایش بکۆڵێتەوەو، واز لەوی تریان بهێنێت، هەر وەکو ئەوەوایە کە داڕشتنە دراماییەکان لەو دەقانەدا کامڵ نەبووەو پشتیشی تەنیا بەپێشکەشکردنی کاراکتەرەکان بەستووە جگە لەوە (ئەرستۆ) لەو هەموو رەگەزانەش دوور کەوتۆتەوە کەتیایدا حیکایەتخوان یان سروود بێژ یان گوتەبێژ یاخود گوتار بێژ پێشکەش دەکرێ کەتا رادەیەکی باش، بەکرداری ئەو ئەکتەرە دەچێت کە لەشوێنو کات و لەساتی ئامادەبوونی شانۆیی‌دا گوتەبێژو خوان (مرتل) بێت چ بەتاکو چ بەکۆمەڵ، ئەوەیە کەخۆی بەئەکتەری ئێستا لەبەردەم بینەر، لەشوێنوکاتی نمایشدا هەروەها لەوەش دوور کەوتۆتەوە کە هەموو مەرگەساتێك بەمەرگەسات لەقەڵەم بدرێت، چونکە زۆربەی رەگەزە ئەدەبیەکانی مۆرکی مەرگەساتی گرتووە، بەبێ ئەوەی مەرگەساتی لێ پێك بێت، هەروەکو چۆن مەرجەکانی نمایشی شانۆیی لەڕەگەزەکانی تردا هەیە، بەبێ ئەوەی بەشانۆنامەشی لەقەڵەم بدەین



لەوانەش شێوەی گۆرانی، شێوەی داستانی، درامایی... بەڵام (ئەرستۆ) زیرەك بووەو بەشێوەیەك لەشێوەکان لەدرامای کۆڵیوەتەوەو بەشانۆی لەقەڵەم داوە، چونکە گوتاری شانۆیی بەکردار یاخود بەعەمەلی بونی خۆی هەبوە لەناو شانۆدا، بۆیە پێویستە لەسەرمان گوتاری شانۆیی لەشێوەی نمایشە شانۆییەکان جیابکەینەوەو بەرهەمهێنانی مانای ترس و بەزەیی و توخمە پێکهاتوەکانی ناو نمایشی شانۆیی شیبکەینەوە لەپێناو ئەوەی کە لێیکۆڵینەوەو ناوی بنێین گوتاری شانۆیی... چونکە نمایشی شانۆیی هەیەو دەبێ مانای گوتاری شانۆییش بنیات بنرێت. شانۆ تەنها لەسەر مەبدەئی لاسایی کردنەوەی مرۆڤی چالاك و کارانابێت... ئەو ئەدگارە لەڕەگەزە ئەدەبیە جیاوازەکاندا هەیە، ئەگەر نەڵێین شیعریش لەسەر خودی ئەو پرەنسیپە دەبێت کە کاتی خۆی (ئەرستۆ) هەوڵی بۆ داوە ئەوەیە کە ئەو لاسایی کردنەوەیە بەگوتاری شانۆیی ببەستێتەوە، لەپێناو ئەوەی تایبەتمەندیەك بەشانۆ بدات و لەڕەگەزەکانی تریش دوری بخاتەوە، وەهەندێك لەڕەگەزەکان لەشیعرو شیعر گەریش بەدوری دەخاتەوە... چونکە شیعر هەیەو بەڵام شیعر گەری بوونی نییە، ئەگەر ویستمان شوێنهەڵگری (ئەرستۆ) بین، پێویستە هەموو نمایشەکان لەشانۆ دوور بخەینەوە، چونکە شانۆ بەگوتارەکەی بەستراوەتەوە...(ئەرستۆ) کاتێ ئەوەی کردووە، دوای ئەوەی سروودی گۆرانی ئامێزو چامەی لاواندنەوەو پارچە شیعری لەشیعر بەلاناوە یان داوەتە لایەك چونکە بارودۆخە شیعریەکەی خۆی ون کردووە، کەواتە پێویستە لەسەرمان کە لەشانۆدا، هەموو جۆرە نمایشەکان بەلاوە نێین، کە لەجۆری راستەقینەیی‌دا بۆ رەهەندەکان یان بۆ بابەتەکەی دەکەوێت، دەبێ جیاوازی لەنێوان گوزارشتی هاوسەنگ و گوزارشتی نا هاوسەنگدا بکەین، ئەو خاڵە یان بەرەو دیاری کردنی داهاتومان دەبات بۆ گوتاری شانۆیی و تایبەتمەندیەکانی، هەتا ئەگەر رویشیدا ئەوا یەکەم خۆی ئامادە دەکا بۆ دووەم وئەویش دەیگرێتەوە.

ئەو تویێژینەوەیە بەرەو ئەوەمان دەبات کە رەگەزی شانۆیی یان نمایشە شانۆییەکان بەپێی رەگەزەکان دیاری بکەین‌و، ئەگەر بێتو هەریەك لەمانەش تایبەتمەندێتی گوتاری شانۆیی خۆی هەبوو، ئەوا بەو شێوەیە سەربەخۆیی شانۆ دەستەبەر دەکەین، ئێمە دەزانین کەلەوێدا دووڕەگەزی سەرەکی هەیە، یەکەمیان مەرگەساتەو دوومیان بەزمەساتە لەڕوی بابەت‌و شێوەوە، هەروەها لەوێدا کۆمەڵێك رەگەز خۆیان خزاندۆتە ریزی پێشکەوتنی شانۆی تازە، بەهۆی دووبەشی سەرەکییەوە، ئەوەی کە پێشکەش دەکرێ‌و ئەوەی کە لەگەڵ چوونە دەرەوە دەژێیت.. واتە ئەوەی وەهمییەو ئەوەی ناوەهمییە، ئەوەی لەگەمەی شانۆیی پشتی پێ‌بەستراوەو پشتیشی لەسەر چوونە ناو شانۆییەوە بەستووە ئایا ئەوانە نەخەینە چوارچێوەی تایبەتمەندییەکانی گوتارەوە، یان بەدەست نیشان وازی لێ بێنین، یان ئەو خاڵ‌و گرفتانەی لەدەرەوەی گوتاری شانۆیی بەجێ بهێڵین؟ چونکە بۆ هەر ئاراستەیەك لەو ئاراستانە گوتاری شانۆیی تایبەتی خۆی هەیە؟



هەرچەندە دەقی شانۆیی مافی خۆی دراوەتێ لە لێکۆڵینەوەو لەمێژەوەش لێکۆڵینەوەو تویێژینەوەکانی لەبارەوە نووسراوە، کتێبی (هونەری شیعر)ی ئەرستۆش یەکێکە لەدیارترین ئەو لێکۆڵینەوانەی کە بۆ هونەری نووسینی دەقی شانۆیی داندراوەو، ئەفلاتۆنیش شیعرو شاعیری لێك جیاکردۆتەوەو بەشێوەیەکی گشتیش تیۆری درامای خستە ناو بواری هونەرییەوە بەمەش لەسەر هونەرەکانی شانۆو نواندن‌و فەلسەفە رەنگی دایەوە.. بەڵام سەرجەم لێکۆڵینەوەکان تاکو ئەم دواییە یاخود نزیکانە لێکۆڵینەوەی بەرەنجامی بوون بەتایبەتیش لەبواری نمایشی شانۆیی‌و هونەری شانۆ، چونکە شانۆکارەکان باوەڕیان بە ئارەزووی سروشتخوازی (النزعة الطبيعية)ی فیکر هەبوو سەبارەت بەئیستیعاب کردنی‌و واقیع‌و هەڵێنجان، وە ئەوەی کەشانۆکارەکانیش دەستیان داوەتە هەڵبژاردنی یان هەڵیان بژاردوە شتێکی زۆر تازەیە، بەتایبەتیش لەسەدەی بیستدا، چونکە ئەزموون‌و لێکۆڵینەوەکانی (ستانسلاڤسکی) خۆی پشتی بەمەیدانی هەڵێنجراو بەستووە، لەمیانەی پرۆسە بەرایی‌و سەرەتاییەکان‌و کۆکردنەوەی زانیاری‌و پێکەوە ژیان‌و بگرە تێبینییەکانیش، یان کارکردن بووە لەسەر هەموو توخمەکانی شانۆیی بەجارێك بۆ جاری دووەمیش فەسڵەکان‌و دیراسەکردنیان.. لەتەك دانەرو واقیع لەسەر ئەوەی کە ئەو توخمانە پێویستیان بەدۆزینەوەی پلە بەپلە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا، تاقیگە رابردووەکەی یەکێکە لەگرنگترین تاقیگە شانۆییەکان کە ئەنجامە گرنگەکانی لەمێژووی شانۆدا بۆمان دەرخستووە، بەتایبەتیش لەوماوەیەی کەدەست کراوە بەئیشکردن لەسەر سیستمی تاقیگەی شانۆیی (ستۆدیۆ) کە ئەویش لەلای خۆیەوە هانی شانۆکارەکان دەدات بۆ هەر جۆرێك لەو سیستەمە مەعریفییەی کە کاردەکاتە سەر زیادکردنی کاریگەری شانۆیی‌و تواناکەی بۆ ئەوەی ببێتە هۆیەکی گوزارشت کردن، بەڵێ تاقیگەی شانۆیی‌و تیۆرو رێگا

www.pertwk.com

نوێیەکان بەم جۆرە دروست بوون، لەسەر بیرۆکەی ئەوەی کە شانۆ لەسەر بنەمای دەزگایەك و سیستەمێکی کەلتوری و مەعریفی هەڵسایەوەو لەگەڵ ئەوەشدا ئاڵۆزی تێکچرژاوی تیایەو راسپاردەو پراکتیك و شارەزایی سەرەتاییشی بۆ بەس نییە.. کە ئەو ئاشکرا دەکات لەدانانی یەکەم بنەمادا، لەمیتۆدی خودی ئامادەکردنی ئەکتەرو یارمەتی دەورەکەی بۆ دیاری کراوە، بەم جۆرە جووڵانەوە ئاساییەکان دەستی پێکرد تاکو بۆخۆی میتۆدو ڕێگایەك دابنێت ئەمەش لەمیانەی دیراسەکردنی ئەزموون و دووبارە هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەکەی دەبێت.. ئەگەر بێتو توێژینەوەیەك لەسەر واقیعی ئەکتەرو هۆو پاڵنەرەکانی شانۆ بنوسینماندوبوونی دەوێت و دەبێتە یارمەتی دەرێکیش بۆ دیراسەکردنی واقع و شرۆڤەکانی ئەکتەرو پاڵنەرەکانی شانۆ بۆ ئەوەی ببێتە دەرچوونێك یان خاڵی دەست پێکردن بۆ لێکۆڵینەوە لەواقع و شرۆڤەکانی، نەك لەبەر ئەوەی دەرکەوتەی شیکردنەوە تەقلیدییەکانە، بەڵکو لەبەرئەوەی دەرکەوتەیەکەو پێویستە توێژینەوەی تێدا بکەین و لێی بکۆڵینەوەو یاساکانیشی بدۆزینەوە.. وە ئەو ئەزموونانە یارمەتی پێشکەوتنی زانستی داوە، لەگەل پشت بەستن بەمیتۆدی هەڵبژێردراو بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لەبوارێکی زانستی.. هەروەها پشتی بەگۆڕەپانی هەڵبژاردنەوە بەستووە، بۆ لێکۆڵینەوە لەبنیاتی شانۆدا.. مایر هۆلد هات و پشتی بەو ئەزموونانە بەست کە ستانسلاڤسکی توانی هەڵیان بهێنێ لە پێناو ئەوەی تاقیبکرێتەوە لە ستۆدیۆی شانۆییدا

مایرهۆڵدیش لە ڕێگەی پیادەکردنی ئەو ئەزموونانە، ئەنجامێکی باشی بەدەست هێنا کە ئەویش (بایۆمیکانیزم ) بوو، ئەگەر بوونی تیپی شانۆیی هونەری مۆسکۆ و شارەزایی و ئەزموونی نەبوایە شانۆکارەکان نەیاندەتوانی ئەو تاقیکردنەوەیە ئەنجام بدەن کە ستانسلافسکی و خوێندکارەکانی بەهۆی شارەزایی و ئەزمون و تۆمارکردنی تێبینییەکانەوە پێی گەیشتن، لەڕاستیدا ستانسلافسکی



ئەوکاتە بایەخی بەتۆمارکردنی ئەزموونندا کە هەستی بەگرنگێتی تاقیکردنەوەکانی کردو ئینجا یادداشت و رۆژانەکانی خۆی لەکتێبی (ژیانم لەهونەردا) بۆ تۆمارکردین کە تیایدا باس لەئامادەکردنی دەورو ئەکتەرو تێڕوانینی خۆی دەکات، لەبارەی هونەری شانۆ بەگشتی. دەکرێ بەها هەڵێنجراوەکانی شانۆ لەسەر گوزەشتەی هونەری هونەرمەندا هەبێت، بەهۆی هەژمارکردنی بۆ ئەزموون و ئازار چەشتن و گەیشتنەکانی و هەروەها لەمیانەی هەژمارکردن و کۆکردنەوەی ئەو دیاردە هونەریانەی کە ئەکتەر لەپێش دەورو شێوازی لێکۆڵینەوەکەی و بەرجەستەکردنی دەرهێناندا، پیایدا تێپەڕیووە لەمیانەی ئەوەی کەدەینووسێت، سەبارەت بەئیشکالیەتی دەرهێنانی شێوازو ئەنجامەکانی کە لەو کارە شانۆییەی پێی گەیشتووە، وە سەرەڕای ئەوەی کە هەندێك لەو لێکۆڵینەوانە ئەنجامی تاقیکردنەوەیان هەیە، بەڵام بەها هەڵێنجراوە هەڕەمەکییەکان و خۆکردەکان پێکدەهێنێت، بۆ نموونە کتێبی (ژیانم لەهونەردا) جیاوازیەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ کتێبی (خاڵی گۆڕان)ی (پیتەر برووك)، نووسینەکان سەرباری راستییە زانستییەکان و چاودێرییە ووردەکان، خۆیان هەڵگری زانیاریی هەڵێنجراون نەك لێکۆڵینەوە تاقیگەییەکان، هەمان حاڵەتیش لەنێوان ((گۆردن گریك و مایر هۆلد)) دووبارە دەبێتەوەو هەردووکیان لەدوو زەمەنی جیاوازدا، دوو کتێبیان داناوە بەناوی (هونەری شانۆ) کە جیاوازیەکی ئەوتۆیان نییە.. ئەوان ئەوەندەی باس لەکۆکردنەوەی بیروڕاو ئەزموون و بواری عەمەلی دەکەن، ئەوەندە باس لەداڕشتنی پرۆسەی تیۆر ناکەن، یان باس لەتیۆریزە ناکەن کە لەشانۆدا هەیە.. وە ئەوەیە کەجەخت لەسەر پێویستی بوونی تاقیکردنەوەکان دەکاتەوە دوای ئەنجامدانی ئەو هەموو ئەزموونە.. بەڵکو لەبواری شانۆدا، پێویست بەوە دەکات کە خوێندنەوەی ئەزموونی هەریەك لەو رابەرو دامەزرێنەرانە دووبارە بکەینەوە بەئامانجی گەیشتن بەو ئەنجامانەی کە کار لەسەر واقیعەکەی دەکەن.. وە ئەوەش پشت بەلێك جیاکردنەوەی

www.pertwk.com

ئەو هۆكارانە دەبەستێت كە بووەتە هۆی دامەزراندنی ئەزموونەكەیان‌و لەهەمان كاتیشدا كار بكرێت بۆ لێكۆڵینەوە لەهەر هۆكارێك بەتەنیا لەپێناو گەیشتن بەخاڵی هاوبەشی نێوانیان بۆ گەیاندنی ئەزموونەكە بۆ حاڵەتی تاقیكردنەوەی میتۆد ئامێز ((المنهجیة))، بۆ نموونە هونەری نواندن، ئەگەر بێتو زانیارییە هەڵێنجراوەكانی هەموو شانۆكارێكمان وەرگرت‌و لەتاقیگە شانۆییەكانمان (ستۆدیۆ)كانمان دووبارە تاقیكردەوە، دەبینین میتۆدی ئامادەكردنی دەوریان خوێندنەوەیان بەرجەستەكردنی بەدوور لەبەیەكەوە گرێدانی ئەو فاكتەرانە لەگەڵ ئەو شانۆیەی كە بەهۆی ئەزموون‌و شارەزایی‌و ژیانەكەیەوە هەڵهێنجاوە، خۆی لەخۆیدا میتۆدێكی تایبەت بەخۆیمان بۆ پێك دەهێنێت‌و ئێمەش بۆمان هەیە لێی بكۆڵینەوەو بیگۆڕین بۆ راستییەكان، ئەركی ئەكتەریش لێرەدا ئەوەیە كە بیزانێت‌و لێی بكۆڵێتەوەو تاقیشی بكاتەوە بەئامانجی گەیشتن بەبنیات نانی یان بیناكردنی شانۆیەك كەپشت بەبنەمایەكی مەنتقی‌و زانستیانە ببەستێت. پشت بەستن بەهەرەمەكیەت‌و راهێنان‌و تێڕامان‌و زەین‌و بەهرە، كە ئەمانە هەمووی پێشتر بنەمای پێشكەوتنی هونەری ئەكتەرو شانۆ بوون، لەوكاتەدا ئەكتەرەكان، لەكاتی خۆئامادەكردن‌و كاركردن بۆ دۆزینەوەی یان ئاشكراكردنی فاكتەرو بنیاتەكان لەنمایشی شانۆییدا، رووبەڕووی ناخۆشی‌و كاری پڕزەحمەت دەبونەوە بەو شێوەیە دەبینین ئەكتەرەكان لەپرۆڤەی رۆژانەو نمایشدا كاردەكەن‌و لەو پرۆڤانەدا پشت بەرەمەكی‌و خۆكردەكیانە دەبەستن، بەڵام داینامەزرێنێت، لەوانەیە وەك هونەرو وەك گوتار بەهەرەمەكی بنیات بنرێت‌و دابمەزرێندرێت، چونكە لەزۆربەی جارەكاندا، تواناو بەهرەكانی ئەكتەر ناهێڵێ‌و دەیگۆڕێت بۆ ئەكتەرێكی یەك جۆری لاسایی كەرەوە وای لێدەكات كە لەهەموو دەورێك‌و لەهەر شانۆگەریەكدا قێز لەخۆی بكاتەوەو پشت بەحازر بەدەستی كۆكراوەكەی یان پاشەكەوت كراوەكەی ببەستێت.. چونكە هەر



تاقیكردنەوەیەك كە كاری شانۆیی‌و نمایشی شانۆیی دەگەیەنێت بەگوتاری شانۆیی، وەكاری تاقیكردنەوەش بەبێ بیناكردنی مەحاڵە.. بەڵام بەر لەتاقی پێكردنەوەی پێویستە خاوەنی ژمارەیەكی دیاریكراوی بنیاتە هەڵێنجراوەكان بین، لەوانەش (بەرایی‌و سەرەتاییەكان) واتە كاركردن لەسەر بینینی نمایشی شانۆیی‌و لێك جیاكردنەوەی، بۆیە دەبینین هونەرمەند دەبینێ‌و فێر دەبێ‌و پرۆڤە دەكاو لەبینینی نیشانە پێشكەش كراوەكان‌و شتە لەیەك چووەكاندا وردیان قووڵ دەبێتەوەو كارەكەشی تەنها سڕینەوەی بنیاتە وەرگرە هەڵێنجراوەكانە، كاتێ كەدەبێتە توانای درك پێكراوی یان هەست پێكراوی مەبەست‌و هۆیە هونەرییەكانی چونكە شانۆ لەدوو توخم پێك دێت:

وەرگرتن:– واتە بینینی نمایشی شانۆیی‌و واقع‌و لێك جیاكردنەوەی ئەو كەرەستانەی كەلێی پێك هاتووە... هەست كردنی بینەر بەشتەكان، گواستنەوەی هەست بەو شتانەی كەپەی پێبراوە، نەك هەروەك ئەوەی كە ناسراوە، چونكە وەرگرتن وای لەشتەكان كردوە ناباوبن‌و، وای لەشێوەكانیش كردوە كە سەخت بن بۆ سەرخستنی بەگرانی وەرگرتن‌و فراوان كردنی ماوەكەی (مادە).. كە تەركیز كردنە لەسەر بەهونەری كردنی مومارەسەو رێگاكەی، نەك لەهونەرەكە خۆی.. بۆ گەیشتن بەو دوو ئامانجە ناباوە هۆیەكی تەكنیكی بەكارهێناوە:–

نابا‌وی، واتە نامۆبوون

باوی، واتە رووبەڕووبوونەوەی بەرامبەر

واتە ناجووڵەی خودی بۆ كردارێك

ناباوی واتە جووڵەی خودی‌و لەسەر بینایەكی ئازادو هەڕەمەكیانەو راستەوخۆی بۆ ژیری‌و زیرەكی

نمایشی شانۆیی خۆی لەخۆیدا، سیستەمێكە بۆ بنیاتنانی درامایی‌و گوتارێكی شانۆییمان پێشكەش دەكات‌و، بریتییە لەهێزێكی پەیبەرانەو زاڵ دەبێت بەسەر بیرۆكەو رووداوو كردارو ئەو رەفتارانەی

www.pertwk.com

که کەوتوونەتە ژێر تاقیکردنەوەکان لەمیانەی نمایش کردن دا، چونکە ئەگەر بێتو بنیاتی نمایشی شانۆییمان دۆزییەوە، ئەوا گوتاری شانۆیشمان دۆزیوەتەوە، چونکە نمایشی شانۆیی خۆی لەخۆیدا، لە پرۆسەکەم پێکراوەکانەو، ناسینی توخمێك یان موفرەدەیەك لە موفرەداتە دراماییەکان وامان لێدەکات کە بەتەواوەتی زاڵ بین بەسەر نمایشی شانۆییدا.. وە بۆ ئەوەش کە ئەکتەر دەیەوێ خۆی بەگوتارە شانۆییەکە بەرز بکاتەوە، دەبێ بەو جۆرە نواندنە کوڵ نەدات کە لەتوانایدایە لاسایی بکاتەوە یان بەرهەمی جۆری خۆی لەشانۆدا دووبارە بکاتەوە، بەڵکو دەبێ کاری ئەکتەر لەشانۆدا بگۆڕێت بۆ کاری مەعریفی و لەسەر بنیاتی ڕێکخستنەوە یان هەماهەنگی و (الانساق) زانستیانە بنیات نرابێت، بۆ ئەوەی مانای مەعریفیانە بەرهەم بهێنێ، بۆدەوڵەمەندکردنی، بۆ ئەوەش بێت کە مەعریفەو شارەزایی و ئەزموونی بینەریش دەوڵەمەند بکات، چونکە واقیعی کۆمەڵایەتی دەوڵەمەندەو توخمەکانی ئاڵۆزو تێکچڕژاون، نەك شتێکی شەفافیانەبێ و بەبێ توێژینەوەو ڕێنمایی کردن بزانرێ و بدرکێنرێت، ئەرکەکانی شانۆییش ئەوەیە کە کار بۆ دۆزینەوەی واقع بکاو، لەو لۆژیکەوەش پشت بەتیۆری جوانکاری و هونەریانە ببەستێت و باگراوندێکیش بۆ کاری داهێنەر پێك بهێنێت و، ئەم باگراوەندەش پشت بەکۆکەرەوەیەکی مەعریفی لاسایی کەرەوەو ئەزموونە سرووشتی و تاقیگە شانۆییەکان ببەستێت.



## شێوازگەرایی گوتاری شانۆیی

گوتاری شانۆیی دەرچوون یان نکوڵی کردن نییە لەواقع و مێژووەکەی، بەڵام خۆی لەخۆیدا هۆیەکە بۆ بەردەوام بوونی کاری داهێنەرانە لەگەڵ مرۆڤایەتی بوونی داهێنەردا.. ئەگەر گوتار نەبوایە، ئەو توانایەمان نەدەبوو لەوکارە داهێنەرە مرۆڤایەتیانە بکۆڵینەوە کە لەماوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی نا مرۆڤایەتیانەدا بەرهەم هێنراون.

کارکردن لەسەر شێوازگەرایی و ڕەوانبێژی، ئامانجەکەی کەوتنی ئەرکی دەمارگیریانەی ((الوظيفة العصبية)) کاری داهێنەرانە نییە لەپرۆسەی گەیاندن و پەیوەندی ڕاستەوخۆیانەدا، بەڵکو بەرزکردنەوەیەتی بەڕێگەی ناڕاستەوخۆو هێمادارانە. چونکە شێوازو ڕەوانبێژی ئەو ئازارو کوێرەوەرییەیان مەرگەساتە ناسڕێتەوە کە تاکی داهێنەر لەکات و سەردەمی خۆیدا تیایدا دەژێت، بەڵام ڕەنگە هانی بدات یان هانی ئەوەی بدات کەخۆی ڕزگار بکات لەوپاشکەوتنە کۆمەڵایەتیەی کە سیستەمە کۆمەڵایەتییە کەتیێ کەوتووە لەهەمان کاتدا هەوڵی پێگەیاندنی و پێشخستنی بەرزبوونەوەش بدات لە ئاست پاشکەوتن و نەزانینی کۆمەڵایەتی، بۆ نموونە دەبینین کە تەنها بە گوتاری شانۆیی دەتوانین بەرەنگاری گێرەشێوێنی و ئاژاوە ببینەوە، کە گوتارەکە خودی بینەر بگەیەنێتە ئاستێکی زانستی و عەقڵگەری بابەتیانە، چونکە داهێنەر ناتوانێ ڕاستەوخۆ هەڵوێستی سیاسی و فیکری و کۆمەلایەتی خۆی ڕابگەیەنێت لەکاتێکدا کە دادوەری و سەربەستی لەئارادا نەبێت و دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤیشی تیادا پێشێل و تیرۆر بکرێت... بەهەر شێوەیەك بێت ئەو گوتاری خۆی یان ئەرکەکانی گوتارەکەی دەنوێنێت. دروست کردنی بەڵگەو سەلماندن و هۆ بۆ دروست کردنی باوەڕ هێنانە بەو بیرۆکەیەی کە لەپێناویدا

www.pertwk.com

کاردەکات بەمەبەستی هێنانەدی ئامانجەکانی لەسەربەستی و دیموکراسیەتدا.

گوتاری شانۆیی ئەوکاتە دەگاتە بینەرەکانی کە لەسەر شێوەی وەرگرەکانی بێت و، لەو زەمەن و چوارچێوە مێژووییەش دا دەبێت کەتیایدا نمایشی شانۆیی پێشکەش کراوە، لەبەر ئەوەیە کە دەبێ گوتاری شانۆیی بەتواناى خۆی بناسرێتەوە، بەڵام بەمەرجێ ببێتە وێنەیەک بۆ ئەو گۆڕانکارییە بێ کۆتاییانەی کە لە هەموو زەمانێکدا دووبارە دەبنەوەو کاریگەریشی لەسەر هەموو رووداوەکان هەبێ، واتە نمایشی شانۆیی پەیوەست بێ بەشوێن و لەهەمان کاتیشدا تێپەڕێ بکات، واتە پەیوەست بێ بەهەنووکەییەکەی و لەدواییشدا بەردەوام بێ، هەروەکو چۆن لە شانۆی شکسپیردا دەبینین کە ئەوەیان بۆ رەخنەگرەکان هێشتۆتەوە کە لەدوا رۆژ خوازیارینە بۆ لێکۆڵینەوە فراوان و کورتی بکەنەوەو لەگەڵ کزبوون و وازلێهێنان و تێهەڵکێش کردن هەروەها پێویستە لەسەریان لێکۆڵینەوە لە خودییەتی (ذاتیة) نمایش دا بکەن.

## رەهەندی شوێن و کات بۆ گوتاری شانۆیی

نمایشی شانۆیی دەبێ کار بۆ بەدیهێنانی شوێن و کاتی گوتاری شانۆیی بکات، نەک تەنها لەسەر بنەمای هاوبەشی شوێنکاتی داهێنەرو وەرگردا، بەڵکو لەسەر توانای داهێنەر بێت سەبارەت بەدروستکردنی یان ئەفراندنی قەوارەیەک (کینونة) بۆ گوتار، ئەمەش هەروەک ئەوەیە کە لەوێدا قەوارەیەک بۆ شوێن کات هەیە، بۆیە لەوێدا پەیوەندیەکی سەرنج راکێشەرانە دەبینین کە لەنێوان گوتارو وەرگردا هەیە، چونکە نمایش دەبێتە بەڵگە لەسەر وەرگرەکانی و هەژماری دەکاو فراوانی دەکاو (یتعددیە) وەرگریش پێوەی پەیوەست دەبێت،



پەیوەستییەک کە خوازیاری رێنیشاندان بێ و (المستدل) لەسەر خودی خۆی بیگۆڕێ و کە هەربەویش دەیگۆڕێت، ئەوەش وامان لێدەکات ناوی بنێین (حاڵەتی نامۆبوون) هەرچەندە وەرگر گوتارەکە وەردەگرێ، وەک هەڵچوونێک لە دارشتنەوەیدا، بەڵام هەر بەباوی دەمێنێتەوەو بەشێوازێکیش دەناسرێت کە تایبەتمەندێتی شێوازی نامۆییە.

گوتاری شانۆیی پابەندە بەزەمەن و سەردەمی پێشکەش کردنەکەی و سەردەمی وەرگرەکەی، بەڵام نامۆکراو دەبێ و هەنووکەیی زەمەن تێدەپەڕێنێ و، دیسان هۆیەکانی پێشکەش و نمایش کردن و رووداوەکەی تێدەپەڕێنێت. گوتار خۆی ئەو کاتە گۆڕاوە کە لەڕووی کات و رووداودا لەسەر شێوەی وەرگرەکەی بێت لە رووداودا، لەهەمان کاتدا نەمریشە لەسەر شێوەی داهێنەرەکەی و پەیوەندیشی بەدەسکەوتەکانیوە هەیە، بەتایبەتیش ئەو کاتەی کە دەبینین مانەوەو کاریگەریەکەی بەو ساتە سوودمەندیانە پەیوەند نابێ کە لەمیانەیدا نمایشی شانۆیی بەدەست هاتووە.

گوتاری شانۆیی زەمەنێکی تایبەت بەخۆی هەیەو بەقەدەر ئەوە دەبێت کە لەسەربەخۆییەکەی بەهێز بکات، چونکە لەشێوازەکەیدا پشت بەوێنەیەکی ئەو گۆڕانکاریانە دەبەستێت کە لەکۆتایی نایەن و لێرەدا بۆمان هەیە بڵێین ((گوتاری شانۆیی، گوتارێکی داهێنەرانەیەو مەرج نییە بەپێی شێوازی سەردەمەکان و زمانی زەمەنەکان یان کاتەکان دیراسەی بکەین، بەڵکو ئەو لێکۆڵینەوە ئەو سنورەش ببەزێنێ و تا دنیا ماوە بەردەوام بێت. تەنها بیرکردنەوە لەگوتاری شانۆیی دەتوانێ شانۆ لە لێکۆڵینەوەی دەق رزگار بکات، نەک لەبەر ئەوەی رەنگدانەوەی سەردەمێک لە سەردەمەکان یان زەمەنێک لە زەمەنەکان یان کۆمەڵگایەک لە کۆمەڵگاکانە، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێ دەقی لەبەرچاوان و ئامادەبوونێکی هەمیشەیی دابێت، ئەگەر بێتو بەو شێوەیە بێت لەوانەیە نمایشێکی شانۆیی بەردەوامی لێ لەدایک ببێ (مادام) هونەرمەندی شانۆیی بە بەردەوامی بەدوای گوتاری شانۆیی

www.pertwk.com



هاوچەرخدا دەگەڕێت لەبواری سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی نمایش بەپێی واتاو مەبەستگەرێتی ئەو دەلالەتەی کە لەشێوازو ئەداکردنی یاخود نواندنیدا کەوتووەتەوە یان لەدایك بووەو لێرەدا بۆمان هەیە هەروەکو (برێخت) بڵێین ( هەموو بانێك دوو هەوای هەیە) وە دەرچوونیش بۆ ناباوی دەوڵەمەند کردنە بۆ بڵاوی و تێپەڕاندنیشە بۆ لێسەندن لە بەنامۆیی بوون‌و تێکەڵ بوونیشە بە باوەڕهێنان، ئەو ڕێگایەیە کەهانی بەردەوام بوونی گوتاری شانۆیی دەدات.

نمایشی شانۆیی پشت بەدەوڵەمەندی ئاماژەو پاڵنەرو ئەو مۆتیڤانە دەبەستێ کە هەڵگری بەها جەڤەنگدارە کۆمەڵایەتیەکانن‌و بواریش بەئامادەبووان دەدا کەتیرو تەوانج بەرهەم بهێنن لەو شتەی کە لەپەیرەکردنی کۆمەڵایەتی دەخوێندرێت، چونکە بینەر وەك (رایەڵێك یان تۆڕێك لەماناکان پەی بە نمایشەکە دەبا، نەك وەك واتایەکی تاك‌و تەراو، هەڵدەستێت بەگۆڕینی ئەو نیشانەیەی کە ئامانجی ئابووری کردنە بە هۆیەکانی پەیوەندی کردن لەپێناو گەیاندنی واتادا، لەبەر ئەوەیە دەتوانین ژمارەیەکی باشی ئەو دەلالەتانە وەربگرین کە ماناکانیان بەتێکهەڵکێشراوی دەناسێتەوە یان دەزانین، واتە ئەوەی‌هەڵگری ماناو هێماکانەو شانبەشانی دەلالەتە راستەقینەکان هەوڵ دەدات دەلالەتە جیاوازەکان ئاوەژوو بکاتەوەو دەلالەتیش بەدوو رووکار دەکات، هەڵگری مادده یان توخمە شانۆیییەکە یان (دال)و وێناندنی زەینی (الذهنی) بەیەکەوە گرێ دەدات، وە لەبەر ئەوەی هونەری شانۆ هونەری نیشانە یان زناکەو هەرچییەك لەسەر شانۆو لەشانۆدان دەبنە (زناك) بۆیە دەکرێ بوونی زناك یان نیشانە بەو چەند خاڵە دیاری بکەین:-

1ـ نیشانەیەکی جێگیرو مەبەست پێدراو بێت‌و واتایەکیش ببەخشێ.





2ـ نیشانەی رەمەکی ناگەڕێتەوە بۆ مانای بەرهەمهێنراو بەقەد ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندیەکانی پێشکەش کردن یان پێشکەش کراو.

3ـ نیشانەی بەیەکەوە بەستراو ئەو نیشانە شانۆییەیە کە ئامادەکراوە بۆ گرتنەوەی شوێنی مەدلولە گێڕدراوەکە.

أ. نیشانەیەکی مەبەست دار

ب . نیشانەیەك کە پەیوەندی هەیە بەواقیعی راست‌و دروستی ئەکتەر.

4ـ دەلالە بەتێهەڵکێش کردنی کە ئەویش بەخۆی حوکمی دیالەکتیکانەی دەلالەتی راستەقینە دەکاو هەموو رووالەتەکانی نمایشیش لەخۆ دەگرێت.

5. توانای گۆڕینی نیشانە، واتە بەکارهێنانی موفرەدەی دراماییانە لە زیاتر لەمانایەکیدا بەپێی پشت بەستن بەو توانایەی کە هەیەتی سەبارەت بەسروشت کردنی شتەکانی‌تر.

6. توانای دەرکردن‌و ڕێکخستنی هەرەمیانەی هەبێ لە نمایشدا کە لەمیانەی تەرکیز کردن یان قووڵبونەوەو دەرخستن، نامۆبوون‌و بیناکردنی بەشەکانی دەبێ بە ئامانجی سەرنج راکێشان بێت.

7ـ ئایکۆن:- ئەو مەبدەئەی کە تەحەککوم بەنیشانە ئایکۆنیەکان دەکات وێك چوونە یان هاوشێوەییە (شبە)... چونکە ئایکۆن لەبنچینەدا بابەتەکەی بەهۆی ئەو وێك چونە دەنوێنێ کە لەنێوان هەڵگری نیشانەو مەدلولەکەیدا هەیە (واتە نێوان نیشانەو بابەتەکەی وێك چوواندوە. چونکە بەکارهێنانی هەرشتێك دەبێ وێك چووی شتێك بێت. وە لەشانۆدا شتێك نییە کە ببێتە ئایکۆنێکی رووت یان بینەرێکی رووت یان رەمزێکی رووت... چونکە شانۆ گۆڕەپانێکی بێکەم‌و کوڕی‌و کامڵەو هەموو ئەو جۆرانەی تیادا دەهێنرێتە دی‌و لەسەر بناغەی ڕێککەوتن دەبێت (لەناوکاردا یان لەمیانەی واقیعی ژیاودا) لەبەر ئەوەیە دەبینین ئایکۆن قۆناغ‌و جۆری هەیە:-

www.pertwk.com

**یەکـەم:–** بـەپێی ئـەوەی مەبـدەئی وێـك چـوون زۆر هـاوجووتن و لەسەر بنەمای رێکەوتن بیناکراوەو بەمەش بوار بەبینەر دەدا تەمسیل کردن یان وێك چوونی پێویست بکات لەنێوان ئەوەی پێی هەڵساوەو پێی هەڵدەستێت.

**دووەم:–** ئەو شتانەی کە نوێنەرایەتی خۆیان دەکەن، لەبەر ئەوەیە دەبینین ئایکۆن لەسێ توخم پێك دێت:

أ- وێنە، وێنەگرتنی وەهمییە (الایهامی) (واتە نمایش کردن یان پیشان دان هەروەکو وێنەیەکی راستەوخۆی جیهانی درامایی بێت).

ب . هێڵکاری یان پلان بۆ ئەوەیە کە وێك چوون لەبری دیارییبوونی یان دەرکەوتنی پێویستە گریمان یان ئەگەر بێت.

ج . خوازە:– دەبێ وێك چوونی نێوان نیشانەو بابەت بیناکراو یان بنیاتنراو بێت (ئیمانە، جوولە، پێدانی ئەو ئەلتەرناتیڤانەی کە دەلالەت لەشوێن دەکەن بەبێ پێناسەکردنی) ((وەك گۆڕەپانی جەنگ کە بەهۆی جوولەی شەڕەوە پێناسە دەکرێت)).

8. شایەت یان شاهید:– ئەمەیان نیشانەیەکەو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بابەتەی کە حەقیقەتی خۆی لەسەرکردارو ئەو پێکهاتەیە دەست نیشان دەکات کە بەڕاستی کاریگەرە، واتە ئەوەی کە دەردەکەوێت دەلالەت لە تایبەتمەندیەکانی شت دەکات، لەوانەش (جوولەیەك– دەنگێك– وێنەیەك. بۆ نموونە بەدەنگی (با) دەلالەت لەزریان دەکا کە یارمەتی لەسەر سوود وەرگرتنی شاهید دەدا لەسەرنج راکێشانی توندی بینەر.

9. سیمبوڵ:– پەیوەندی نێوان هەڵگری پەیوەندی لێك چووی نێوان (دال)و (مەدلول) رێکەوتنێکی مەرجدارەو ئەنجامدەر نییە (غیر معللە)، واتە سیمبوڵی نیشانەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بابەتەی کە دەلالەت لە کرۆکەکەی دەکات بەکرداری یاسا، زۆر جاران بیرۆکە گشتییەکان هاوبەشی لە داڕشتنیدا دەکەن و بینەریش لەشوێنی ترەوە دەڕوانێتە ئەو رووداوانەی کە بەپێی رێککەوتن لەجیاتی شتیتر روودەدات.



بۆ ئەوەی نیشانە لە شانۆدا کامڵ بێ پێویستی بەهاوکاری کردنی سێ بکەر هەیە کە بابەتەکەو گوزارشتەکەیەتی (گوزارشت کردن ئەو بیرۆکەیە، لەنیشانەوە دەردەچێت) یان هەرشتێکی کە بوار بەبینەر دەدا بەپێکهێنانی وێنەیەك یان هەرشتێکی تر کە لەبابەتە نوێنراوەکە بچێت.



10. خواست و خوازە:– واتە گۆڕینی هۆ بە ئەنجام و هۆبەهۆکار یان دەبێ خواستنی خوازە بەهاوسێیەتی بێ یان خوازەیی بەش لەگشتەوە بێ، چونکە نیشانەی شانۆیی گەلێك جاران خوازەییانە دەبێ، لەبەر ئەوەی بەش وەردەگرێ و بەوبەشەش گوزارشت لەگشت دەکات.

11ـ دەرکەوتن(الابانە):– واتە نمایش کردنی شتەکان لەپێش جەماوەر، چ بەڕوون کردنەوە یان بەپێناسە کردن بێت، هەروەك خۆی لەجیاتی وەسف کردن و شیکردنەوە.

شانۆ پەیوەندیەکی دەگمەن و نموونەیی لەنێوان دال و مەدلولەکەیدا هەیە، کاتی کەدەبینین لەنمایشی شانۆییدا نێرەر (المرسل) دەگۆڕێ و دەبێتە زیاتر لەکەسێك و چونکە دەبینین دال لەدەقدا لەسەر شێوەی نێرەرەکەی دەبێ و سەرچاوەی مەدلولیش لەنمایش دا لەسەر شێوەی وەرگرەکەی دەبێت، وە لەهەمان کات داو لەڕووی (دال و مەدلول)ەوە خوڵقێنەری بۆ شوێن و کاتی تایبەتی خۆی لایەنگیری شوێن و کاتی وەرگر دەکەن.

وە دەکرێ بەم شێوەیە دابەشی بکەین:–

أ. نێرەرو سەرچاوەی دال.

ب . وەرگرو سەرچاوەی مەدلول.

ج . نمایشی شانۆیی– کات– شوێن.

بۆ نمایش سێ سەرچاوە هەیە

یەکەم/ بەزمان.

www.pertwk.com

دووەم/ بەزمان (شێوەیەکی زمانەوانییەو ئەندامێکی ئاخاوتنە بەدەنگ دەربڕاوە).

سێیەم/ جەستە

بینەر بۆ ئەوەی بگات بەو دالە شانۆییە دەنگدارەی کە نێوانی وزەی دەنگو کەرەستە سەرچاوییەکان یان خاوەکانی (المرجعیة) کۆدەکاتەوە، پێویستە بینەر هەست بەو شتە بکات بەتایبەتیش کە زمانی شانۆگەریەکە پاراو یان رەوان بێت یان زمانی نوسینەکە خۆیەتی. بۆیە پێویستە نووسەری شانۆیی پەی بەو زمانە ببات و ئەو کاتەی بەزمانی نووسین و فەرهەنگەکەی دەنوسرێتەوە.

1ـ زانینی ناواخن یان ناوەکی یانە:- واتە پاراوی و ناسینی شێوازو موفرەداتەکان، واتە هەروەکو چۆن بینەرو گوێگر پەی پێدەبەن، هەرواش دەگوتری و دەخوێندرێتەوە.

2ـ زانینی دەرەکیانە:- چۆنیەتی ئەو دوانەی گوتنەی کە ئاخاوتنەکەی تیادا دەخوێندرێتەوە (الالقاء) واتە هەڵوەستە کردن لەسەر مانا بەهۆی هۆیەکانی گوتنەوەی-الالقاء- چونکە دەقی شانۆیی دالەکەی بەنێردراوەوە ون دەکات یان لەدەست دەدات و دالی تازەو نوێ پێك دەهێنێ و دروست دەکات، چونکە دایەلۆگ لەدەقی شانۆییدا دەبێتە وێنەیەکی هاوشێوەی داهێنەرەکەی نەك هاوشێوەی بێژەرەکەی، ئەو دوولایەنە رەنگە ئەکتەر بەهۆی بەرجەستەکردنی کاراکتەرەکەیەوە دیاری بکات بەپێی ئەوەی کەبوونەوەرێکی ناباوەو بەهۆی زمانە پاراوەکەیەوە دەیگۆڕێت بۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، لەڕێگەی زمانی گوتراو یان قسەکردن (المحکیة) چونکە زمانی گێڕدراوە یان قسەکردن دەورێکی گرنگ لەهێنانەدی بوونی کۆمەڵایەتی دەگێڕێت یان دەبینێت، دەبینین ئەکتەر لەیەکەمەکانی بوونەوەرە دەقییەکەی دەبێ و لەدووەمیشدا بوونەوەرە کەسێتییەکەی، واتە ئەکتەر لەگەڵ زمانی گێڕدراوە یان قسەپێکراودا یەك دەگرێتەوەو لەبەرجەستەکردنی (دال)یشدا زیاتر نزیك دەبێتەوە، لەبەر ئەوەیە ئەکتەرەکان لەنمایشی شانۆییدا جارێکی تریش هەڵدەستنەوە بەنواندنی، هەمان ئەو شتانە دووبارە دەکەنەوە کە ئەو واقعە پێکدەهێنن و دروست دەکەن بەڵام واقع لەشانۆدا جیاوازە، چونکە واقع شوێنی کرداری ژیانەکەی ناگرێتەوە، لەبەر ئەوەی زمانی جێبەجێکراو دەتوانێ جیهان بنیات بنێ و بەرەو ئەوێی ببات، ئەوەش مانای ئەوەیە کە بەزمان، دایەلۆگ یان ئاخاوتنی شانۆیی دەتوانێ واقعێکی بەخەیاڵ کراومان بداتێ، چونکە زمان لەشانۆدا نێوانی ناووشت بەیەکەوە نابەستێتەوە، بەڵکو نێوانی وێنەی گوێگر یان بیستن و چەمکی زەینی بەیەکەوە دەبەستێتەوە، لێرەدا بوونی شیاو یان خۆگونجاندن لەگەڵ بوونی عەقڵی یەکسان دەبێت.

گوتاری شانۆیی لەسەر پێکهاتەی گەیاندنە بنچینەییەکان دەبێت، ئەگەر بێتو رای (جاکۆبسۆن) وەربگرین سەبارەت بەپێکهاتەکانی گەیاندن، دەبینین بەرئەنجامی یان بەرهەمی کۆمەڵێك توخمی ئاخنراون لە پرۆسەی گەیاندن دا، کە دەکرێ لەشانۆدا بەوشێوەیە دابەشی بکەین. بۆمان هەیە چەمکی نێرەر دیراسە بکەین بەهۆی کۆمەڵێك داهێنەرو هونەرمەند لەنمایشی شانۆییدا کە دەرهێنەر سەرکردایەتیان دەکات.. چونکە دەرهێنەر خۆی لەشانۆدا کار بۆ گەیاندنی پەیامی نمایش دەکات و کارەکەشی بەهۆی چەند توخمێکی گرنگەوە دەبێت کە ئەوانەن:- دەق، دانەر، ئەکتەر، نەخشەکێشان یان هێڵکاری یان دەرهێنان و راهێنەرەکان بەڵام نامە یان پەیامی(نمایشی شانۆیی) لەسەر کۆمەڵێك شت بینا دەکرێ و دەتوانین بەو شێوەیە دابەشی بکەین:-

www.pertwk.com

## ئەو بناغەیەی جیهانی شانۆی لەسەر دەوەستێت

**بونیادی بەش:-** مەبەستی لە(ئەدەب، دەق، مۆسیقا، رەسم، نواندن، توخمە بیستراوو بینراوەکان، جەماوەر)ە.

**بونیادی گشتی:-** ئەو هەموو کارو ئەرکە هونەرییانە دەگرێتەوە کە لەسەر چەمکی (یەکەی هونەری)و بەشە پەیبەرە نامادییەکانن:-

أ. کرداری درامایی

ب . کاراکتەری درامایی

ج . چنینی دراماییانە

د. شوێنی درامایی

بونیادی شانۆیی، بونیادە هەستیو مادییەکان دەگرێتەوەو بەشە هەستیارییەکانیشی لەوانەیە پرۆڤەو راڤەش بکرێتەوە، بەلاَم بەشە مادییەکان وەك جەماوەر، ئەکتەر، دەق، پانتایی، توخمە بیستراوو بینراوەکان دەشێ هەستیان پێ بکەیتو بیاندرکێنێو هەروەها دەکرێ شیکارو راڤەشیان بکەیتەوە، کەواتە مەبەست لە بونیاد راستییەکانو ئەگەرە فەلسەفەییەکانە. چونکە بونیادی هەمەلایەن یان گشتی لەکارێکدا زیاتر دەبێت لەپوختەیەکی میکانیکی بۆ ناوەڕۆکی بەشەکانی، مادام لەبارەی دەرکەوتنی سیفاتی نوێوە یارمەتی دەدات.

چەمکی بونیاد (ئەو دۆخەیە کە توخمەکانی هەموو شتێکی تیادا رێك دەخرێت، بەپێی ئەوەی کە ئاخاوتنەیان قسەیە، کەواتە بونیاد تەنها بەرهەمی یان ئەنجامی توخمە بەش بەشییەکان نییە (ئەوە تێگەیشتنێکی بەستەڵەکی دۆگماییانەیە بۆ بونیاد)، بەڵکو پەیوەندی لەنێوان بەشە تاکەکانییشەوە هەیە... بونیاد توخمە بەشیەکانو وەسفیشی هەیە، بونیاد توخمە ماددیو نامادیەکانیشی هەیە کەڕێنماییان بکات، وەتوخمی بەشو توخمی کاهینی (کهنوت) نەگۆڕو جێگیریان هەیە، توخمی وابەستەو دەسەلاَتداریان هەیە، هەروەها رێکخەری تایبەتی یان هەیە کە کارەکەی رێکخستنی توخمەکانە، لەگەڵ ئەوەشدا بونیاد ئەرکو رەوتی خۆی هەیە:- ئەرك مەبەستی ئەرکی بەشە بەنیسبەت بەشێکی ترەوە یان بۆ گشت یان بۆ رەوت یان بۆ خوێنەران دەبێو ئەرکی بونیادیش دەکرێ بەدوو بەشەوە:-

أ. ئەرکی جوانکاری.

ب . ئەرکی پەیوەندی کردن.

بونیاد چەندین شێوەی هەیەو تیایدا بازنەی بونیاد فراوان تر دەبێ، بۆ ئەوەی بونیادی گەورەتری وەك (بونیادی کۆمەلاَیەتی) لەخۆی بگرێت، بونیادیش لەکاری هونەریدا پەیوەندی بەبونیادی فراوان تر دەکات (هەروەك بونیادی کۆمەلاَیەتی) بەهۆی دەلالە یان تیل نیشانی دەلالیانە یان دەلالەت ئامێز (پەیبردن بۆ پێکهاتەی دەلالیانە)، هەروەها دەخرێتە ژێر باری رەوتی سیاسیو کۆمەلایەتیشەوە.

## گوتاری شانۆییو کۆمەڵ

زۆرجار وابووە کە شانۆ بەکۆمەڵەوە گرێ بدەین یان ئاکاری کۆمەلاَیەتیانەی دیاری کراوی پێ دەبەخشینو ئەمەش زیاتر پەیوەندی بەزاڵبوونی ئایدیۆلۆژیاوە هەیەو کە ئەمیش لەلای خۆیەوە هەڵئەستێت بەراڤەکردنی ژێر خانەکانی کۆمەڵ کە بۆ شانۆ وەك توخمی بەهێز بن زۆر جاریش وابووە کە گوتاری شانۆیی، بەجۆرێك لەبونیادی کۆمەلاَیەتی یان دیاردەی کۆمەلاَیەتیانە ببەسترێتەوە.

داهێنانی دراماییانەش پێویستی بەئەزمونێکی کۆمەڵایەتیانە هەیە، بەڵام پێویست ناکات شانۆ ئایدیۆلۆژیایەك رابگەیەنێت و لەخزمەتی خۆیدا بەکاری بهێنێت چونکە ئەزمونی کۆمەڵایەتیانە پێویستە بۆ هەموو داهێنەرێك، بەڵام داهێنەر زەروری نییە بۆ نەش و نماکردنی بونیادی کۆمەڵایەتیانە داڕشتنەوەو بانگەشەی بۆ بکات یان هەڵوێستە ئایدیۆلۆژیاکەی بگرێتە خۆ... ئەزموونی کۆمەڵایەتیانە رەنگە گوتارێکی دیاریکراو بۆ شانۆ رابگەیەنێت و بەڕووکەشی و ئاسانیش بخوێندرێتەوە، بەڵام داهێنان بەردەوامەو وەستانی نییە، ئەگەر چیش شیکردنەوەی بەپەلەش بۆ داهێنەر لەسەر بنەمای مێژوویی یان سیاسی یان کۆمەڵایەتیانە بێت و داهێنانی دراماییانەش لەوکاتەدا خۆی ئاخنیبێتە نێو ئەو بۆتەوە، چونکە هەموو شارستانی و کەلتورەکان، کاردانەوەی کەلتورەکانی پێشوترن و تێکشکێنی شێوەو بونیادەکەیەتی، ئەگەر بێت و کاری داهێنەرانە بەو واتایەی سەرەوە گری درابێت، نهێنیەکە لەمانەوەی داهێنانی درامایی لەپێکهاتە داهاتووەکاندا، لەچی دایە؟ ئەگەر بێت و هەندێك نمونەشمان لەبارەی دەقی شانۆییەوە وەرگرت دەبینین هەندێکیان لەدەرەوەی شوێن و کات و قۆناغە مێژوویی و ئەو بونیادە کۆمەڵایەتییەی کەلییەوە دەرکەوتووە لەدایك دەبێت، لەدەقدا لەوانەیە رەنگدانەوەی شتێك بێت کە تایبەتمەندییەکانی و سروشتییەکەی بنوێنێت، ئەوەش لەمیانەی ئەزموونی کۆمەڵایەتییەوە دێت کە بۆمان نییە، سەرجەم ئەزموونە ئیستاتیکی و هونەرییەکان راڤەبکەین ئەمەش بەپێی ئەو حەقیقەتە دەبێت کە هونەری شانۆیی خۆی کارلێك کردنێکە، ئەزمونی کۆمەڵایەتیانەو داڕشتنەوەی هونەرییانەی دراما، بۆ هەڵوێستی داهێنەر لەشوێن و کاتدا.

زۆرجارو ابووە کەپێشکەوتنی شانۆ بەپێشکەوتنی کۆمەڵ ببەسترێتەوە، کەچی پێشکەوتنی شانۆیان زۆر کەم بەستیتەوە بەپشێوی و دواکەوتنی بونیادی کۆمەڵایەتیانە، ئەمەش لەبەر ئەوەبوو



کە شانۆ بۆ هەڵتەکاندن و نەهێشتنی بونیادە کۆنەکەی شانۆ کاردەکات، چونکە شانۆش لەکۆمەڵگەیەکدا خۆی دەرناکەوێت زۆر پێشکەوتووترو گەشەکردوانە تر بێت، بەڵکو لەکۆمەڵگەیەکدا دەردەکەوێت کە بەرەو رووخان بووەتەوە، کاتێ کە دەبینین شانۆ لەهەوڵی ئەوەدایە هەرچی مردوو وەستاوە لەکۆمەڵ دا بەهۆی کرداری شانۆییەوە تێکی بشکێنێ بەهۆی وێناکردنی ئەو گۆڕانە بەردەوامە بەڵام لەکۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا، دەکرێ خوێندنەوەی کارە داهێنراوەکان دووبارە بکرێتەوە ئەویش بەسیفەتی ئەوەی کەوێنەیەکە لەوێنەکانی پێشکەوتن، لەهەمان کاتدایارمەتی هەندی سیماش دەدات، لەناو هەرپێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیانە، سەبارەت بەدەرکەوتن و پێشکەوتنی شانۆ، بەتایبەتیش ئەو کاتەی، کە شانۆ لەناو کۆمەڵدا شوێنێك بۆ خۆی دەکاتەوە لەو سەربەستی و دیموکراسیەتەی کە پیادەی کردووەو لەوانەیە بەتاڵە یان ژێیە (وتائر) خێراییەکانیش پێشکەوتن بەخۆیەوە ببینێت، لەقۆناغی گۆڕان و گۆڕانکاری و قۆناغی تەواوکردنی دەورەی کامڵبوونی یان پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و ئەو قۆناغەی کە کرداری سیلاك بوون (الاندثار) لەهەوڵێکدا سەرکردایەتی دەکات لەپێناو دروست کردنی پێچەوانەیەك کە ئامانجی گۆڕانکاری و دەست پێکردنەوەی لەدایکبوونێکی نوێیە بۆ کۆمەڵ لەمیانەی یان بەهۆی پێچەوانەکردنی وێنە مردووەکەی، یان وێنەی مردنەکەی لەشانۆدا، گوتاری شانۆیی هێزو توانای خۆی لەهێزێکی کۆمەڵایەتی و وابەستە بەکرداری شانۆیی وەردەگرێت، بەڵام لەگەڵ دەرك کردن دا بەئەزموونی مرۆڤ خۆی (داهێنەرو بینەر) لەشوێن کاتدا، کامڵ و تەواو دەبێت رەنگە هەریەکەیان کاریگەری لەسەر ئەویتر هەبێت، نەك بەهۆی ماوە زەمەنیە جیاوازەکان، یان گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە گرنگەکان، یان قۆناغەکانی گەشەکردنی هۆشمەندی، بەڵکو لەچوارچێوەی ئەو توانایە دەبێت کە گوتاری شانۆیی لەسەر پێچەوانەکردنی ناکۆکییەکان هەیەتی، چونکە گوتاری شانۆیی، بریتییە لەو تەقاندنەوە ئەقڵیانەی

کــە لەچوارچــێوەی ڕەوتــی نمایشــی شــانۆیی ڕوودەدات، کەواتــە تروسـکاییەکان لەتێگەیشـتنی هونەرییـەوە ئـەنجام هـاتووە، سـەبارەت ئیسـتیعاب کردنـی قووڵی بونیـادی سـەرەکی دراما (موفرەدەی دراما) کەرۆحیەتی هونەر بۆ ناوەوەی دەهێنێتە دی.

## گوتاری شانۆیی و بینەر

## ( بینینی شانۆییانە )

بینینـی شـانۆییانە بـەوە دەناسرێت کـە هۆشمەندییەکـەمان تێکـەڵ بەڕووداوی نمایش دەکات یان تێ هەڵکێشی نمایش دەکات، وە لەسـەر بنچـینەی کارلێـك کردنـی لـەنێوان ئـەوەی کەچـی بێـژراو (ملفـوظ)و جوڵێنــەرو بیســتراوەو لــەنێوان ئــەوەی کــە بەخــەیاڵ کــراوە یــان نیشتەجێیە لەیادەوەریدا، لەمیانـەی ئەزموونە ژیاوەکـەی یان دەست کەوتووە جوڵێنراوەکەی کە لەنموونـەی ناوەوەی ئـەو دیمەنانـەدا هەیـە کەوێنەیەکی جولاوەی دیاردەی واقیعیانـەی پـەی پێبراو دەگرێتـە خۆ، کاتێ کەمانایان مەبەستی لەدایك بوون لەمیانەی بیرۆکەی وەرگێڕاوەوە دەبێت، بۆ پێکهاتەکانی نمایشی شانۆیی کە دەتوانین بڵێین کاریگـەری گوتـاری شـانۆیی مانـاو مەبەسـتیش لێـرەدا بـەمانای واتـاو مەبەسـتی بەشـەکان نایـەت لەنمایشـدا یان لـە بەشـە گرنگـەکانی تـری، وەك دەقـی یـان بونیادنـانی دیمـەنی شـانۆیی...یـان دووبـارە گرێدانـەوەی واتـاو مەبەست بەکاراکتەری شـانۆییەکە یـان کەسێتی ئەکتـەر یـان دانـەر یـان دەرهێنــەرەوە، بــەڵکو بەســتنەوەیەتی بەمەبەســتو مانــای گوتــاری شانۆیی و کاریگەرییەکـەی لەسـەری، وە ئـەوەی کەلـەکرداری ویـژدانی و هەســتیاریو قــەوارەیی ڕوودەدات، دەبێتــە بنــەما یــان بنچــینە بــۆ بنیادنـانی زانستەکانو پەیبـەر هەستیارەکانو دامەزرانـدنی مانایـەکی

– –

نـوێ بـۆ دیـاردە لەلایـەن بینـەرەوە واتـە دامەزرانـدنی مەبەسـتگەرێتی، لەبەر ئەوە:–

1. هۆشمەندی ببێتە هۆشمەندی هەمیشەیی شتێك.

پێویسـتە باشـترین ڕێگابـێ بـۆ ئـەوەی وشـیاری وێنـا بکـەین (ئـەو کـردارەی مەبەسـتێتی یـان واتایـەکی یـان بەخـەیاڵی بکـا یـان بینوێنـێ) بەنیســبەت بکــەریش (واتــە بینــەر)ەوە، پێویســتە بابــەتێك بێــت کــە وشـیاری بکاتـەوە، وەبـەوە لـەو بۆشـاییە زانـراوەدا دەکەوێتـە هـەمان بابەتـەوە لەسـەر شـێوەی وێنانـدن یان بەڵگەنەویستانە یـان وێنەیـەکی زەینیانە (المعنى الادبی من الظاهراتیة الى التعلیلیة (ولیم رای) ل17)



هەر حاڵەتێك لە وشیاری یان دۆزینەوەی ماناو مەبەست بوونی بینـەرو نمایشـی شانۆیی دەسەپێنێتو هەردووکیشیان یـەکتری پێکـدەهێننو لــەڕەنگی (صــبغة) گوتــاری شــانۆییدا بەدەردەکــەون کــەپێك هــاتووە لـەکرداری بیـنینو بونیـادی، نمایشـی شـانۆییش ...چـونکە دەبیـنین بینـەر خـۆی گرنگیـەتی گوتـاری شـانۆییو مەبەستو واتاکـەی دیـاری دەکات.

ئەو نمایشە شانۆییەی کە گوتارێکی شانۆیی بونیاد دەنێت، دەبێ پشـت بـەکردارێك لـەکردارەکانی وشـیاریو بونیادەکـەی ببەسـتێت، بـۆ ئەوەی بەردەوام بوونی نێوان وشیاری بینەرو بابەتو مەبەستو مانـای گێڕانــــەوەکانی یــــان لاســــایی کردنــــەوەکانی یــــان نــــوێنراوە پێشکەشکراوەکانی سـەر شـانۆ بهێنێتـە دی، چـونکە واقیعـی نمـایش کراو، ڕەنگە هەڵگری بابەتێك یان واتایەك، یان مەبەستێك بێـت بـۆ هـەر بینـەرێك بەتـەنیا لـەپێناو هێنانـەدی لەکۆمـەڵی مەبەستگەرایی لەلایـەن هەمووانەوەو لەسەر بابەتمەندێتی نمایش بونیاد نرابی، یان لەوانەیـە لـەگوتاری شـانۆییدا، ژمارەیـەکی زۆری مەبەسـتگەرایی دەدۆزێتـەوەو ئـەویش کـار لەسـەر کەڵەکـەبوونی زانـینو تەقینـەوەی توانـا دەکـات، سەبارەت بەنێو لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی، بەمەبەستی گەیشتن بەهـەمان ئامانج یان گەیشتن بەخوێندنەوەیەکی نوێ بۆ نماییش...وا ڕوودەدات

– –

www.pertwk.com

کەبینەر ئەو بابەتەی لەناو خۆیدا یان لەخودی خۆیدا هەیەتی یان هەیبووە بەهۆی هێماو جەڤەنگەکانی نمایش و جفرەکان و پاڵنەرەکانی بخوێنێتەوەو ئەمەش لەو کاتەدا دەبێت کە گوتاری شانۆیی هەڵگری مانایەك بوو بێتو لەسنووری مەبەستگەرایی راستەوخۆ زیاتر بێ، وە لەوکاتەشدا دەبێت کە کاری شانۆ رێگا بەوە نادات کەسادەیی و رووکەشی بەخۆی بدات...بەشێوەیەك دەبینین کە هەرچەندە نمایشی شانۆیی بینەرەکانی خۆی لەمیانەی گوتاری شانۆییەوە راچڵەکاندنیان وەڕسی کرد ئەوا توانای نێو لێکدانەوەی مەبەست گەراییەکەی بۆ خودی کارە هونەرییەکە زیاتر دەبێت، چونکە ئەو شێوانەی کە لەزەینی مرۆڤدا هەن، بینەر بۆ جاری دووەم بەئامانجی پەیبردن و بەراورد کردن و دایەلۆگ ئامادەی دەکاتەوە، واتە دەرخستنی ماناو بەهای بیستراوو بینراو، چونکە مرۆڤ لەکاری هونەریدا هەمیشەو بە بەردەوامی بەدوای ئەو شتەدا دەگەڕێت کە لەژیاندا لەدەستی داوەو ونی کردووە، بۆ نموونە ئەمەش پاساو بۆ سەرکەوتنی گۆرانی بێژێکی لادێیی (چ پیاو چ ژن)دەهێنێتەوە کە کار دەکات بۆ ئەداکردنی (أداء) یان پێشکەشکردنی گۆرانی کە پەیوەستە بەژینگەو سروشت و میراتی ئینتمائی کۆمەڵایەتی لە لادێدا، کە هەوڵ دەدات جارێکی تریش دووبارەی بکاتەوەو سەر لەنوێ دای بڕێژێتەوەو بەبازاڕی بکات بۆ کۆمەڵگای شار کە تێکەڵ بەیەك بووە لەو نەوانەی کە لەگوندو شاخەوە کۆچیان کردووە بۆ شار، ئەوانەی کە لەژیانی خۆیاندا زۆر شتیان لەگەڵ سروشت و کارو گۆرانی و داب و نەریتەکانی لەدەست داوە، بگرە ئەو پەیوەندییە مرۆڤایەتیانەشیان لەدەست داوە کە بەخۆشەویستی و خۆشی و هاوکاری و سۆز وەسف دەکرێت، وە لەبەر ئەوەی کوڕی شار پێی وایە، ناتوانێت ئەوەی لەدەستی داوە بیگێڕێتەوە بۆیە هەڵدەستێت بەقەرەبووکردنەوەی ئەوشتەی کە لەدەستی داوە، بەهۆی گۆرانییە میللییەکان و بەئاوازو وشەکان و بگرە تەواوی جل و بەرگ و گوزارشت و ئەو سرووتانەی بۆی گواستراونەتەوە لەمیانەی



دووبارەکردنەوەی داهێنانەکەیدا هەروەکو ئەوەی لێدێت کەزەمەنی کۆچ کردنەکە هیچ شتێکی ون نەکردبێت بۆیە سەبارەت بەو کردەوەیە چەند لایەنێکی چاکە بەدی دەکەین، لەحاڵەتێکدا ئەگەر بێت و توانی گوتاری هونەری بگەیەنێتە قۆناغێکی مەعریفیانەی پێشکەوتوو خواز، ئەگەر نا دەبێتە قەرەبوو کردنەوەیەکی خراپ و سلبیانەو سەرکردایەتی نزم بوونەوەی لایەنی رۆشنبیری و شارستانێتی دەکا لەشارو چێژیش لەسنوری وەهمی دووبارەکردنەوەی هاوسەنگی دەمێنێتەوەو شێوازی داهێنان و داڕشتنەوەکەشی دادەبەزێنی و بەم جۆرە شار بەشێك لە شارستانێتییەکەی ون دەکات، یان لەدەست دەدات، لەسەر حسابی فراوان کردنی بڵاوبوونەوەی مەعریفە نزمەکان بۆ حاڵەتی لادێ، وە بەپێی ئەو دەربڕینە بێت هونەرمەند کاربکات بۆ سوود وەرگرتن لەو لایەنە بەتایبەتیش لەدەوڵەمەند کردنی کاری داهێنەرانە بەسیستەمێکی مەعریفیانەی پێشکەوتووخوازانە کەسەر بەئسووڵەکەی بێت و لە گوتارەکەشیدا پێشکەوتوو خوازبێت.

هونەری شانۆ خۆی لەخۆیدا، هونەری تێبینی کردن و چڕبوون و قوڵبوونەوەو تەرکیز کردنەو بەبێ ئەو دووانە ئەکتەر یان هونەرمەند ناتوانێت ئەزمون یان نواندن یان وێك چواندنی ئەزموون کۆبکاتەوە، تێبینیش دیاری کراوە بۆ ئەکتەر سەبارەت بەدەوڵەمەندکردنی خەیاڵ و خەیاڵگەکەی...وە ئەکتەر لەیادەوەری هەڵچوونانەدا هەموو ئەزموونە ژیاوەکەی یان بەدەست هاتووەکەی کۆدەکاتەوە کەخۆی لەخۆیدا دەرەنجامی کەشێو لەیادەوەریدا دادەمەزرێنی و لەهەمان کات و بەمانایەکی دیاری کراو دەیبەستێتەوەو رەنگە ئەکتەر لەیادەوەریدا بیگۆڕێت و بیکات بەژمارەیەکی زۆرو زەبەندی ماناکان لەحاڵەتێکدا کە هەڵسا بەگرێدان و تێهەڵکێش کردنی دەق، وەسیمیاگەرێش واتە زانستی دەلالە لەبوارێکی فراوان دەدات بە ئەکتەرو هونەرمەند بۆ ئەوەی لەتوێژینەوەکەیدا توانای هەموو ووردەکارییەکی هەبێت...هەرچەندە ئەکتەر لەبازنە بچووکەکان و پاشان بچوکتریش

www.pertwk.com

رامـاو تـەرکیزی کـرد، ئـەوا دەگاتـە ئـەو راسـتیانەی کـە دەبنـە یارمەتیدەدەر یان یارمەتییان دەدات لەسەر شیکردنەوەو راڤەکردنیان، ئـەو مرۆڤـەی کـە بـەدوای مانـاو دەلالـەدا دەگـەڕێ (واتـە دیـاردە چـۆنایەتییە وەسـتاوەکان لـەژیان‌و سروشـتدا) لەسـەریەتی کـە بچـێتە بـنج‌و بنـاوانی هـەر رووداوێـك کـە تێبینـی دەکـات بەتایبـەتیش ئـەو رووداوەی پەیوەنـدی بـە مرۆڤـەوە هەیـە. ئەوانـەی بـەئامانجی بەرهـەمهێنانی واتـاو پێشکەشـکردنی گوتـاری شـانۆیی لەشـانۆدا کـار دەکـەن، بەپلـەی یەکـەم لێکۆڵینـەوەی ژینگـەو دەوروبـەری دەکەوێتـە ئەسـتۆیان، لـە هـەموو قۆناغـەکانی‌و چـییان بەرهـەم هێنـاوە...بەرهـەمهێنانی ژینگـەو ئـەو کۆمەڵگایـەی کـە کەسێتییەکەی لەناو دەژی‌و دیراسەکردنی ژینگەو ئەو کۆمەڵگەیەی کە کەسێتییەکەی تیادا هەڵدەستێتەوە دەبێ بەئامانجی گەیشتن بێ بۆ خاڵی هاوبەشی گەورەتر، ئەگەر ئاوانەبێت ئەو ژینگەیە پێك نەدەهات کە رووداوەکەی لێ گواستراوەتەوە یان وەرگرتووە، واتە ئەو ژینگەیەی رووداوەکەی لە بەردەمـدا پێشـکەش بکرێـت، لێـرەوە دەبـێ شـانۆکار شـێوازەکانی وەرگـرتن یـان لـەخۆگرتن بدۆزێتـەوە، چـونکە خوێندنـەوەی ئـەزموون تاسـەر خوێندنەوەیـەکی سـادەو سـاکارانەبووە، بـەڵکو توانایـەکی ئـەو ئیلتیزامـەی پێدەدات کە کاریگـەری لەسـەر واقیع هـەبێت. ژیـان مانـای خۆی هەیەز زیادە رۆیی کردن بەو بیرۆکەیە مانای لەباربردنی هـەموو داهێنـانێکی هونـەری‌و ئـەدەبی دەگـەیـەنێت، لەبـەر ئـەوەی ژیـان مانـای خـۆی هەیـە، ماناکـەش ئەوەیـە کـە بۆ شـانۆ مانایـەك هـەبێت، هـەروەك ئەوەی کە لەپێکهاتەکانی تری ژیان دا هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە مانـای شـانۆ لەمیانـەی توخمـەکانی‌و پێکهاتـەکان‌و ئەوانـەی کـە کـاری لەسـەر دەکـەن دێتـە بەرهـەم. مانـای ژیـان مـرۆڤ بەشـێوەیەکی گشـتی‌و بەشێوازە جۆراو جۆرەکان بۆ ئامانجە لە ژمارە نـەهاتووەکان دەیهێنێتـە بەرهـەم، لەبـەر ئەوەیـە دەبـێ مانـای شـانۆ هاوسـەنگ بـێ لەگـەل مانـای ژیان دا کە بریتییە لە خۆشەویستی مانـەوەو گەشـەکردن، بۆیـە ئـەوەی



لەسەر شانۆ پێشکەش دەکرێت، دەبێ خۆشەویستی‌و تەبایی وەسف کرابێت.



## پەیوەندی شانۆییانە

بەرهەم هێنانی واتا لە شانۆدا زۆر دەوڵەمەندەو کۆمـەلێك نیشانەیە کەسیستمی نمایشی شانۆیی پێك دەهێنـێ‌و پشتیش بە دیالـەکتیکی گەیاندن واتا دەبەستێت‌و لـەنێوان ئەکتـەرو بینـەری ئەکتـەری دەوربین دەبینین یان وەری دەگرین (نلقیە)، لەبەر ئەوەیە دەبینین زانستی دەلالە لـە شـانۆدا دەبی کۆتـایی بە لێکدانـەوەی دەلالـەو ئەنجامـەکانی کرداره پەیوەندیـدارەکان بهێنـی‌و لەسـەریەتی ئـەو نموونەیـە بسـەپێنێ کـە گونجاوە بۆ هەردووکیان‌و بەشێوەیەکیش دەبێت کە نێرەر بگۆڕێت بۆ وەرگرو وەرگریش بگۆڕێت بۆ نێرەر، چونکە پەیوەندی کردن ئاماژە لەسەرچاوەکەیەوە دەگوازێتـەوە بۆ ئەو کەسانەی کـە دەریان کـردووە (متصدرها)و پشتیش بەسەرچاوەی پەیوەندی کردن دەبەستێ (فکری یان ئیقاعی لەزەینی داهێنەردا) بەهۆی ..

جفره .. نێرەر (ئەکتـەر) بۆ نمایش (کـە هەریـەك لەبینـەرو ئەکتـەر بەشداری لـە راڤەو شرۆڤەکردنەکەی دەکـەن) ئەگـەر بێتـو نیشـانەکانی نمـایش رێککـەوتنێکی تێکهەڵکێشـراوو هێمادارانـەبوو ئـەوا دەگاتـە وەرگر (کە ئەویش زناکـەکان یان نیشانەکان بۆ شتە هەست پێکراو پـەیبراوەکان دەگۆڕێـت بەپشـت بەسـتن بـە مەعریفـەی رۆشـنبیریانەو

www.pertwk.com

گوزەرانی ژیان و توانابوون لەسەر ئەو خەیاڵ کردنەی کە وەڵامەکە دەهێنێتە دی (کە ئەویش کردەی بیرکردنەوەو نێولێکدانەوەو تێگەیشتن و پەیبردنە کە لە گواستنەوەدا پشت بەم دوو خاڵە دەبەستێت:–

أ . بۆ ئەوانی دی بەهۆی دەنگدانەوەو ئەو مانایەی کە نمایش دەینوێنێ.

ب . هەر پەیڕەوکردنێك بەهۆی تاقی پێکردنەوەی ئەزموونە پێشکەشکراوەکە لە ئەزموونی بەدەستهاتوو یان ژیاودا یان (بەهۆی توانای ئامادەکردنەوەو بەخەیاڵ کردنی ئەزموون یان نواندنی ئەزموونی هەبێت، واتە لێك جیاکردنەوەی یان هاوێرکردنەوەی ئەو پەیڕەوو پۆلێن کردنەی کە بینەر پێی هەڵدەستێت لەمیانەی کرداریان دژە کردار یان ئەنجامی کرداریێك لەکرداریێکی داهاتوودا کە خۆی بڕیاری لەسەر دەدات بەپێی واقیع و ژیانەکەی (سیمیاء المسرح والدراما) ل57.

## گرنگی سیمیا لە شانۆدا

سیمیا لە شانۆدا زانستی دەلالەیەو زانستێکە تەرخان کراوە بۆ لێکۆڵینەوە لەمیتۆدو چۆنیەتی بەرهەمهێنانی مانا لە شانۆدا.. لێرەدا مەبەستمان لێکۆڵینەوەیە لەو پرۆسەیان کردەوانەی کە دەلالە بەرهەم دەهێنێت و پەیوەندی بەبینەرەوە دروست دەکات یان دەهێنێتەدی.

دیراسەی ئەو پەیامە شانۆییە دەلالەت ئامێزە دەکەن کە ماناو ناوەڕۆك دێننە بەرهەم کە لەنێوان نمایشی شانۆیی و بینەران دا ئاڵوگۆڕ دەکرێن، پرۆسەی هونەری خۆی ڕێکخەری کۆمەڵێك زناك و کۆدو پاڵنەرەکانیان و ئەو ئاماژانەیە کە کاردەکەن و ئەو پەیامانەی کە ئاراستەی بینەر کراون بەرهەم دەهێنن، دیراسەکردنی شانۆ لەسەر ئەو بنەمایەی کە زانستێکە ماناو دەلالە بەرهەم دەهێنێت لەپێناو دروست



کردنی هونەری باشتریان چاکتر بۆ ئەو نامەیان پەیامانەی کە مانا دەگوازێتەوەو ڕەفتاری مرۆڤیش بەرجەستە دەکات، میتۆدی سیمیا گەریانە لە شانۆدا هێشتا روون نەبۆتەوە چ جای ئەوەی کە شانۆکارەکان بە درەنگەوە لێ یان کۆڵیوەتەوەو سوودیان لێی وەرگرتووە...بەڵام ئەوەش بەو مانایە نییە کە بەرهەمی شانۆیی لە رابردوودا پشتی بەبنەماو زانستی دەلالە نەبەستبێ، بەڵکو دەبینین گەلێك لەشانۆکارەکان بەشێوەیەکی هەڕەمەکیانە کاریان لەسەر پراکتیزەکردنی زۆربەی پرەنسیپەکانی زانستی دەلالە کردووە...بەڵام ئێستاشی لەگەڵ دابێت لێکۆڵینەوە لە شانۆو مێژوو، شێوەکانی لەسەر بنەمای میتۆدی سیمیاگەری دانەکراوە...نە لەبواری دەقی درامایی و نە لەبواری نمایشی شانۆییدا...چونکە ئەوانەی کە بۆ شانۆو مێژووەکەی نووسیویانە بەلای شێوازی گەیاندن و شێوازی بەرهەمهێنان و میتۆدی ئەنجامەکاندا نەچوون یان خۆیان لێنەداوەو، بگرە هەر باسیشیان نەکردووە...بەڵکو زیاتر لەڕووی مێژووییەوە لە شانۆییان کۆڵیوەتەوە زیاتر لەوەی کەلێی کۆڵرابێتەوە لەبەرئەوەی هونەرێکەو بەستراوتەوە بەکۆمەڵگەو بەرجەستەش کراوە بۆ کۆمەڵ و واقع, میتۆدی سیمیاگەری لەوانەیە سوودی هەبێت بۆ شانۆکارەکان، لەبواری لێکۆڵینەوەو مێژووی شانۆو ئاراستەو ئەزموونە نوێیەکانی بەتایبەتیش ئەو کاتەی کە دەزانین ئێمە لەسەردەمی کۆمپیوتەرو کۆکردنەوەی زانیاریەکاندا دەژین، لەبەر ئەوەی جەخت لەسەر ئیمکانیەتبوونی لێکۆڵینەوەی مێژووی شانۆ دەکاتەوە بەپێی ئەو دەست پێکردنەوە لەپێناو پەیبردن بەو مێژووەی کە بەمێژووی بەرهەمی واتایان مانا لەقەڵەم دەدرێت...لەبەر ئەوەیە دەبینین کە:–

1. زانستی دەلالە، زانستی هۆیەکانی پەیوەندی کردنە...هەرچی کە لەژیان دا هەیە وەك مرۆڤو شتی نائۆرگانی یان مت بوو بەستەڵەك یان وەستاو (جماد) سیستەمی دەلالیانەی خۆی هەیە، سەبارەت بە

بــەردەوامبوون لــەڕووی دەنــگ، جووڵــە، ڕەنــگ، شــوێن، کــات، کۆمەڵایەتیانەوە.

2. بۆیە ناوی زانستی دەلالەیە چونکە بەرهەمی واتاو گەیاندنیەتی.

3ـ زانستی دەلالە، زانستی بەیەك گەیشتن یان بەردەوام بوونی مرۆڤایەتیە لەڕێگەی جۆرو ڕەگەزەکانی ئەدەب و هونەرەوە، کە خۆی زانستی دەلالەی گێڕانەوە، جل و بەرگ، جۆرەکانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و دەلالەتە –زمانەوانیەکانە– زمانی نووسراوەو زمانی خوێندراوە– وێنەی شیعریانە، هەروەها زانستی دەلالەی ڕەسم و مۆسیقایەوە بگرە هەست و سۆزەکانیشە، زانستی دەلالەی شوێن، کات، جووڵە، دەلالە مێژوویییەکان و دەلالە ڕەگەزیەکانیشە (پێرس) زانستی دەلالە دابەش دەکات بەسەر (پێکهاتە، دەلالە، گۆڕینەوەیان دەستاو دەست کردن (التداولیة) (سۆسێر)یش دابەشی دەکات بەسەر (دال و مەدلول)دا کە خاوەن پرەنسیپی بەردەوام بوونەو جۆری دابەش کردنەکەش بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە.

((سەرەتایی)) Promete

((دوانە)) Seconday

سیان Tie

بۆیە ئێمە لە کۆمەڵێکی بەیەکتر گەیشتوو کارلێك کراودا لە دیاردە دەلالییەکان دەگەین، بابەتی زانستە بەراییەکان یان سەرەتاییەکان (الاولونیە) سیستەمێکە لەیەکەمیانەدایەو کرۆك و سنوورەکەی هەرچۆنێك بێت هەموو وێنەو جووڵەکان و دەنگە ئاوازدارەکان و شتەکان و پێکهاتەییەکانی یان ئاوێتە بوونی (المرکبات) ئەو کرۆکانە پێکدەهێنن کە لەبۆنەو سرووتەکان دەیدۆزینەوە یان لەوبینەرە دەیدۆزینەوە کە سروش بە ئامانجەکانی مانەوەو ئەو بوونە دەکات کە بەلانی کەمەوە سیستەمە دەلالییە سەرەتاییەکان پێکدەهێنن.

دەلالە لە شانۆدا هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە بەنیشانەیەکی بەرامبەری یان شیاوی دەبەستێتەوە بۆ ئەوەی سرووش بەواتا یان



مەبەست بدات، لەبەرئەوەی شانۆ هونەرێکی دەلالەت ئامێزە هونەرێکە لە کۆمەڵێك نیشانەی ماددی هەستیارانەو نیشانە زەینییەکان پێکهاتووە...کە تیایدا هەستەکانی چاوو گوێ خۆیان بنەمایەك بن بۆ ئەوەی کارلێك بکەن لەگەڵ نیشانەکانی ژیان کە بەهۆی جەستەی ئەکتەرو دەنگەکەی پێکهاتەی نمایشی شانۆییەوە دێتە بەرهەم. حیکایەتە شانۆییەکانیش کۆمەڵێك نیشانەی بێژەیین...کە خاوەن هەماهەنگییەکی یان ڕێکخەرێکی ناسراوبێت و ببەسترێتەوە بەنیشانەکانی زمان و دەلالەتەکانیان و نیشانە بەرجەستەکراوو واقعییەکان و لەکاتی نمایش کردنیشدا ڕوودەدات...کەواتە زمان نیشانەکانی گۆڕیوە بۆ ماناو مەبەست...بەڵام نیشانەکانی نمایش بەرجەستەکراون بۆ ئەو چالاکیەی کە زانستە مرۆڤایەتیەکان ونیشانە شانۆییەکان پێشکەش دەکات، لەوانەش کامەیان سروشتییەو کامەیان واقیعی و کۆمەڵایەتیانەیە، تەنها نیشانەی سروشتیانە یاسای دیاردە بەڕاست دادەنێ، نیشانەی کۆمەڵایەتیانەش یاساکانی هەڵسوکەوت یان ڕەفتار دیاری دەکەن، هەروەها لەوێدا نیشانەی تری سەرەکی وەستاویش هەن لە ئەکتەرەکاندا گوزارشت لەبوون و کاراکتەرە خودییەکایان دەکەن و، نیشانەی تریش هەن کە لەکەسێتی یان واقع بەدەست هاتوون، لەهەندێك جاریشدا نیشانە نەگۆڕدراوەکان یان هێما...یان نیشانەکان لە خەیاڵ دا هەن کە دەکرێ بەم شێوەیە دابەشی بکەین:–

ئەو نیشانانەی کە گوزارشت لەبوون و ڕەگەز دەکەن.

ئەو نیشانانەی کە بەلای واتایان شت دادەشکێنەوە.

ئەو نیشانانەی جەخت کەرەوەن بۆ پێشکەش کردنی حاڵەت یان کار.

هەموو نیشانەیەك بەشێوەو ناوەڕۆك و ڕووداو جیاوازە، بگرە ئەگەر بێتو لە گۆڕانیاندا بۆ شتێك وێکیش چووبن کە شایانی پەسەندکردن نەبێت. ئەفراندنی کارتێکردنیش لەوانەیە بەو جۆرەبێت:–

www.pertwk.com

ئەو نیشانانەی کە ئارەزوو وقەوارەیی رەگەز دووپات دەکەنەوە.

ئـەو نیشـانانەی کـە بـوون دووپـات دەکەنـەوە، ئـەو نیشـانەن کـە ئامانجی گەیاندنو ئەفراندنی کارتێکردنە. ئەو نیشانانەی کە حاڵـەت دووبارە دەکەنەوە.

نیشـــانە پاڵنـــەریان وروژانـــدن هۆکارێکـــەو کـــار بـــۆ هـــەنگاو بەهـەنگاوکردنی فـلاش بـاگ دەکـات، بـۆ ئـەوەی بـەرەو حاڵـەت یـان هەڵوێستێکی ببات، ئەو هەڵوێستەی کە دەجووڵێت لەسەر دوو شێوە پێشـکەش دەکرێـت، یەکـەمیان بـەهۆی ئەکتـەرەوە، دووەمیـان بـەهۆی بینـــەرەوە، یەکـــەمیان لەڕێگـــەی هۆیـــەکانی بەرجەســـتەکردنی ئـــەو وروژێنەرە دەبێت بەهۆی جووڵـە، شێوە، ئیمائە، دەنگ، ئاواز، جۆرو لەرینـەوەی دەنگ (نبرە). وە دووەمیـان نموونەیـەکی نـاوەکی بۆ گشـت وروژێنـــەرەکان هەیـــە، ئـــەو کاتـــە وێنـــەی کـــردار لەگـــەل ئـــەوەی دەیوروژێنێـت و لەخەیاڵگـە یـان پێوەریـدا گرنگـی پێـدەدات جـووت دەبن...ئەوەیان بەپلەی یەکەم بەشێوەیەکی زەینیانە بەدەردەکەوێت، بەپلـەی دووەمـیش هەسـتیانە دەبێـت، کەواتـە نیشـانە بەپلـەی یەکـەم پاڵنەرێکی یان هاندانێکی دەروونییە، چونکە یادگری هەڵچوونی بینـەر دەوروژێنێت و جەختیش لەسەر بەمەرجبوونی ژیانو واقع دەکاتـەوە، هـەر نیشـانەیەکیش وێنەیـەکی هەسـتیارانە یـان زەینییانـەی هەیـە، چونکە مرۆڤ توانای فلاش باگ کردنو سروشتی فلاش باگ کردنی هەیە. زانستی دەلالە لەشانۆدا لە دوولایەنەوە زۆر گرنگە:-

أ. شی کردنەوەی کاریهونەریو لێکۆڵینەوە لێی نەك تـەنها لەسـەر ئاسـتی بەرهـەمهێنانی مانـا لەمیانـەی دەقـدا، بـەڵکو شـرۆڤەکردنی پێکهاتـەکانی نمایشـی شانۆیی دەبێت بە ئامانجی گەیشتن بۆ واتـای بەرهەم هاتوو تاگەیشتن بەگوتاری شانۆیی.

ب . سوود وەرگرتن لەپێکهاتەی دەلالـەو دۆزینـەوەی جۆرەکانی لە شـانۆو پراکتیزەکردنـی بەمەبەسـتی بەرهـەم هێنـانی مانـا، لەمیانـەی داهێنانی هونەرمەندەوە...شارەزایی بوونی هونەرمەند لە دەلالە بەو



تاکە هۆیە دەبێت کە هۆیەکی پاڵپشتە لەگەیاندنی ماناو هێنانەدی ئەو مانایەی کەپشت بەوشیاری بەکۆمەڵی بینـەر دەبەستێت، لەبـەر ئەوەیـە دەبینین دۆزینەوەی دەلالە هاوبەشی یان بەشداری لـەتوانای پێکهاتـەی ئەو نموونەیە دەکات کە دەسێ بینـەر بوروژێنـێو هـانی بدات، لـەپێناو پـەیبردنی بـەواتای بەرهـەم هێنـراو بـەهۆی دەلالـەی شـانۆییەوە، گـۆڕان لەزەمـەنو دابونـەریتی نمایشـەکانو جـۆرو جیـاوازی نمایشـەکانیان لـە قۆناغـە زەمەنیەکانیانـدا (مێـژوویی و کۆمەڵایـەتی) سـەرلەنوێ جـەخت لەسـەر پێویسـتی بـوونی توێژینـەوە دەکـەن لـەبارەی شـێوەی تـازە بـۆ شانۆ، وکارکردنیش بۆ لێکۆڵینەوە، لە دەلالەو تواناکەی لە هەموو لقێك لە لقەکانی شانۆی دەقو پێکهاتەکانیو نمایشو پێکهاتەکان لە:-

1. جووڵە
2. تیل نیشان
3. پێکهاتەی شانۆیی
4. رووناکی
5. دەنگ (ئادەمیزادی. مۆسیقا..کارتێکەرە دەنگییەکان)

6ـ بینـەرو ئـەوەی پەیوەنـدی بـەوەوە هەیـە لـە هونـەری رەخنـەی شانۆییدا. میتۆدو شێوازێکی پێشکەوتووخواز، لە داڕشتنی گوتاری شانۆییدا دەهێنێتە دی.

www.pertwk.com



(2)

## شانۆی پاش نوێگەری

د. عقیل مهدی یوسف

### 1-5: جووڵەو جوانكاریەكانی:

ئەمڕۆ لە جیهاندادیاردەی شانۆیی هەیە كە روو لە گەشەكردنەو رەخنەگری شانۆیش وایلێهاتووە كە ئازاد نەبێت لەنزیك كەوتنەوە لەو چەمكە هاوچەرخانەی كە دەرهێنەرە نوێخوازو پاش نوێخوازەكانیش بانگەشەی‌بۆ دەكەن یان مژدەهێنەرین، لەو حاڵەتەدا هەقە رەخنەگر سەلیقەیەكی چاكی هەبێت لەتێبینی‌كردنی ئەو جیاوازییە وردانەی كە لەنێوان نمایشەكانی دوێنێ و ئەمڕۆدا هەیە، چونكە كرداری ئەزموونگەریانە بەهۆی كەڵەكەبوونی ئەو جیاوازییە وردانەوە بینادەكرێت كە خەریكە لە جەماوەری گشتی ون دەبێت، بەڵام رەخنەگر وەك راوچی دەیگری و هەڵیدەوەشێنێتەوەو لەهەمان كاتدا

www.pertwk.com

راڤەشـی دەکـات لـەپێناو دۆزینـەوەی ئـەو خاڵانـەی کـە بەپێویسـت‌و چاکیشیان دەزانێت بۆ گەشەپێدانی پلانـی شانۆ، ئینجا لەهـەر کوێی شانۆوە دەست پێ‌بکات گرنگ نییە، گـرنگ ئەوەیـە خزمـەت بـەدوارۆژی شانۆ بکات.

ئەزموونەکارەکییـە نوێ‌یـەکان سـوودیان لـەداب‌و نـەریتی ئـەو نووسینانە وەرگرتووە کە کۆمەڵێك عەقڵی کارو بەهرەمەند لە نووسینی "دراما" دابە دەستیان هێناوەو تیایدا تێڕوانینی حسابی تایبەتی بۆ کراوەو ڕێزیشی لێگیراوەو شوێنێکی تایبەتیشی بۆخۆی داگیرکردووە لەپانتایی نمایشدا، ئەمە لە کاتێکدایە کە هەرچی کـەم‌و کوڕی هەیە نابێتـە ڕێگـر لەبـەردەم دەرهێنـەر سـەبارەت بـە ڕاگەیانـدنی ئـارەزووە ڕوون‌و ئاشکراکەی کە ئەنجام دانی کودەتایەکە دژ بەو نەخشەو پلانە تەقلیدییانـەی کـە زاڵ بووبـوو بەسـەر ئەزموونـەکانی پێشـتری شـانۆی جیهانی، لێرەدا مەبەست لـەو قسـەیە ئەوەیـە کـە گرنگـی تـەواو بـەدەقی شـانۆیی بـدەین، لەهـەمان کاتیشـدا پابەنـدی ڕێگـەکانی گەیانـدنی ئـەو دەقە دەبین کە بەهۆی زمانی ئەکتەرەوەو بەشێوەیەکی میحوەرییانەو مەرکەزیانـە: (بینـگ شـۆنگ)ی دەرهێنـەر دەڵێـت " پێویسـتە لەشـانۆدا زیـاتر جـەخت لـە دوورایـی یـان لـە ڕەهەنـدی چاوبکرێتەوە زیـاتر لـە جەخت کردن لەسەر زمانی بەکارهێنراو.

ئـەو دەسـتکەوتە بەڵگـەدارو بەڵگـە نەویسـتانەش کـە دەرهێنـەرە ڕۆژئاواییەکان لە شاردنەوەی مۆرکی شێوەکاریانەی نەرم بەدەستیان هێنـاوەو بـە گـوێرەی سـاتە زەمەتییـە کـورت کراوەکـانیش گۆڕانیـان بەسـەردا هـاتووە، ئـەو سـاتە زەمەنیانـەش بـەهۆی نەخشـە دیاریکراوەکان"میرانسین"ەوە بینا دەکرێت‌و لە ڕووی شوێن‌و کات‌و کەشی گشتییەوە بەهەند داندراوەو لەڕووی دەروونـی‌و جوانکاریشەوە پاساوی بۆ هێنراوەتەوەو ڕەخنەگریش لەوێدا ڕووبەڕووی دەرهێنـەری یـاخیش دەبێ‌و لەوانەیـە بیـانووی ئەوەشـی پێ‌بگرێـت کـە لەشـانۆدا



کاری خۆی وەکو پێویست ئەنجام نەداوە. (شۆنگ)ی دەرهێنەر ئەمەش زیاد دەکاو دەڵێت "من دژی شانۆی ڕۆژئاواییم...هتد"

ئـەو ڕەت کردنـەوەو دژایـەتی کردنـەی شـانۆی ڕۆژئـاواییش واشیدەکرێتەوە کە "شۆنگ پشت بە جووڵە نابەستێت‌و.. بەڵکو تـەنها پشت بەسەرو بەدەم یان سەروسیما دەبەستێت" ئەمەش مانای ئەوەیە کـە بیرکردنـەوەی ژیرانـەو شـی‌کردنەوەی هۆدارانـەو قسـەی ڕاسـت‌و دروست‌و ڕوون‌و گوزارشت کەر ئەو "ئامانجە" گرنگە پێك ناهێنێت کە (دەرهێنەر) لە نمایشی شانۆییەکەیدا هەوڵی هێنانـەدی دەدات، بەڵکو بـەبێ ویسـتی خـۆی لـە سـاتی دەسـت پێکردنیـدا دەبێتـە یـاوەری بـۆ کـرداری بیـنین لـە چالاکی شـانۆیی لـە بەرامبـەر بینـەردا بـۆ گەیشـتن بـەخاڵی جیاکـەرەوەی "پـێش" کۆتـایی نمـایش، ئـەوەش حاڵەتێکـە پێویسـتە تـەرخان بکرێـت، بـۆ ئـەوەی کـرداری بیـنین بـە زنجیرەیـەك ڕووبەڕووبوونـەوەو بـەوەهمی بوونـەکان‌و بینـراوە بچـووکەکاندا تـێ بپەڕێت، تاکو لە کۆتایی گوتاری نمایشدا بەرەهەندەکانیشەوە بەدیار بکـەوێت بـۆ ئـەوەی بـەکرداری هەڵگـەڕاوەو پێچـەوانەو ژیرانەکـەی ئـەو نمایشـە پێـك بهێنێـت کـە دەرهێنەر سـەپاندوویەتی (شـۆنگ) دەڵـێ "شانۆگەریەکانم بە کۆلاژە دەچن یان لە کۆلاژە دەکەن، کاتی کە مرۆڤ چەند دیمەنێك بەدوای یەکەوە دەبینێت، لەسەرەتادا تێ‌ی ناگات، بەڵام لەکۆتاییـدا دەتوانـێ وێنەیـەکی هەمەلایـەن یـان سـەراپایی بەدەسـت بهێنێت، ئەوەش لەو کاتەدا دەبێت کە دیمەنەکان بەشێوەیەکی گشتی ڕێك دەخرێن.

ئـەو "ناتێگەیشـتنە" مەبەسـت ئـامێزە، لەشـێوەی مەبەسـتگەریدا خۆی دەخاتـە ناو پلانـی نمایشـەوە، لێرەدا مەبەسـتی لـەناوبردنی یان نەهێشتنی ئەو پێشوازییە خراپ‌و شاراوەیەیە کە لەشانۆی تازەدا بۆ وەرگرتنـی بینـەر هەیـە، ڕەخنـەگر لە شانۆی تازەدا جگـە لـە دەرهێنـەر گرنگی‌بـە کێشـەی "وەرگـرتن"یـش دەدات، چـونکە ڕەخنـەگر لـەو حاڵەتەدا بەچوارچێوەیەکی گۆڕاو دەچێتە بنج‌و بناوانییەوە لـەوەی کە

www.pertwk.com

پێشتر لەڕێگەی سەیرکردنە سواوەکانەوە بۆی دەچوو، لێرەدا پرسیارکردن بۆ هێنانەدی وەرگرتن بەهۆی تەکنیکە شێوازگەرییەکانەوە دەبێت. بۆ گەڕانەوە بۆ ئەم مەسەلەیە دەرهێنەر ئەمەش دەخاتە سەری و دەڵێت "مەسەلەکە بەم شێوەیە نییەکە بینەر فیلمێك یان چەند وێنەیەك یان دیمەنەکان دەبینێت کە لەڕووی زەمەنەوە بەرێکی دانەندرابن و هیچ کامێکیان سۆراغی ئەویتریان نەکات، لێرەدا مرۆیان بینەر تێبینی شتە ئاساییەکان دەکات، یان وێنەیەکی ئەو شتانە دەبینێت، بەڵام لە دوا دیمەن دا هەموو سەرەداوەکان یەك دەگرنەوە، ئەوەیە ئەزموونی داڕشتن و باسکردنی ئەو چیرۆکەی کە لەشێوەو بابەتدا تازەیەو (رۆب گرییە)ش یەکێکە لەو هونەرمەندانە کە ئەم شێوازە کاری تێکردووە.

بکەرە شانۆییە سواوەکان نەمان و لەناوچوون، بۆ ئەوەی بکەرە گۆڕاوەکانی دەوروبەری هونەرو وێژە هاوسییەکانی شوێنی ئەو بگرنەوە، بۆ دامەزراندنی ئەو دەستکەوتە تیۆرییەی کە زاناکانی رەگەزناسی (الانثروبولوجیا)و کۆمەڵزانی و دەروونزانی و کەسانی تریش دەیخەنە چوارچێوەی شیکردنەوەی سیستەمەکانی نمایش و لەرووی "رەخنەیی" یەوەش بەرەو ئەو ئاستەی دەبەن کە تیایدا وا لە دەرهێنەری هاوچەرخ بکات کە زیاتر بەلای ئاراستەی هێڵی"رەخنەگر" دابێت و رەخنەگریش بەدەوری خۆی هەنگاو بەرەو ئاراستەی "دەرهێنان" بهاوێت شانبەشانی شارەزابوونی بەمیتۆدو رێگەو داهێنانەکانی، رەخنە چاودێری ئەو جووڵە نوێیە دەکات بۆ ئەوەی کاریگەری شانۆ لە کرداری قسەوە بگوازێتەوە بۆ کردار واتە پشت بەستن بەکرداری قسە ئامێز "دایەلۆگ"یان "حیوار" کە لایەنێکی سەرەکی نمایشەو بۆ ئەوەی بیکات بەیەکێك لەو پێکهاتانەی کە لە بەردەوامبوونیدا لە کرداری لەخۆی گرنگتر دەسووڕێتەوەو "گوتاری نمایش"یش دەبێتە خاوەنی سەربەخۆییەکەی و کە تەنها بۆ خۆیەتی،



نەك بۆ توخمە پەرش و بڵاوەکانی، چونکە ئەوە لێشاوێك یان کۆمەڵێك لە ئەنجامە جوڵێنراوەکان پەخش دەکات.

## داڕشتنەوەی گوتارێکی نوێ



رەخنەی شانۆیی خۆی بەو نمایشە ئەزموونگەریانەوە خەریك دەکات کە مژدە بەدوارۆژێکی گەش و بینراو دەدەن بۆ چارەسەرکردنی هونەریانەی هەرپێکهاتەیەك، ئەگەر چی لە رابردوودا نمایشەکان لەژێر رۆشنایی خۆر یان مۆم و چراکان پێشکەش دەکران، بەڵام تەکنیکە تازەکانی رووناکی دەرهێنەرەکانیان ناچارکرد کە لە رووی جوانکارییەوە سوودی لێوەربگرن، چونکە توانایەکی فراوانی هەیەو لەبەکارهێنانیشدا بەرێکی دانراوەو یارمەتی هێنانەدی ئەنجامە هونەرییە جوان و سەرکەوتووەکانیش دەدات و بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە بۆ پاش تازەگەریش درێژبۆتەوە.

رەخنەگری هاوچەرخ "مارتن ئیسلن" بەو چاوە دەڕوانێتە دروست کردنی ئەزموون گەرایی کە خاسیەتێکی فراوانەو زۆر ناویش دەگرێتەوە، کە وەك هزر ڤانو هۆشمەندو بیرمەند بەدەرکەوتوونو بۆبەرەو پێشوەبردنی بەرهەمی شانۆیی بەرەو ئاراستە هاوچەرخەکانی "ئەمەو مارتن ئیسلن سەرەتای ئەم سەدەیەی دەست نیشان کردووە بۆ ئەزموونگەری، لەوانەش "ئیپسنو ستریندبرگو فیدکندو راینهارت. ئەم راینهارتەلەساڵی (1905)دا شانۆی ئەڵمانی بەڕێوەدەبرد. ئەمانە هەموویان ئەزموون گەری گەورەبوون.

راینهارت بۆ یەکەمین جار پەپکەی بازنەیی "القرص الدائر"و (لەسەر شێوەی مانگ) رووناکی رەنگاو رەنگی بۆ رەنگ کردنی دیمەنە شانۆییەکان لەسەر تەختەی شانۆ بەکارهێنا.

رەخنەی کۆن لەپێشترداو لەزۆربەی جارەکان دا بێدەنگ نەدەبوو بەرامبەر بەپێشێل کردنی ئەو پەردە یان رووپۆشە (الغشاء) رۆنەی کە لەرووی (مەعنەوییەوە) بینەری لە نمایشی شانۆیی جیادەکردەوەو سوریش بوو لەسەر پاراستنی ریتمی کاتی (الایقاع الزمنی)و خووەباوەکانی نمایش، دەبوایە ئەکتەر هاوکاری لەگەڵ خۆیو بینەرەکەشی بکردایە سەبارەت بەکردەوەی لابردنی یان نەهێشتنی هۆڵ، لەگەڵ ئەوەشدا دەبوایە ئەم هۆڵە لای ئەو بوونی نەبێت. رەخنەی شانۆیی بەمەشی زانیوە کە ئەو جەماوەرە فراوانەی شانۆیی لەباوەش گرتووە پێویستی بە چەند داڕشتنەوەیەکی تایبەت هەیە بۆ پارێزگاری کردن لەو تێڕوانینە لەلایەكو لەلایەکی تریشدا بۆ گوێگرتن، هیچ یەکێك لە رەخنەگرەکان چاوەڕوانی پێشێل کردنی ئەو بنەمایەیان نەدەکرد کە لەسەری رێککەوتبوون، کە زۆری جەماوەرە بۆ ئەوەی سوودو چێژی ئاستە فراوانەکان بڵاوبکاتەوە بەکاتێکی گوشاریان فشار لەسەرکراو. لەکاتێکدا کە رەخنەی شانۆیی هاوچەرخ ئەو ئەزموونانەی لە خۆگرتووەو ناسیوەو لەهەمان کاتیشدا دەرچووە لەو یاساو دابو نەریتانەی کە پێشترپییان وابوو ئەبەدیانەیە؟

— —



مارتن ئیسلن، گوتەیەکی "رۆبەرت ویلسون"مان بە نموونە بۆ دەهێنێتەوە، کە لەوگوتەیەدا لەگەڵ بینەری شانۆیی خۆی قسە دەکا یان دەکەوێتە قسەو دەڵێت (...هەڵ مەچن، دانیشن لەشوێنی خۆتان..سەیری ئەوە بکەن کەچی روودەدات" لە بەرنامەیەکدا ئەم قسەیەش دەکاو دەڵێت "نمایشی شانۆگەرییەك (7) حەوت سەعات دەخایەنێت، ئەگەر بێتو بینەر هەستی بەبێزاری کرد، دەتوانێ بچێتە دەرەوەو نان بخواو ئاو بخواتەوەو دووبارە بێتە ژوورەوەو بەبێ لەدەست دانی هیچ رووداوێك کە لەسەر تەختەی شانۆ روودەدات یان نمایش دەکرێت.. ئەمەش بەوە دەچێت یان لەوە دەکات کە لەشانۆی یابانی روودەدات.

ئەو ئەزموونانە بەتەنها نابنە هۆی سڕینەوەی مەرجەکانی قسەی سواو بۆ بینەر، بەڵکو خودی بونیادی نمایشەکەو، هەموو ئەوانەی کە پێشتر پشتی پێبەستبوو لەبەکاربردنو ترۆپكو لوتکە (ذروة)و دابەزینو چارەسەرو شتی تری وەك چنینو ململانێ هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەو هەموو شتانەی کە لەسەرەوە باس کران پەرشو بڵاوبوەو سەر لەنوێو لەسەر شێوەیەکی تازەو بەبنەمایەکی دی دایانڕشتۆتەوە، نەخاسمە لەسەردەمێکدا کە بەو هەموو دۆزینەوەو داهێنانە تەکنیکییە بینراوو بەرچاوانەدا تێدەپەڕێت. جگە لەو نمایشە ئەزموونگەریەش دەکات کە لەسەردەستی دەرهێنەر "کریس هاتمام" لە ئەمریکا پێشکەش کراوە، وادیارە (کریس)یش یەکێکە لە دەرهێنەرە دیارو بەناوبانگەکانی پاش نوێگەری بۆ نموونە "شانۆگەریەکی پێشکەش کردووەو سەد ئامێری تەسجیلی تیادا بەکارهێناوەو، بینەریش تەنیا یەك کەس بووە". لێرەداو بەم شێوەیە ئاخاوتن لە ئەکتەرەوە دەگوازرێتەوە بۆ جەماوەری فراوان، ئەمەیان زیاتر بۆ بەپاڵەوانیکردنی تەکنیكو شاردنەوەی ئەکتەرە". بەڕوونی مانەوەی پاشماوەکانیشی بۆ ئەوەیە کە بینەر لەکاتی نمایش کردن تەنها خۆی سەروەر بێت.

— —

بینەر لەکاتی هاتنە ژوورەوەیدا هایدفۆن(سماعة)یەك دەخاتە سەری و گوێی لەمەنەلۆجێك دەبێت..ئەو مەنەلۆجەش گوزارشت کەری بیرۆکەکانی مرۆڤە، پاش خوێندنەوەی مەنەلۆجەکە پاڵ بە بینەرەوە دەنرێت بۆ چوونە ناو دیکۆری شانۆییەکە، کە حوجرەیەکەو، بەهۆی هایدفۆنەکەوە گوێی لەم قسانە دەبێت "خوایە گیان.. من لەکوێم، ئەوە تەرمە، ئەدی وانییە؟ پاشان گوێ بیستی قسەی تریش دەبێت" پێویستە بچمە حوجرەی تەنیشتییەوە بۆ دۆزینەوەی شتێك کە ئەو تەرمەی پێ هەڵبگرم، پاش ئەم قسەیە بینەر دەچێتە حوجرەی تەنیشتییەوە.. بەهۆی ئەم هات و چۆیە لەناو دیکۆری شانۆییەکەو چوونە ئەم حوجرە یان ژوورەو ئەو حوجرە وا لەو بینەرە دەکات کە ئەو ئەکتەرە خۆیەتی. لەئەزموونەکانی "پیتەر برووك"یشدا کارو ئەرکی نوێ لەو کارە ئەزموونگەرییانەی کە نێوبانگی جیهانیان هەیە دەدرێت بە ئەکتەر: کەواتە ئەزموونگەری لای "بروك" هەوڵێکە بۆ تێکشکاندنی ئەو هەڵچوونەی کە لەنێوان ئەکتەرو بینەردا هەیە بۆ نموونە لە شانۆگەری"ئویبروا"دا، دەڵێت "ئەوەی گرنگ بێت لەو شانۆگەرییەدا ئەوەیە کە ئەکتەرەکان لەڕێگەی چاوی بینەرەوە پەیوەندی پێوەکردن دروست بکەن.. ئەمەش جیاوازییەکی تەواوی هەیە لەگەڵ ئەوەی کە لەشانۆی تەقلیدیدا روودەدات. ئەویش ئەوەیە کە نابێ ئەکتەر هەست بەبوونی بینەران بکات". وە لەو گۆڕانکاریانەی کە "پیتەر تسادك" دەیەوێ ئەزموونەکانی خۆی پێ دەوڵەمەند بکات، ئەوەیە کە پەیوەندی بەکات و دەوڵەمەندکردنی ئەو وردەکاریانەوە هەیە کە خاوەن لایەنێکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و فیکرین: بۆ تێڕوانین لەو کارەی کە "پیتەر تسادك" لە شانۆگەری "ئۆتێللۆ"ی شکسپیردا ئەنجامی داوە بەتایبەتیش ساتی کوشتنی "دێزدەموونە"..گالیسکەیەك لەسەر تەختەی شانۆ بوو..ساتی کوشتن لای شکسپیر نیو خولەك دەخایەنێت، بەڵام لای "تسادك" نیو سەعاتی خایاند.



"تسادك" لەکاتی کارکردنی لەبواری دەرهێناندا بابڵێین یەکێك لەدەقەکانی شکسپیر بێت، یەکێك لەدیمەنەکان لە حوجرەیەکدا دەبینی، وەکاتێ کە رووداو دەگوازرێتەوە بۆ دارستان، ئەوکاتە بینەریش لەگەڵ خۆیدا بە تەواوەتی دەگوازرێتەوە بۆ هەمان شوێن، پاشان بۆ شوێنێکی دی و هەروەها.

(ئەندرێیە شرییان)یش کە دەرهێنەرێکی دییە، ئەویش جەماوەری خۆی دەخاتە ئەزموونێکی گۆڕاوترەوە، بەتایبەتیش ئەوکاتەی کە هەڵسا بە پێشکەش کردنی "مەرگەساتە یۆنانییەکان"و "تەروادییەکان"ی یۆریپیدس. ئەمەو لەو شانۆگەرییەدا وای لە جەماوەر کرد کە لەگەڵ ئەو ژنانە تێکەل بەیەکتربن کە لەلایەن پۆلیسەوە دەست بەسەر کراون و بەیەکەوە لەلایەن پۆلیسەوە پاڵیان پێوە دەنرێت بۆ دواوەو جیاوازیشیان لەنێوان دا ناکرێت. "شرییان" دەقی پۆریپیدسی بەزمانێکی تێگەیشتوو پێشکەش نەکرد، بەڵام بەزمانێك پێشکەشی کرد کە داهێنانی خۆی بوو، دەرهێنانیش هونەری داڕشتنەوە تازەکانە.

"مارتن ئیسلن"ی رەخنەگر بەرەخنەیەکی "ئەزموونگەرییانە" کۆتایی بەقسەکانی خۆی دەهێنێت، ئەمەش لەچوارچێوەی ئەو هەڵسەنگاندنەی دێت کە لەبارەی "ئەنتیوان ئارتۆ"وە کردوویەتی و دەڵێت "ئارتۆ دوای مردنیشی هەر ئەزموونگەری بوو، لەکۆتاییدا ئەمە تێدەگەین، واتە ئەزموونگەری دوای مردن، چونکە ئارتۆ لەخۆیدا نموونەیەکی باش بوو بۆ ئەو شانۆکارانەی کە پاش خۆی هاتن، کەچی "ئیسلن" دەڵێ "بەڵام لەحاڵی حازردا تەجاوزی ئارتۆش کراوە...؟

## دەق- بووکە شووشە

کاتێ کە شانۆگەریەك وەك مادەیەکی شانۆیی پێشکەش دەکرێت، ئەگەر بێتو ئەم کارە هونەرییە چەند چەمکێکی ئەدەبی لەگەڵ دا ئاوێتە

بکرێت کارێکی گرنگەو لەهەمان کاتیشدا دەلالەتێکی زۆر لە خۆدەگرێت، بەتایبەتیش هونەرەکانی‌تر.

سەبارەت بە بەکارهێنانی ئەم چەمکە رەخنەییانە دەشێ "رۆلان بارت" وەك باشترین‌و درەوشاوەترین نمونە بهێنینەوە چونکە پێکهاتە ئەدەبی‌و هونەرییەکان لای "بارت" لەیەك کاتدا کارلێك دەکەن. لەو تێزو باسانەی کە بارت‌و ئەوانی‌تر وروژاندویانە، ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە ئەوەیە کە پەیوەندی بەسەرچاوەی ئەدەبی‌و هونەری نووسەرەوە هەیە، هەڵبەتە نابێ ئەو توێژینەوانەش پشت گوێ بخەین کە لەبواری شیکردنەوەی نیشانەکانی نمایش دا شان لەشانی توێژینەوەکانی تر دەدەن، ئەم حاڵەتەیان توێژینەوەی لەم جۆرە لە لای"کێر ئیلام‌و جولیا کریستیڤاو پاتریس بافیس‌و جاك دریداو لۆی ئەلتۆسیر"بەدی دەکەین. کەواتە نووسەر ئەو کەسێتییەیە لەکاتی خوێندنەوەمان بۆ دەقەکەی، گیروگرفت دروست بوون سەبارەت بەتێگەیشتن بۆ دەقەکەی، دەبێ بۆلای خۆی بگەڕێینەوە. دەق وەك ئەو وابەستەیە وایە کە نەتێدەگاو نەدەجووڵێ‌و نەگەشەش دەکات کە بخرێتە بواری عەمەلییەوە، واتە بەمەبەستی‌دەرهێنان کاری تیادا بکرێت، یان بەو بووکە شووشەیە دەچێت کە لەچەندشتێکی بێ نرخی وەك سیم‌و فلینەو پەڕۆی کۆن‌و کەرەستە خاوە بێ نرخانە دروست کرابێت کە لییەوە نزیکە، ئەگەر بێتوو یاریزانێك (ئەکتەر) گفتوگۆکانی ئەو دەقەی هێنایە گۆ ئەوا لەسەر زمانی ئەو ئەکتەرە بیروبۆچوونی وا دروست دەبێت کە پەیوەندی بە بابەتە باسکراوەکانی چالاکییە هونەرییەکانیەوە هەبێت.

دەقی شانۆیی بووکەشووشەیەو نووسەریش وەك وتەبێژی گەیەنەرەکەی وایەو بەهۆیەوە لە رەهەندەکانی دەق‌و سێبەری ئەو بۆنەیە دەگەین کە تیایدا نووسراوە. دەق خۆی لاڵ‌و بێدەنگ‌و وەستاوە، بەڵام بەهۆی ئەو کارتێکردنە راستەوخۆو یەکلاکەرەوەیەی



کە نووسەر باسی دەکات‌و دەیخولقێنێت دێتە گۆو دەجووڵێ‌و زیندوو دەبێتەوە.

رەخنەی تازە لەهەوڵی ئەوەدایە کە ئەو کێشە وروژێنەرو گرنگە بوروژێنێت کە رەخنەی ئەدەبی تازە پێی زانیوەو ئاشنابووە لەگەڵی، ئەویش مردنی "نووسەر"ە کە ئەمەش لەخۆیدا کارێکەو هەر لە بنچینەوە ئەو توێژینەوەو تیۆرو هەڵوێستە رەخنەییەی کە لە ئارادایە لەرەگەوە دەردەهێنێت، کە لەسەر بنەمای ئەوەی هونەرو ئەدەب "رەنگدانەوەی" یان "لاسایی کردنەوەی" یان بلێین "ئاوێنە"یەکی شکاوەو پارچە پارچە بووەو بەسەر زەویدا پەرش‌و بڵاوبۆتەوەو کردەوەکانی دانان‌و دەرهێنانیش پەیوەندی تەواوی بەو سەرچاوانەوە هەبووەو باشترین نموونەش بۆ ئەوە "دانەرو سروشت‌و کۆمەڵگەو فیکرن".

بۆ نموونە "ئیگلتون" جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مەرج نییە "دەرهێنانی درامایانە" "گوزارشت" یان "رەنگدانەوەی" یان "دووبارە بەرهەمهێنانەوە"ی ئەو دەقە دراماییە بێت کەپشتی پێ بەستووە، بەڵکو ئەو دەقە بەو شێوەیە دەهێنێتە بەرهەم کە گۆڕانکاری بەخۆیەوە دیبێت‌و گۆڕیبێتی بۆ قەوارەیەکی تەنیاو سەربەخۆ کە بەهیچ شێوەیەك بچووك ناکرێتەوە.

دوای هاتن‌و پەیدابوونی چەمکە رەخنەییە تازەکان، چەمکی دەق پاشەکشەی کردووە، بەتایبەتیش ئەو قوتابخانە رەخنەییانەی کە مژدە بەخشی لەدایك بوونی ئەم چەمکانە بوون لەوانەش چەمکی "بونیادگەری‌و لێك بونیاد کردن‌و ئەم دەست‌و ئەو دەست کردن (التداولية)و پاش نوێگەری کە ئەمیش لەلایەن خۆیەوە چەمکەکانی" گوتارو دەقی پێشکەش کراوو پەیام‌و سیمۆتیقاو بەمەرجبوون (الشرطية)و هی تریش دەگرێتە خۆ، ئەو هەموو زاراوە نوێیانەی کە لەتیۆرو بەرنامەکانیانەوەوە بەرهەم هاتوون. جەخت لەسەر سەربەخۆیی دەق دەکاتەوە لەدانەر، جگە لەمە خودی دەرهێنانیش

www.pertwk.com

تەواو سەربەخۆترە لەدەق و ئەو پەیوەندییانەی کە پێشتر هەیبوو. دەقی پێشکەش کراو، واتە دەرهێنانی شانۆیی، کەوابوو نابێت دەقی پێشکەش کراو زیادە رەنگدانەوەی دەقی نووسراو بێت، ئەگینا کاری دەرهێنەر تەنها ئەو گۆڕانەی بەسەردا هاتووە کە ئەویش پێشکەش کردنی دەق و دڵدانەوەی خۆشخوانیانەیە بۆ جەماوەر، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە هەر چۆنێك بێت هەردەبێ جۆرێك لە پەیوەندی لە نێوان دەقی نووسراوو نمایشی شانۆییدا هەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی بێت کە لەسەر شانۆ دەیبینین، دەبێ بە دەقێکی شانۆیی ناسراوی بزانین.

دوایین پەیبردنیش لەبارەی (بوونی پەیوەندی یەك) بۆشایی ئەو تاریکییەمان بۆ رووناك ناکاتەوە کە لەنێوان هەردوو چەمکە کۆن و تازەکەی دەرهێناندا هەیە.

کوا ئەو "دراما"یەی کە "ئیسلین" لە "ئەرستۆ"وە دەیهێنێتەوەو بریتیشە "لە رێکخستنەوەی کرداری گێڕانەوە"کە ئەمیش لەلایەن خۆیەوە ئەو وێنەیەمان بۆ ئامادەدەکاتەوە کە لەڕاستی بچێت بۆ نموونە "ئارتۆ" لەمودا خەلاتە تیۆریەکانیدا بۆ دوورترین خاڵ چووە کە شانۆکار بۆی هەیە بەرەنگاری ببێتەوە، کە ئەویش پەیوەندی شانۆکارەکەیە بەو ئەفسانەیەی کە تایبەتە بەنەوە پێشووەکان وەك ئەو نەوانەی کە لە ئەمریکای لاتیندا هەیە لەوانەش شارستانیەتی "ئەزتیك" لەوساوە شانۆکارەکان هەوڵ دەدەن شانۆگەریەکانیان بە ئەفسانە بکەن بۆ گەڕان بەدوای ئەو سرووتە میتۆلۆژییانەی کە "شاراوەیە لە جەستەی ئەکتەردا" لێرەدا ئارتۆ ویستی تیۆرەکانی خۆی بەو شێوەیە پێشکەش بکات کە پەیوەندی بەتوندوتیژی و بەشانۆو بە هاوسەرەکەیەوە هەیە".

"جاك درێدا" بەو شێوەیە لە ئارتۆ گەیشتووەو دەڵێت: ئارتۆ حەز بە پشت گوێ خستنی چەمکی گێڕانەوە دەکات لە هونەردا، لەگەڵ ئەوەشدا وا لەئارتۆ گەیشتووە کە شانۆ دژ بە دووبارە پێشکەش



کردنەوەی شتە هەبووەکانە. لەڕاستیدا ئامانج لە "شانۆی توندوتیژی پێکهێنانی دیمەنێکی شانۆییانەیەو هەستە قووڵەکانی بینەر دەوروژێنێت، وە لەسەر ئەو بنچینەیەی کە لەسەرەوە باسمان کرد، دەبێ ئەو شانۆیە بۆ رووداوی تازەو کاریگەر داهێنەربێت، رووداوێك تاوەکو رادەی خۆی ئاژاوەیان ئاڵۆزی بوروژێنێت و دروست بکات، نەك تەنیا لەبەر ئەوەش بێت کە بۆ واقیعێکی ئاڵۆزو شێواوە. ئاڵۆزی و شێواوی شانۆیی کە "درێدا" لەبۆچوون و کارەکانی "ئارتۆ" دەست نیشانی کردوە، لەراستیدا مەبەستی ئەوەیە کەنمایشی شانۆیی یەکسان بێت بەژیان، ئەمەش هەروەك ئەوەیە کەبوونی خۆی بەسنوورێکی سەربەخۆو بەجیهانە گۆشەگیراوەکان دەست پێ بکاتەوە. ئەوە پوختەی نمایشەکانی "ئارتۆ" یەکە "درێدا" لەسەرجەم نمایشەکانیدا وەری گرتووە، بەگوێرەی ئەم بۆچوونەش بێت شانۆی ئارتۆ وێنەیەك نییە بۆ ژیان بەخاتری ئەوەی کەبەتەواوەتی لەگەڵیدا گونجاوە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کەژیانەکە شێوەیەکی وای لەخۆگرتووە کەناشێ بینوێنێ یان رایی ناکرێت (تمثیلە) کەواتە ئارتۆ لەدەقدا پیرۆزییەکەی وەرگرتووەو لەنووسەریشدا خەرمانەکەی ئەمەش هەروەك ئەوەیە کەدەرهێنەر بابەتێکی رەخنە ئامێز پێشکەش بەبینەرەکەی بکات، ئەم پێشکەش کردنەش بەشێوەیەك بێت کەچەند بەهایەك بخاتە سەرمافەکانی نووسەر کەلەهەمان کاتدا بەرپرسیش بێت لەجۆرو رێگەی خۆ دزینەوەو ئەو رەوشتە باوەڕپێکراوانە بەوشەکانی ئەو دەقەی کەنووسەر بەئازارو ماندووبوون و شارەزایی ئەدەبی و دراماییانەی بەرزەوە دیڕشتووە، کاتێ کەئارتۆ دەست دەداتە شانۆگەریەك بۆ ئەوەی نمایشی بکات، هەروەك ئەو کەسە هەوڵ دەدات کەلەناوەوە پاڵ بەدەقەکەوە بنێت بۆ بەرهەمهێنانی ئەو نمایشەی کەلەناو دەقەکەدا خۆی شاردۆتەوە، کەئەمەش کردەوەیەکەو بەکەمترین لێزانی و گەورەترین دڵسۆزی قبوڵ دەکات سەبارەت بەیەکتر بەستنەوەی توخمەکانی نمایشی شانۆیی لەسەرووشیانەوە

www.pertwk.com

رزگارکردنی ئەکتەر لەو قاڵبە ئامادەکراوەی کەپێشتر بۆیان داندرابوو. "دریدا" بەهێنانەوەی یان لەمیانەی نموونەی "ئارتۆ"وە ئەو سەپاندنە رەت دەکاتەوە، کەواتە دەق وەك بووکە شووشە وایە پەنجەکانی دەرهێنەری زیرەك بە ئارەزووی خۆی دەیجوڵێنێت.

## وریایی لە تۆمارکردنی دەقدا

بەلای "درێدا"وە مەرج نییە "دەقی درامایی"نمایش لەخۆ بگرێت، ئەمە نموونەیەکە پێی دەڵێن "میتافیزیکای ئامادەبوو"و ئەم سەپاندنەش بە پرەنسیپی ناوەندێتی وشە دەبەستێتەوە کە بەهۆیەوە سەیری ئەو نووسینە دەکات، چونکە بەجوانی نووسراوەو بۆ ئاخاوتنیش تۆمارکراوە، سەر سوڕمانی "درێدا" بە "ئارتۆ" لەو وەسفەوە سەرچاوە دەگرێت کە بۆ نمایشی شانۆی کردوە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا نموونەیەکە سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن بەشێوەیەکی سەربەستانە لەگەڵ توخمە تەمو مژاوی و نادیارەکان لەدەقی نووسراودا.

"ئادریان بێگ"ی رەخنەگر لە کتێبەکەیدا کە بەناوی (مردنی دانەری شانۆییە)ە. هەژمارێکی چاکی ئەو چەمکە رەخنەییانەی کردوە کە دژ بەم چەمکە باوانە راپەڕیون و پشتیشیان بەنەهێشتنی "گەوهەر"و "نمایش" بەستووە، لێرەدا وەك نموونەیەکیش ئاماژەی بەڕەوتی شانۆی "ئافرەتان" کردووە، لەو ئاماژەیەدا باس لەو بیرو بۆچوونە وەستاوو جیاوازانە دەکات کەدژ بە ئافرەت بووەو پێیان وابووە کە ئافرەت لەبەر باری جەستەی لە بۆچوونێکی یەك جۆری (نمط)زیاتر شتێکی تری پێ نییە، کە دژ بەتێڕوانینی ئاسانکارو نەرمی چەمکی (پیاوەتییە)، چونکە "بێگ: وا باس لە ئەدەبی ئافرەتان دەکات کە وەك کاردانەوەیەك بووە دژ بەو جۆرە هەڵوێستانە، لە هەمان



کات دا هێرشی کردۆتە سەر ئەو بۆچوونانەو دەڵێت: ئەو تیۆرانەی کە پشتگیری چەمکی گەوهەری نەگۆڕ دەکەن و لە هەمان کاتدا ئاماژە بە بوونی سروشتیانەی مێینەی نەگۆڕ دەکات و پێویستیش بەوێناندن دەکات وهەروەها نەبوونی توانای ئەو زمانەشی ئاشکرا کرد لە دەربڕیندا سەبارەت بەشێوەو باری تەواوی ژیانی ئافرەتان و ئەوەش لەمیانەی بەکارهێنانی ئەو نموونانەوە بوو کە لەکاتی کارکردن لەدرامای تازەدا تەکنیکەکانی برێخت و ئارتۆییان بەکارهێناوە.

"جۆدیت تۆمۆسۆن"یش ئەوە دەسەلمێنێت و دەڵێت " ئەو لاوازییەی کە داب و نەریتە ئەدەبییەکان دووچاری بووە، بەتایبەتیش ئەوانەی پەیوەندی بەمەبدەئی گێڕانەوەوە هەیە ئەو بوارە بە ئافرەت دەدات کە بتوانێت دنیایەکی تایبەت بەخۆی دروست بکات بەتایبەتیش ئەو ئافرەتانەی کە لەتوانایاندا نییە گوزارشت لە ئازارەکانی خۆیان بکەن...

ئەو گرێدانەی کە "جۆدیت تۆمۆسۆن" لەنێوان ژیان و هونەردا دەیکات و ئەو تێگەیشتنەی کەرەنگدانەوەی ئەو دوو چەمکەش بوو بۆمان تەئکید دەکاتەو، بەڵام بەڕێگەیەکی مانۆر ئامێرو زیرەکانە دەیەوێ هاوسەنگیەك دابهێنێت لەنێوان ئەوەیش کەوتنەی کە لەکۆمەڵ دا بەدەست هاتووە لەگەڵ (هەرەسهێنانی لاسایی کردنەوە (هونەرییەکان)، هەروەکو ئەوەوایە کە بێ هیچ کێشەیەك پێشکەوتنی یەکەم، هەرەسهێنانی هونەرەکان رادەگەیەنێت، یان بەلایەنی کەمەوە ئاواتێکی داهێنەرانەی نوێ چ بەفۆتۆکۆپی کراوی یان راست کردنەوەی پێشووتر بهێنێتەدی. "تۆمۆسۆن" دەیەوێ داکۆکی لە هاوڕەگەزەکانی خۆی بکات، بۆیە ئەم هەڵوێستە پەیامییەش وەردەگرێت بۆ ئەوەی ئەو ئافرەتە داهێنەرانە بەرزبکاتەوە بۆ قۆستنەوەی دەرفەتێك بۆ پێشکەش کردنی هونەری ژنانە کە هەڵگری ئازارەکانیان بێت و بە زمانێکی گرمەو بروسکە ئاسا باس لەبارەکانیان بکات لەدواییدا دەبینین "زۆندی" یەکێکە لەو رەخنەگرانەی کە

www.pertwk.com

هەڵوێستێکی میانڕەوانە لەدەق و دانەرەکەی وەردەگرێت و لەمەڕ ئەم بابەتەش بەم شێوەیە دەدوێت و دەڵێت "نووسەری دراما لەکاری دراماییدا بە ئامادە نەبوو دەژمێردرێت. چونکە خۆی قسە ناکات، بەڵکو گفتوگۆ دەتەقێنێتەوە کاری دراما چ گشتی یان تایبەتی بێت هەر سەربەدانەرە، بەڵام ئەو پەیوەندییەی لەنێوانیان دا هەیە لەبوونی کاری دراماو راستییەکەی بەولاوە زیاتر نییەو بەپلەی دووەمیش دێت.

بەلادانانی دەوری یەکلاکەرەوەی کە پێشتر نووسەر دەیبینی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەلایەکی ترەوەدان بەدانەرو دەورەکەی بنرێت گەر "لاوەکیش" بێت، چونکە دەق لەشێوە گشتییەکەیدا سەر بەدانەرە.

بەڵام "ماکاب" مەزهەبێکی هونەری رووت دروست دەکات و لەکاتی کارکردنیش دا زاراوەی "هەڵوێستی تێڕوانینیانەی باو"ی بۆ بەکاردەهێنێت کە بینەر بۆی هەیە بەهۆی ئەم زاراوە تازەیەوە راستی ئەو رووداوانە ببینێت کە لەبەرامبەری نمایش دەکرێت بەهۆی بۆچوونێکی دیاریکراوەوە. پرۆسەی بەجفرەکردنی "دەق و نمایش"یش لەنێوان ئەو زاراوە رەخنەییە بڵاوانەو ئەم جفرەیەدایە کە هونەرمەندی شانۆیی پەخشی دەکا یان پێکی دەهێنێت و لەهەمان کاتیشدا داوا لەبینەرەکانی دەکات کە خۆیان هەڵسن بە ئەرکی شیکردنەوەو نێولێکدانەوەو راڤەکردنی ئەو جفرانە بە پرۆسەیەك کە پێی دەڵێن "Decoding"و لێرەدا پەیامی ئەو نمایشە دێتەدی کە بەسە بۆخۆی و بۆ یاسا ناوەکییەکان، نەك بۆ ئەو یاسا دەرەکییانەی کە پەیوەستن بە دانەر یان دەقەکەی. کەواتە "هیچ هەماهەنگییەك لەنێوان ئەو یاسایانەدا نییە کە لەخودی ئەو پەیامە جیابوویێتەوەو لەهەمان کاتیشدا هەموو ئەرکە سیموتیکیەکانی روون بکاتەوە، کەوابێ نووسینی داهێنەرانە، لەوانەش دراما بەپێی تێگەیشتنی ئارتۆ بێت لەنمایش دەچێت، چونکە ئەو داب و نەریتانە دووبارە ناهێنێتەوە بەرهەم کە لەرەوتێکی تردا هەن بەڵام لەجیاتی ئەوە بۆ مومارەساتە تازەکانٍ، "نمایشە نوێیەکان" بەڕەسەنی دەکاتەوە.



کەواتە مەرج نییە بینەر یاسا کۆن و بەسەرچووەکان پەیڕەو بکات یان بگرێتەبەر بۆ تێگەیشتن لەنمایش و جەڤەنگەکانی‌دا یان هێماکانی‌دا دووبارە بۆی بگەڕێتەوە، لەو حاڵەتەدا دەبێ پشت بە یاسا خودییەکانی خۆی ببەستێت کە لەمیانەی ساتی "بەردەوام بوون" دا دێتە بەرهەم و بەڕێگەی خودییانەش کە لەنێوان گوتاری نمایش و چارەسەری جفرەکانی‌دا هەیە. وای لێهاتووە کە شانۆ ئاڵتەرناتیڤەکان، لەوانەش شانۆی (ئافرەتان) ئەو توانایەی هەبێت کە جیاوازی لەنێوان دوا لیزمیانەی ناسراو بکات سەبارەت بە "زمان، ئاخاوتن، ئینجا کرداری قسەکردن" کە لەبەرهەمی ئەکتەرەو چەند وێنەیەکی گوێ بیستانەش بەهێز بکات کە دەکرێ لەکاتی نواندندا بەسروش بکرێت، لەکاتێکدا زمان بۆ هەوڵی دانەر دەگەڕێتەوە کە بەم شێوەیەیە: "کردارەکانی قسەکردن لەشێوەی زمانەوانی پێکهاتوودا بنەمایەك بۆ واتا دادەنێت. لە کاتێکدا رەوتی قسەکردن بۆی هەیە بەڕێگەیەکی بەڵگەییانە هێزی نواندنەکانی "الادائیە" بگۆڕێت، واتە بەهۆی رێگە تەکنیکییەکانی وتنی دەنگ، وئەو کردارە قسە ئامێزییانەی کە ئەکتەر بەدیالۆگەکانی بینای دەکات، جا چ لە مۆسیقابوونیدا پشتی پی ببەستێت کە پەیوەندی بەدابەش کردنی لەرەکانی (نبرات) دەنگەوە هەیە یان لەمانا گشتییەکەیدا پەیوەندی بەڕەسم کردنی ئیقاعی تازەو سرووشەوە دەبێت، وەلێرەدا پێشبڕکێ لە زمان "دایەلۆگ"دا بەدیار دەکەوێت کە لەشوێنی شەپۆلێکی ئەوێدابێت بۆ ئەدای قسەکردن. کاتێ کە "لۆی ئەڵتۆسیر" دەگاتە ئەو باوەڕەو دەشی سەلمێنێت کە شانۆگەری خۆی هۆشمەندی بینەرە، ئالێرەوە رێگەیەکی تازە دەکاتەوە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو هۆشمەندییە بۆ سەرچاوە تاکبەندی یەکەی کەنووسەرە، یان بۆ سەرچاوە دەستەجەمعییەکەی کە "بینەرانن". "بونیادگەری" نکۆڵی لە هۆشمەندجی یەکەم واتە "تاك" کردووەو زمانیشی گەڕاندۆتەوە بۆ ئەوزاراوەیەی کەداب و نەریتە کۆمەڵەیەتییەکان چەند مەرجێکیان بۆ داناوە یان بەمەرجیان کردووە.

www.pertwk.com

بەڵام ڕەوتی "دوای بونیادگەری" بەوچاوە دەڕوانێتە دەق کە بەرهەمی ئەو نوسەرەیە کە بەخودبوونی خۆی لەڕێگەی پێکهاتەی زمانی دەستەبەر دەکات، چونکە خودییەتی نووسەر وەك حاڵەتێکی پێشووتریان پێشینەتر لە ناودەقدا بوونی نییە، بۆ ئەوەی لەجیاتی خۆی گوزارشت بکات، واتە ئەو خودییەتە لەشێوەی زماندا بنیات دەنرێت، واتا دەق بەو شێوەیە نووسەر ئاشکرا دەکات. دانەر لای تەوژمی "دوای بونیادگەرایی" دووبارە دەرکەوتەوە نەك وەك تەنیا سەرچاوەیەك بۆ مانای دەق، بەڵکو بە وەسفی ئەوەی کە خۆی ئامادەیەو شێوەی هەمان دەق دەریدەخات گەر دەق دروست کەری نووسەرەکەی بێت، چونکە کرداری ئیجرائیانە "الاجرائی" پێویستی بەکردەوەیەکی لەم جۆرەیە، کەواتە بینەر بەهۆی دەرهێنانەوە لەگەڵ جیهانی بەیەك دەگات، هەر بەهۆی دەرهێنانەوە ئاشنایی پەیدا دەکات لەگەڵ دایەلۆگو ڕووداوو کاراکتەرەکان بەر لەوەی شتێك لەبارەی "دانەر"یان ئالیەتی سەیر کردنەکەوە بزانێت کە کردەوەکانی بەرهەمهێنانی مانا لە یەکەم جارو دواجاردا بەرەو دەق دەباتەوە، بەڵام بەهۆی ئەو تەنە ماددیانەی کە نمایش دەریدەخات لە ئەکتەرو دیمەنو کەرەستەکان "پاشکۆکان یان ئێکسسوار" واتە ئاماژەو ماناکانی بەکۆمەڵ دەگەیەنێت بە بینەر بەپێی شێکارەکانی فەرهەنگی جفرە تایبەتییەکەی.



وە لەگەڵ ئەوەشدا بینەر لەکاتی شیکردنەوەی سیستەمی جفرەی نمایشدا بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ تایبەتمەندییە هاوبەشەکان بەیەك دەگات، ئەو ڕاستیانەش "ج.ل. ستاین" بۆمانی دەسەلمێنێتو دەڵێت "کاتێ کە بینەر سەیری تەختەی شانۆ دەکات، کاراکتەر نابینێت، بەڵکو پیاوێك یان ئافرەتێك، گەنج یان بەساڵاچوویەك زەردەخەنە یان مرومۆچییەك، دەستێکی بەرزکراوە یان پەنجەیەکی درێژکراو، کەسێك دەڕوا یان سەما دەکات دەبینێت، بگرە گوێی لە وشەکانیش نابێت" بەڵکو گوێی لە گۆرانی یەك یان ئاخاوتنێکی ئاسایی بە لەرەیەکی (نبرە) نزم یان بەرز دەبێت، گوێی لەچرپەیەك یان هاوارێك، گفتوگۆیەکی خێرا یان ریتمێکی (ایقاع)ێکی هێواش یان وەستاو دەبێت.

ئەو توخمانەی کە بەدەوری خۆیان زمانێك پێك دەهێنن، دەکەونە ناو بەرنامەی گوتاری گشتی نمایشەوەو بەم جۆرە مانا بەدەست دێت نەك بەوشەکانی دەق، جگە لەمەش ئێمە لە شانۆدا سەرنجی خۆمان دەدەینە ڕووخسارو هەیکەلی ئەکتەر، ئینجا چ بەدەمامك بێت یان بێ ئەم دوانە بێت، سەرەرای ئەوە سەیری ئیما ئەو جووڵەکانیشی دەکەین، هەروەها سەرنجی خۆمان دەدەینە جۆری دەنگو ئیقاعو هەنگاوەکانیانو، هەر گۆڕانێکیش لە هەنگاوەکەدا هەستی پێ بکرێت، دەبێ بەپەیبردنی تازەوە ئاماژەی (یوحی) پێ بکرێت. ئەو هەموو سیمایانە قسەمان بۆ دەکەن بەر لەگەیشتنی مانای ئەو وشانەی کە ئەکتەر قسەیان پێدەکات، کەواتە تۆمارکردنی دەق بەجفرە کردنەوەی جەستەی ئادەمیزاد بۆی پێك دێت.



## مرۆڤو شتەکان

کەواتە دوای ئەوەی بینەر خۆی لەتەنە ماددیو تەندارییەکانی کەرەستەکانی نمایشو توخمەکانی کێشایەوە، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە یان پەیوەندی بۆ دەستگرتن بەمانا گشتییەکانو سەرجەم کەرەستەکانی وەك ئەکتەرو شتەکانەوە هەیە، لەو وشانە دەچێت کە لە بونیادی ڕستەیان بڕگە یان بەندێك وەسف دەکرێت بۆ ئەوەی مانامان پێ ببەخشێت، کەوا بێ کاراکتەرو دەورەکان لەو چەند پێکهاتە تیۆرییە

www.pertwk.com

شیكاریانە زیاتر نین كە لەبواری پەیڕەو كردنی ئایدۆلۆژیای رەخنەی ئەدەبیانە بەكاری دەهێنن...

پلانی هونەری بۆ نمایش لە دەرهێنەرێكەوە بۆ یەكێكی دی جیاوازە، شانۆی جیهانیش پڕیەتی لەم جۆرە ناوانە، لەڕاستیدا هەژماركردنی ئەو ئەزموونە تاكیانە (الفردیە) بەزەحمەتە، بەڵكو لێرەدا دەكرێ ئاماژە بەو پێكهاتە دەرهێنانیانە بكرێت كە رووخسارەكانی یان ئاراستەكان پێك دەهێنن.

بۆیە باشترە..لەڕووی تیئۆرییەوە رەخنەی شانۆیی– روو لە نموونەو جۆری گەورەو خاوەن كارتێكردنی دیار بكات سەبارەت بە پێشكەوتنی شانۆی تازە لە زەبتكردنی چالاكییە رەخنەییەكان بەر لەدەست پێكردنی چالاكییەكانی نمایشی شانۆیی.

كەوابوو دەرهێنەر گوتارێكی هونەری تایبەت بەخۆی پێشكەش یان ئاراستە دەكات، بەهەمان شێوە ئەو نموونەیەی كە برێخت دروستی دەكات جیایە لەوەی ئارتۆ، بۆ نموونە:" رێگەیان هۆی رەخنەییانەی برێخت دەخوازێ یان دەیەوێ بینەرەكەی لەڕووی شۆزەوە لەكردار جیابكاتەوە" بۆ ئەوەی لە سۆنگەی فیكری كۆمەڵایەتیانەوە چاوەدێری بكاتو لەهەمانكاتدا شیكاریشی بكات، لەكاتێكدا "ئازنۆ" دەخوازێ كە بینەرەكەی خۆی دەورەبدات بە "كردارو ئەزموونی شانۆییانە كە جیاوازی نەكات لە نێوان (واقع)و (وەهم)دا، وا دیارە ئەم رێگەیە لەبۆ چوونی ئارتۆدا تەنیا رێگەیەكە شانۆ بەهۆیەوە كاریگەری پاكژ بوونەوەی داواكراویان خواستراو بهێنێتەدی.

ئەو جیاوازییانە نەبوونی ئەو پەیوەندییە هاوبەشیانە ناسەپێنن كە لەنێوان دەرهێنەرە هاوچەرخەكانو رەخنەدا هەیەو لەوانەیە كارێكی جیاكەرەوەش لە رووالەتی ئەو نمایشانەدا بەدی بكەن، كەوا دیارە هەر سەرەتاو دەست پێكردنوئامانجەكانو پلانی نمایشە هونەرییەكانیانەوە دژبەیەكن، وێرای ئەو جیاوازییانەی كە لەسەرەوە باسمان كرد "بریختو ئارتۆ" لە هەندێك شت دا پێك دەچن یان



هاوشێوەن، چونكە هەردووكیان نكۆڵی لە سەروەری كاراكتەر دەكەن، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر ئەوە رێككەوتوون كە روون بوونەوە لە دراما‌دا بەتەنها پشت بەوشەی گوتراو نابەستێتو بەتوندیش داكۆكی لەو حەقیقەتە دەكەن كە شانۆ پێویستی بە شارەزابوونی بە كۆمەڵ هەیە.. ئەگەرچی خواستی برێخت لە سووك كردنی زوڵمەكانی تاك لەگەڵ ئارتۆدا ناكۆكە، چونكە بەنیسبەت (ئارتۆ)وە پێكهاتە كۆمەڵایەتیەكانو كاریگەریان لەسەر فیكرو هۆشمەندی ئەوەندە گرنگ نییە بەقەدەر گەڕانی بەدوای ئەو وێردە سرووتیە بەكۆمەڵانەی ..كە شارستانیەت لەناوی بردووە یان پڵیشاندوویەتیەوە.

ئەنتوان ئارتۆ لەو سرووتانەدا ئەو مانا سیحرییە دەدۆزێتەوە كە بەدوایدا وێڵە، بۆیە لەم بارەیەوە دەڵێت.... ئەگەر بێتو سیحر گەیەنەرێكی بەردەوامو هەمیشەیی بێت لەنێوان ناوەوەو دەرەوەی كردارو فیكری شت ووشەدا، ئەوا دەشێ بڵێین ئێمە دەمێكە ئەو شێوەیەمان لە ئیلهام بەخشی بروسكە ئاساو، رۆژهەڵاتنی هەڵچووندا هەیە، ئێمە پێویستمان بەوەیە كە جارێكی تریش سەیرێكی ئەوكانییە زیندووە پاكو خاوێنانە بكەینەوە كە هەمێشتا لیڵ نەبووینە... برێخت لە داڕشتنی فەلسەفە هونەرییەكەیدا بەو مانایە یان ئەو شێوەیە نەبووە كە قسە لەگەڵ بینەردا بكات. چونكە وشە لای ئارتۆ دەتوێتەوەو دەبێتە تارمایی یان شەبەنگ(طیف) سۆفیگەرانەی ناڕوون، كەچی وشە لای برێخت رۆشنو روونەو پاڵەوانەكانیشی بەپێی توێژە كۆمەڵایەتیو چینایەتیەكان بە نموونە هێناوەتەوە، هەندێك لە نووسەرانی شانۆیی هاوچەرخ لە هەوڵی ئەوەدان كە پێناسەی تازە بۆ كەسێتی یان كاراكتەری مەرگەساتباردا بنێن لە زەمەنی ئاڵۆزو شێواودا، كەواتە كاراكتەر بەستراوەتەوە بە هەڵوێستەكەی، لێرەدا "ئارسەر میللەر" بەو شێوەیە پێناسەی دەكاتو دەڵێت "وەك كەسێك پرسیارەكان دەكات، وەلامەكەشی بریتییە لە پێناسەكردنی مرۆڤایەتیو رێگەی راستو دروست بۆ ژیانو، واگوزارشت لە جیهان

دەكات كەوەك نیشتمان وایە، لەجیاتی ئەوەی بیكات بەگۆڕەپانی جەنگ یان تەمو مژێك كە تیایدا رۆحە پەرتەوازەكان(شاردە) لەشەوی ئەنگوستە چاودا بەیەكتری بگەن...".

كارەكتەرەكانی شانۆی نامەقووڵ بەهۆی جەستەی ئەكتەرو چڕی ئەوشتانەوە جێبەجێ دەكرێت كە دەورەی داوە، یان دەبێتە درێژكەرەوەی میكانیزمی جەستەكەی بۆ هێنانەدی ئەو سەپاندنەی كە لەسەرە مەرگەساتی دەگمەندار "التندر المساوی"یان كۆمیدیای ڕەش سەرپاكراوە یان بنیات نراوە (القائمە) بۆ مرۆڤی ئەو سەردەمەی كە باوەڕی پێشووتری وون كردووەو بووەتە قاڵبێك لە قاڵبە تەكنەلۆژیەكانو نموونە تاقیگەییەكان (عینە مختبریە) كە عەقڵە بەكۆمەڵەكانو هی تریش لەئەزموونی توێژینەوە زانستیو دەروونیو سیاسییەكان دەیتوێنێتەوە، بەشێوەیەكە كە ئیرادەی مرۆڤایەتی پووكاوەتەوەو مرۆڤیش لە بەرامبەر هێزە فشارو گوشاركەرەكانیش كۆگای تەكنیكە باڵا دەستەكانو سیستەمی ژمێریاریو ووزەی گەردوونیانەی نادیار لە پاشەكشێی دایە،بە كورتی شتەكان ڕۆڵی چارەنووسساز دەبینن لە دیاریكردنی دوا ڕۆژی جۆری مرۆڤایەتی بەگشتی.

یوجین یۆنیسكۆ لە شانۆگەریەكانیدا چەندین وێنەی عەنتیكەییانەو سەمەرە بەكاردەهێنێت وەك ئەو تەرمەی كە بەبەردەوامی گەشە دەكات "دەئاوسێت"و، ئەو كورسییانەی لە سەریەك كەڵەكە بوونو، قۆچەكانی ئەو (خەرتیت)ەی (جۆرێكی ئاژەڵە) كە لە كەللەسەری مرۆڤەوە دەرچووەو جەستەكەی سەری خۆی ون كردووە وێنەی سوریالیانەی لەوانەش سەرسوڕهێنەرترو نموونەی لەم شێوەیە لای "ئادامۆڤ"یش هەن یان دەبینن.

"سامۆئیل بیكیت"یش لەڕێگەی بەكارهێنانی یان بەكاربردنی" مرۆڤو شتەكانەوە خۆی دەردەخات كە تیایدا شتەكان تاگەیشتن بەئاستی سنووری میتافیزیقیا بەكار دەهێنێتو بەرزدەكاتەوە. ئەمەش



بەهۆی ئەو چارەسەركردنەوە دەبێت كە بۆ وێنە شانۆییەكانی دیاریكردوە بەتایبەتیش ئەو وێنانەی كە لەدوا شانۆگەریەكانی بەكاری هێناونو، بەم جۆرەیە:

....بەڕێگەیەكی تاڕادەیەك گشتی تەركیز لەسەر جەستەی مرۆڤ دەكات، بگرە تەركیزی لەسەر ئەو كەرەستانەش دەكرد كە لەشانۆگەریەكانی بەكاری دەهێنان، لەوانەش مەنجەڵەكان لە شانۆگەری "یاری"و گڵۆپ لە شانۆگەری "ئاوازی تەنیایی"و یان كورسی لەرزیو لە شانۆگەری "روكابی"دا "Rokaby"، ئەو كەرەستانەی كە لە شانۆگەریەكانیدا بەكاری هێناون بە پەیوەندییەكی توندو تۆڵو زیندووانە دەیبەستێتەوە بەجەستەی مرۆڤ یان پەیوەندییەكی توندو تۆڵو زیندوانەیان لەگەڵ جەستەی مرۆڤدا هەیە لەگەڵ ئەوەشدا "بیكیت" جەستەی مرۆڤی لەو ئەركە گوزارشت كەرە جیادەكردەوە كە ئاماژە بە ناسنامە خودییەكەی دەكاتو لەجیاتی ئەمە وەك وێنەیەك تەركیزی لەسەر جەستە دەكردەوە كە دەهێنرێتە بەرهەمو لە هەمان كاتیشدا دەلالاتی خۆی هەیەو لەوانەیە لە ژیانی ڕۆژانەشدا هەستیپێ بكرێت كەفشاری زۆر دەخاتە سەر هەستو ناخو دەروونو هەڵچوونەكانمان بەو پارچە زۆرو زەوەندە پەرشو بڵاوانەی كە ناچێتە ڕەوتی كارتێكەری یەككگرتووەوە، بەڵكو سەرجەم هێزەكانی جەستەی مرۆڤ لە حاڵەتی ئامادەباشیدا دەبێت وەك هێزی ئەندامێتیو وەزیفیو ڕۆحی بەخەلەل بوونیان، لێرەدا دەتوانین بڵێین "خێزانی جەستەی مرۆڤایەتی"یش دووچاری پەرشو بڵاوی لێك جیابوونەوەو ترازان بووەو، وای لێهاتووە زمان بەنیسبەت دڵەوەو چاو بەنیسبەت گوێو سەریش بەنیسبەت جەستەوە نامۆ بن لەگەڵ یەكتری"... جەستەكان لە شانۆگەریەكانی "بیكیت"دا بەلای ئەوەدا دەشكێنەوە كە پارچە پارچەو ناسروشتیانە بن، لەوانەش هەڵواسینی دەمەكان یان سەرەكان لە تاریكییدا".

ئەو پووكانەوەيەی كە دووچاری رەهەندی مرۆڤايەتی بووەو پێشتريش ئەدەبی كلاسيكی پێی ناسرابوو، ئەم رەهەندە هەروەك جەستەی شەويان رووبەر وايە كە لەچوارچێوەی هەستەكانی سروشتو شاری تازەدا سەر لەنوێ ون دەبێتەوە. رووناكی ديارو بەردەوامو يەك جۆری جلو بەرگ يان ئيمائەكان مرۆڤی وەك ماددەيەكی بينراو بەكارهێناوە، نەك وەك خاڵێك بێت بۆ ناسينی ئەو مرۆڤە "لە هەموو روويەكەوە".

"ئادريان بێگ" تێزێكی سەبارەت بە "مردنی دانەری شانۆيی" نووسيوە، لەو تێزەيدا زۆر نيشانەی لەبارەی مردنی خوازەيی دانەری شانۆيی دەست نيشان كردوە نەك مردنی بايۆلۆژيانە، لەم دەست نيشان كردنەدا مەبەستی ئەوەيە كە بەرهەمەكانی دانەری شانۆيی لەوانەش "دەقەكەی" لەخۆی جيادەبێتەوەو لەو حاڵەتەشدا دەقەكە داكۆكی لەخۆی دەكات، لەچوارچێوەی ئەو بەرنامانەش كە لە ڤيستيڤاڵی وەرزە شانۆييەكاندا پێشكەش دەكرێن، ئێستاشی لەگەڵ دابێت دەقی بەهێز، بوونی نييەو ناكەوێتە بەر ديدەی بينەرانو لێكەوتنەوەو بوونی دەقی تريش لەم جۆرە ڤيستيڤاڵانەدا مەرج نييە داندراوی سەردەمی ئێستامان بێت، بەڵام لە بنچينەدا هەمووشی ناكەوێتە ژێر باری دانەری باوكەوەو، لەوانەيە وەك مرۆڤێك لەبير بكرێت، بەڵام دەقەكانی تاوەكو ئێستاو سەرلەنوێ دەست بەسەر ژيان دا دەگرێت، لێرەدا تەنها شكسپير بە نموونە دەهێنينەوە، چونكە هەر لەمردنييەوە تاوەكو ئەمڕۆ دەقەكانی بەداڕشتنی تازەو نوێوە دەكرێت بە نمايشی شانۆيیو پێشكەشيان دەكرێن، بگرە ئەو سەرچاوانەی كەهەتا ئێستاش دانەرەكانيان ناديارن رۆڵی گرنگ دەگێڕن يان دەبينێت لە بوارەكانی نووسين، بۆ شانۆی تازە. هەر سەبارەت بەم بابەتە عەرەبەكانيش چەند يادێكی شەوانەو (ابو زيد الهلالی)و چەندين چيرۆك يان هەقايەتی فۆلكلۆريانەيان هەيەو لەگەڵ ميتۆلۆژيادا بوونەتە سەرەتاييەك لەسەر دەستی رێبەرانی وەك "مارون النقاشو ابو خليل



القبانیو يعقوب صنوع) هاتۆتە ئاراوە گەڕانەوەش بۆ كەلەپوورە مێژوويیو نەتەوەييەكان لەوانەيە زەمينەيەكی باش بڕەخسێنێت بۆ رۆشنبيرييە نيشتمانييەكانو پانتايیو يارمەتيدەرێكی چاكيش بێت بۆ كاركردنی هەر داهێنەرێك يان هەر داهێنەرێك بيەوێ كاری تيادا بكات. جگە لەمانە زۆر بۆنەی تريش هەن كە جارێكی ترو لەسەر شێوەی تازە دايانبڕێژينەوە بۆ ئەوەی پێشكەش بكرێت بەشێوەيەكی شانۆييانە كە تيايدا گوزارشت لەگيانی نەتەوەيیو پاراستنی شارستانيەتی هەر نەتەوەيەك بكات. دووبارە داڕشتنەوەی ئەو بۆنانەش لە كەلەپوورە بينراوو بەرجەستەكراوەكانو شێوەكانی ئاهەنگە كۆمەڵايەتیو هۆزايەتييەكانو بۆنە ئايينیو خۆشیو شين شادييەكاندا هەن.

## پرۆسەی بەئەفسوون كردنی دەق

رۆشنبيرييە نيشتمانيەكان لە رۆشنبيرييەكانی سەردەم دوورو دابڕاو نييە بگرە جيهانی ئەمڕۆش خەريكی گفتوگۆكردنە لەسەر ئەم

www.pertwk.com

رۆشنبيرييە كە بەرێگەی پشتگيریكردنو بەرەسەن بوونو خۆگونجاندن دروست دەبێت.

دۆزينەوەی كەلەپووری عەرەبی لەلايەن "مارون النقاش"و "ابو خليل القبانی"و شانۆييانە چارەسەركردنی "ئەگەر چی وەكو پێويست نەبووەو زياتر گيانی گۆرانیو موەشەحاتو شێوەی گێرانەوەی لەخۆگرتبوو" جەخت لەسەر كارتێكردنی چارەنووس سازانەی رۆشنبيری شانۆيی دەكات لەسەر ويژدانی نەتەوەيی، شانۆگەری رەزيل (بخيل)ی مۆلييێر يەكەم شانۆگەری بووە كە كاريگەری خۆی هەبووبێتو بەجلو بەرگی عەرەبی پێشكەش كراوەو بەو ئيمكانياتەی كەئەو كاتە هەبووە بەرهەمهێنراوەو هەر خۆشيان دەريانهێناوە "هەروەك چۆن لای خۆشمان لە حەفتاكان بەناوی "پيسكەی تەرپير"بەرهەم هێنراوەو بەزمانی كوردیو بەجلو بەرگی كوردی پێشكەش كراوەو بگرە زۆربەی رووداوەكانيشی بە كوردی كراونو هەڵقوڵاوی كۆمەڵی كوردەواری بووە.

ئەگەرچيش دەقەكە مۆركی مۆلييێری هەر پێوەماوەو نەسڕدراوەتەوە. پێشكەش كردنی لەم شێوەيەو بەم جۆرەش لايەنێكی ئەو مشتو مڕە هونەرييە شاراوەيەمان وەبير دەهێنێتەوە كە لەنێوان لاسايی كردنەوەو گرتنە بەرو پەيڕەوكردنی هونەرەكانی رۆژئاواو ئارەزووكردن لە خوڵقاندنی سەربەخۆييەك دا هەيە كە خۆی بگونجێنێت لەگەڵ كەلەپووری رۆشنبيری نيشتمانی، بەمەش دەڵێن بەگرفت بوون "الاشكالی" ئەم گرفتە وەكو زاراوەش سيفەتێكەو تيايدا رووی راستی بەديارده كەوێتو دەشێ راستگۆيانەش بێت، بەڵام مەرج نييە راستگۆييەكەشی تاسەربێت.

لە فەرهەنگی "ئۆكسفۆرد"دا بەم شێوەيە پێناسەی "ئيشكاليەت" دەكرێت لەبواری لۆژيك دا پشتگيری كردنی ئەوەی كە مومكينە، بەڵام ئەو پشتگيری كردنەش مەرج نييە وەكو پێويست راست گۆيانە بێت".



سەرەڕای وەسف كردنی كەلەپووری نيشتمانیو نەتەوايەتی بەسواو يان بەشی كۆن، بەڵام ئەم كەلەپوورە ئەو ئيمكانياتو بەهرانەی ئاشكرا كرد كە هونەرمەندە نوێخوازە عەرەبەكان هەيانبوو لەوانەش (مەغريب) (لە كوردستانی باشووريش كەلەپوور سوودی لێوەرگيراو لە سەرەتەختەی شانۆ لەشێوەی شانۆييدا پێشكەش كراوە، ئەم جۆرە كارانە هەتا ئێستاش كاريگەريان بۆ دوای نوێخوازييش هەبووە. لەبەر ئەم هۆيانەی كە لەسەرەوە باسمان كرد، توێژەری شانۆيی "پاتريس بافيس" گەيشتە ئەو باوەڕەی كە ئەمڕۆ شانۆی جيهانی دووچاری چەندين رێيانی رۆشنبيری بۆتەوەو هەر لەبەر ئەوەش بوو كتێبە رەخنەييەكەی بەهەمان ناوونيشان كرد بۆ بينينی يەكلايی كردنەوەی ئاوێتەبوونو چوونە ناوييەكی زاراوە پەيوەندی دارەكان، كە ئەوەش بەهۆی روانينو پشكنينی ميتۆدە رەخنەييەكان دەبێت لەپێناو كۆكردنەوەی لەيەك زاراوەدا كە لەزاراوەی تر زۆر بەگونجاوی تری دەزانێت لەپێناو دەست نيشان كردنی ئەو چالاكييە شانۆييە نيشتمانييەكان ئاشكرا دەكات. ئەمەش زاراوەی "چوونە ناويەك يان ئاوێتە بوونی رۆشنبيرييەكان "ە لەجياتی بەكارهێنانی زاراوەی ناوردتر يان نارێكی وەك (فرە رۆشنبيری)،" چونكە ئاوێتەبوونی رۆشنبيرييەكان گونجاوە سەبارەت بەتێگەيشتنی لە لۆژيكی گۆڕينەوەی توخمەكانی بە مەدەنيبوون لە نێوان كەلتوورەكاندا، لێرەدا ئامانجێكی مرۆڤايەتيانە پاڵ بە "پاتريس بافيس"ەوە دەنێت وتيايدا "ئەندێرە ليروا گورهان" بە نموونە دەهێنێتەوەو دەڵێت يان دەنووسێن.. ئەو كاتەی مرۆڤ هەوڵی بەمرۆڤايەتيبوون دەدات، هەوڵ بۆ بوونی خۆی دەدات، چونكە هەموو تيۆرێك بەو پۆرترێتە تايبەتييە دەچێت كە مرۆڤ بۆ خودی خۆی وێنەی كێشاوە. يان ئەو گوتەيەی "ڤيكتۆر هيگۆ" دەهێنێتەوە كە لەبارەی شانۆوە گوتويەتی "لەبەر ئەوەی شانۆ بۆتەی يان چوارچێوەی شارستانييەكانە، كەواتە شوێنی پەيوەندی كردنو بەيەكتر گەيشتنی مرۆڤەكانيشە...

www.pertwk.com

" باتریس بافیس" بەهۆی ئەو باوەڕەی کە بۆی دروست بووە دەیەوێ جەخت لەسەر بۆچوونی خۆی بکاتەوە سەبارەت بەو پەیوەندییەی کە گوتمان لەنێوان دەق و نمایش دا هەیەو، دەنووسێت:... لەجیاتی پێناسەکردنی پەیوەندی نێوان دەق و نمایش وەك گۆڕین یان وەرگێڕان یان کەم پێکردنەوەی یەکێکیان بۆ ئەویدی ئێمە وای بەچاك دەزانین کە وەك ڕێگەیەك لە ڕێگەکانی دامەزراندنی کارتێکەرە دەنگییەکان و هاوسەنگی لەنێوان سیستمە سیمیوتیکیە دژ بەیەکەکان پێناسەی بکەین " وەك بێژەیی و نابێژەیی، ڕەمزیەت و ئیقۆنیەت"وە بەرەچاوکردنی ئەوەی کە بۆشاییەکی پێکەوە بەستراو هەیە لە شوێن و کاتدا لەنێوان ئەو نیشانە بیستراوە تایبەتیەی کە لە دەقدایەو ئەو نیشانە بینراوە تایبەتیەی کە لەسەر تەختەی شانۆدا هەیە".

ئەو بۆشاییە نادیاریکراوە بەیەکتر گەیشتنی هەردوولایەنی گوتاری بێژەیی بۆ نابێژەیی و بەرزکردنەوەی دیمەنەکان دێتە بەرهەم، کە لێرەدا وێنەی شتەکانمان بەبیردێنێتەوە کە لاسایی کەرەوەی ڕووخساری شتەکان و ڕواڵەتە دەرەکییەکانیان و بە "ئیقۆنیەت"یش ناونراوە، بەڵام ئەوکاتەی کە لە لکاندنی بەڕواڵەتی شتەکان بەدوور دەکەوێتەوە، شێوەی "ڕەمزیەت" یان "ئاماژەدار" بەخۆوە دەگرێت بۆ ئەوەی بۆ بارگەی مەعنەویاتی گەورە تر بەرز بکرێتەوە، بۆ نموونە" باز، عەگال، ڕەنگەکانی سەوز، سپی، ڕەش" ئاشکرایە کە ئەم جۆرە شتانە لای عەرەب دەلالەت لە ڕەمزە کۆنەکان دەکەن، بەڵام پەیوەندی ئاماژەداریش دەبەستێتەوە بەهاوسێ بوون هەروەك (بەلەم لەسەر ڕووبار) کە دەلالەت لەم ئاماژەیە دەکات.

هونەری شانۆ لە هونەرە ئاڵۆزەکانە، تیایدا چەندین توخم بە بەردەوامی وێنەیی و هەڵچوونانە تێکەڵ بەیەك دەبن لە چوارچێوەی رایەڵێکی نەرمی نێوان دال و مەدلول و، نێرەر یان پەیام و وەرگر کەلەچوارچێوەی ڕەوتەکاندا حسابی بۆکراوە. کەوابێ "دەق و تەختەی



شانۆ لەهەمان کات و شوێن دا هەستیان پێدەکرێت و دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی وایش کارەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن کە هاوتەریب بن و مەحاڵە یەکێکیان پێش ئەویدی بکەوێت)، چالاکی دەرهێنان هەموو ئەرکێکی شانۆیی دەبەستێتەوە بە چۆنیەتی دروست بوونی نمایش، هەر نمایشێك بێت، وەڵێ ڕەخنەی هاوچەرخ پێویستی بەجهودی فیکری هەیە بۆ بنبڕکردنی ڕەگەکانی "تیئۆریزم" بۆ هەموو "میزانیسین" جووڵەیەکی دیاریکراو بەتەنیاو ڕەوتە وێنەییە چالاکەکەی بەکرداری تەوژم و داینەمۆی ئەو تیۆریزەیەی کە بەهۆیەوە هاوتا بەهێزەکەی بۆ نمایش بەدیار دەکەوێت.

...دەرهێنانی شانۆیی گۆڕینی دەق نییە بۆ نمایش، بەڵام بەواتاییکی تر هاوشانی تیۆرێکەو پێك دێت لەدانانی دەق لەژێر هەوڵ و تاقی کردنەوەی شانۆیی و دراماییی بۆ ئەوەی کەچۆن بێژەی شانۆیی بەرەنگاری دەق دەبێتەوەو بازنەی نێو لێکدانەوەش لەنێوان دەق و بێژەکەیدا" لەنێوان بێژەو بێژەکردن"دا دەست پێدەکات، واتە کردنەوەی دەق بەڕووی چەند ڕاڤەیەکی مومکیندا. دەق (کارتۆن)ێك نییە شریتی دەرەوەی هەڵپچڕی و سەرەکەی هەڵدەیتەوە بۆ بینینی ئەو شتانەی کە لە بنی داقەتیس ماوە, هەر ئەزموونێکی دەرهێنانیش بەو جۆرە دەق دەهێنێتەوە گۆ کە هەرچی لەناویدایە گوزارشت لە بنیاتە قووڵ و ڕەوتە شاراوەکەی بکات و هەر بەڕووکەشیش بەسەر بەشێك لە وشەکاندا هەڵبخلیسکێت: هەر لەبەر ئەوەشە کە"لۆرانس ئۆلیڤییەو جۆن جلجۆدو سموکتنوفسکی"و کەسانی تریش هاملێتی تایبەت بە خۆیان هەبووە, ئەمەش بەپێی کرانەوەی دەق بووە لەسەر نمایش. لەبەر ئەو هۆیانەی کە لە سەرەوە باسمان کرد ئەو باوەڕی پێشتر نەماو لەناوچوو کە دەیگوت"دەق تەنها هەڵگری یەك واتای ڕەهاییەو دەرهێنەر هەر دەبێ بیدۆزێتەوەو وای لێبکات کە نمایشی شانۆییەکە هەڵگری بێت. فرەمانایی بووەتە هەڵقەتێك و ڕەخنەی هاوچەرخیش لەیەك دەقی دراماییدا گفتوگۆی لەسەر ناکات. پلانی شانۆیی کۆن بە

www.pertwk.com

بەردەوامی دەست بەو گفتوگۆیە دەکات کە لە نێوان گوتراوو دەرکەوتوودا هەیە, وە(فیتز) یش لەم بارەیەوە دەڵێت"چێژی شانۆیی بە نیسبەت بینەرەوە لەو جیاوازییەدا بەدی دەکرێت کە لە نێوان دەگوترێ و بەدەرکەوتندا هەیە..وە ئەوەی کە بەنیسبەت بینەریشەوە وروژێنەر دەبێت لەو بیرۆکەیەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەڵێت مرۆڤ بە گوێرەی ئەوەی باسی لێوەدەکرێت, وەك ئەوە بەدەرناکەوێت کە قسەی لەسەر کراوە. ئەوەیە ئەو توانا ئەفسوونییە شاراوەیەی کە لە کارتۆنی یان لە دوو تووێی دەقدایە.

## فرە رۆشنبیری

شتێك کە بە نیسبەت"فیتز"ەوە گەوهەری بێت ئەوەیە کە دەرهێنانی وەك هونەرێکی هەمە جۆریان هەمە رەنگ دۆزییەوە. وە ئەوەی کە بەشەخسی لە دەرهێنان دەیوروژێنێت ئەوەیە کە بینەر بنووسێنین یان گرێبدەین بەو بیرۆکەیەی کە دەگوترێت و دەرناخسترێت. بڕیاری"تیۆریانە" بە دوور نییە لە رایەڵی سیستمەکانی نمایش, بەڵکو ئەو تیۆرانە هاوجووت دەکات کە لە دەق و ئیقاع دا هەیەو کار لەمومارەسەکردنی شانۆیی دەکەن و بریتیشە لە خاڵی دەست پێکردن بۆ پلانی کۆریۆگرافی و سروودی یان مۆسیقی و"ترنیمی" و دەنگی و ئیقاعی ئەو پلانەی کە مانایەکی کردەوە ئامێز دەبەخشێت بەدەق یان نمایشی دراما. تیۆرەکە وەك ئەوە نەماوە کە خۆی گفتوگۆ رەت بکاتەوە, بەڵکو وایلێهاتووە کە خۆی هەڵبستێ بە لە دایك بوونی ئەو مومارەسەکردنە یان گفتوگۆ کردنە.

لە کەسیش شاراوەنییە کە رەخنەگرتن لە کۆن دا هەر لە"ئەرەستۆو هۆراس و بوالۆوە تا دەگاتە برێخت(وەك نموونەیەکی سەردەم) هەوڵی سەرەکی خۆی داوە لەسەر نموونە"عینات و نماذج" لێك جیاوازەکان کە ناکرێ گفتوگۆی لەبارەوە بکەین یان هەماهەنگیەکانی بگۆڕین و



تەحەککوم بە توخمەکانی بکەین, ئەوەیە کە لەگەڵ تێزەکەی"رۆلان بارت" دەگونجێت و ئەمیش بەم جۆرە لەسەری دەنووسێ و دەڵێت"... هونەری درامایی نابێ گوزارشت لە واقع بکات بە قەدەر ئەوەی ئاماژەی پێدەکات. (هەروەك ئەوە وایە کە دەرهێنەر هەڵدەستێ بە جۆرکردنی زمانی بینایی و (چاو) پچڕانی بینراوو گەیاندنیشی بە شێوەیەك بێت کە بەهۆیەکانی شانۆوە لەلایەن جەماوەرەوە بخوێندرێتەوە نەك بە هۆیەکانی ئەدەب".

"پاتریس بافیس" گرنگی بە چارەسەرکردنی کاریگەری شانۆیی دەدات لە چوارچێوەی ئەویەکە هونەریانەی کە بە چەمکەکانی وەك(میزانسین) دەرەوەی ئابلۆقە دەدات, کە ئەویش بەدەوری خۆی توخمەکانی نمایش بەیەکەوە گرێدەدات و پەیوەندییەکانشی لەو سیستماتیك و نیشانانە پێك دەهێنێت یان دروست دەکات کە دەق پشتی پێدەبەستێت لە بۆ هەڵوەشاندنەوەی یان باش دروست کردنی و"چینی دەق بەڕێك و پێکی" و بنەما جوانکاریەکانی نمایش و ئاماژەکردن بەسات و چرکە کاریگەرو بێزارەکان و نەخشەی شانۆیش شێوەکانی بۆشایی ئیمائی و شانۆیی تەلار سازی و بە مەدەنیبوون یان مەدەنیەت چارەسەر دەکات, هەروەها پەیوەندی نێوان شوێنی سەیرکردن و شوێنی کردار, یان ئەوەی کە لەسەر تەختەی شانۆ یان دەرەوەی شانۆ روودەدا چارەسەردەکات, لە هەمان کاتدا سەیری سیستەمی رووناکی و ئێکسسوارو جل و بەرگ و نواندنی ئەکتەرەکان و مۆسیقاو ئیقاعی نواندن و بینەرو تۆمارکردنی نمایش"چ بە وێنەی فۆتۆگرافی یان بە وێنەی سینەمایی بێت"و گرفتەکانی ئەو نمایشەی کە هێشتا نەبووەتە نیشانەیەکی گرنگ و مانای خۆی هەبێت و خزمەتی گوتاری شانۆیی پێ بکات و بایەخدانیشی بەوردەکاریەکان"تەکنیکیەکانەوە" چییە بۆ نموونە دووبارەکردنەوەی ئەوەی کە ناسراوەو(معروف) چونکە لەگەڵ رای"سارتەر" رێك دەکەوێت یان یەك دەگرنەوە کە دەڵێت".. کاتێ کە گفتوگۆی لەسەر

www.pertwk.com

تەکنیکی یەکێك لە رۆمانەکانی دەکرد, هەر تەکنیکێك ئاماژە بە متافیزیکا یەك دەکات و دەتوانین هەمان شتیش سەبارەت بە تەکنۆلۆژیای پەیوەندی کردنەوە بڵێین کە ئەمیش ئەو مانایەی خۆی بەدەست ناهێنێت, مەگەر ئەو کاتە نەبێت کە بیبەستینەوە بە تێڕامانی جوانکاری یان میتافیزیکی لەسەر شێوەی چەندایەتی"دووبارەکردنەوەی بەرهەم"بۆچۆنایەتی"راڤەکردن"و ئەم بۆچوونە بەو مانایەش دێت کە دەبێ تەکنیکەکان بە شاراوەی دیاریکراوی بابەت یان ناوەڕۆك ببەسترێتەوە چونکە هیچ تەکنیکی رووت لە شانۆدا نییە.

قوتابخانەی نێودەوڵەتی ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ, گرنگیەکی تایبەت دەدات بە پێشخستنی سیستمەکانی کارکردن لەسەر رۆشنبیرییە نیشتیمانییەکان لە پێناو تێکەڵ کردنی بەرەهەندی رۆشنبیرییەکانی کۆمەڵ و لەلایەکی تریشەوە پانتایی تازەتر دروست دەبن بۆ هونەرەکانی شانۆیی دوا رۆژ. لە بارەی ئەو قوتابخانە نێو دەوڵەتییەوە کە بەناوی(ئێستا–lsta) یە "بافیس"ی رەخنەگر ئەو ئەزمونەمان بۆ باس دەکات یان بە بیر دێنێتەوە کە(ئۆجینوباربا) لە هەرێمی(سالنتۆی ئیتاڵیا)دا سەرکردایەتی دەکرد, ئەم ئەزموونەش لەو کاتەدا بوو کە شانۆنامەی (فاوست)ی بەتێگەیشتنێکی ئەزموونیانەی هاوچەرخەوە نمایش کرد کە بەم شێوەیە بوو,"... هەڵسا بە کۆکردنەوەی ئەکتەرە رۆژهەڵاتییەکان و سەمازان و مۆسیقارە هیندی و یابانیەکان)و بەشداربووان– وەرگرە رۆژئاواییەکان لە وەڵامێکی بە کۆمەڵ دا بۆ(فاوستی گۆتە)و (فاستی مارلۆ)ش و سەرباری کۆکردنەوەی ئەو هەموو کەلەپوورە رۆژئاواییەی کە تایبەت بووە بە کەسێتی میللی و ئەفسانەیی"فاوست".. ئەم کارە بۆ ماوەی پێنج رۆژ لەسەریەك نمایش کرا, هەر لە کاتژمێر(6) وە تاکو(10)ی بەیانی.



پێشتر پێیان وابوو کە دەقێکی وەك"فاوست"ی گۆتە لەبەر شێوە ئەدەبیەکەی ناکرێ لەسەر شانۆ پێشکەش بکرێت و"بە تایبەتیش شێوەی گێڕانەوەکەی" و گواستنەوەی رووداوەکانی و کات و شوێنە سەیرو سەمەرەکانی.

"دۆمنیك مینگینو" لە توێژینەوەیەکیدا کە بەناوی"دوو فاقیەتی گوتاری شانۆیی"یە ئەوەمان بۆ باس دەکات و دەڵێت".. لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا چەندین شانۆگەری بۆ خوێندنەوە نووسراوە, بۆ نموونە شانۆگەری"لۆرانزاشیۆ"ی ئالفرێد دۆمۆسێ"کە لە ساڵی(1834) زایینی نووسراوەو لە(39) تابلۆ پێك هاتووەو دەڵێت: بۆ نواندن نەنوسراوە, بگرە"مۆسی" خۆیشی هەندێك لە شانۆگەریەکانی لە ساڵەکانی(1833–1834) بڵاوکردۆتەوە لە ژێر ناوونیشانی(خاڵی نییە لە دەلالەت) کە دیمەنێکە لە کورسییەکدا, واتە"شانۆی خوێندنەوە"و شانۆی هاوچەرخیش کاری بۆ بڕینی ئەم هەنگاوە سەختانە کردووە کە دەرهێنەرەکانی پێشووتر لە توانایان دا نەبوو ئەم کارە ئەنجام بدەن.

بۆ نموونە دەرهێنەری فەرانسەیی"مینوشکین" کە داهێنەری شانۆی"خۆرە"ە, بە هۆی ئەم شانۆیەوە هەڵسا بە پێشکەشکردنی نمایشێکی هاوچەرخ و بابەتەکەشی لە کەلەپووری یۆنانی کۆن"گریك" وەرگرتبوو, لە ساڵی(1991)دا"مینۆشکین" دەقێکی ئامادەکردبوو بۆ نمایش کردن بە ناو نیشانی"ناتانەوێ؟". ئەم دەقەش لە سێینەی"ئایسخیلیۆس" (ئەفیگینا لە ئۆلیس)و (ئاگا مەمنون)و (هەڵگرانی قوربانیەکان) وەرگیرابوو.

مینۆشکین شێوازی کارکردنەکەی بەم شێوەیە کورت دەکاتەوەو دەڵێت"یەکەم جار وەرگێڕاوەکەم ئامادەکردو ئینجا دەستمان کرد بە پرۆڤە, لە کاتی دەست کردنیش بە پرۆڤە دەزانم چیم دەوێت, بەڵام نازانم بە کوێ دەگەم و کارەکەش بەرەو چ ئاڕاستەیەك دەڕوات".

بەهۆی ئیجتیهادکردنمان لە شانۆی ئەوروپیدا لە رووی عەمەلی و تیۆرییەوە, پێوانە بە شانۆی رۆژهەڵاتی, دەبینم نواندن لە ئەوروپا هەروەك ئەوەیە کە ئەکتەر دەری دەبڕێ و بڵێن سەیرکەن چۆن بە

www.pertwk.com

جوانی و ڕێکییەوە توانای شاردنەوەی هەستەکانی خۆمم هەیە, کەچی لە شانۆکانی ڕۆشنبیرییە ڕۆژهەڵاتییەکان دا ئەکتەر دەڵێت: دیقەت بدەن کە چۆن دەتوانم هەستەکانی ئەو کاراکتەرەی دەینوێنم بە شێوەیەکی جوان دەربخەم".

مینۆشکین لە ئەزموونەکەیداو لە کاتی پرۆڤە کردنا"جان جاك نۆمیتەر"ی مۆسیقاژەنی لەگەڵ بوو, هەر لە خۆیەوە چەندین پارچە مۆسیقای بۆ لێدەدا یان عەزف دەکرد, تاوەکو گەیشتنە ئەنجامی کۆتایی جێگیر کردنی نمایشەکە یاوەری بوو, لەکاتی نمایش کردن بە چەندین ئامێری مۆسیقا ژەندران بەشداری کرد.. وە لەو دەروازە یۆنانیەوە کارەکە چەندین ئەکتەری لە ڕۆشنبیرییە جیاوازەکان بەخۆوە گرتو تیایدا تەکئید لەسەر هونەری کۆرس(جوقە) کرایەوە, بە تایبەتیش ئەو تەکنیکانەی کە(ڕۆلان بارت) باسی لێوەدەکرد, کە بە هۆی ئەو تەکنیکانەوە(جوقە)شی پێ زیندوو دەکردەوە یان هەڵدەستانەوەو دەیگوت"... ئەو جۆرە تەکنیکە پەیوەندی بە یەکسانیەکی تەواو یان ڕەها هەیە لە نێوان زمانەکانو ئەو هونەرانەی کە دایدەنا(تؤلفها). مۆسیقاو جووڵەش ئەو سنوورەیان دەسڕییەوە کە لە نێوان ئاخاوتنو گۆرانی و قیژەو هاتو هاواردا هەبوو. هەر لەو چوارچێوەیە دانانی ئەو ئەزموونانەشمان لەبیربچێتەوە کە(پیتەر برووك) پێشکەشی کردووە بە تایبەتیش ئەو ئەزموونانەی کە بەپێشڕەوو پێشەنگ لە قەڵەم دەدرێت لە بواری بە یەکتر گەیشتنی ڕۆشنبیرییە جیاوازییەکانی گەلان لە بواری شانۆدا, لەوانەش"کۆنگرەی باڵندەکان" و ئەفسانەی بە نێو بانگی هیندی"ماها بە هاراتە"؟

<u>سەرچاوە:</u>

مجلة الموقف الثقافي- العدد 15 السنة الثالثة- 1988 بغداد المقالة بعنوان(مسرح مابعد الحداثة)- اعداد/ د. عقيل مهدى يوسف صفحات(74-87) من نفس المجلة.



(3)

## شوێن لە شانۆنامەکانی( چیخۆف )دا

ب. زنجیرمان

www.pertwk.com

(من شەیدای ئەو هەموو شوێنانەم کە لە روسیادا بە دێر ناونراون, ئەم ووشەیە هێشتا سێبەرە شاعیریەکەی خۆی وون نەکردووە) ئەمە پوختەی ئەو نامەیەیە کە چیخۆف لە12ی ئۆکتۆبەری 1885 بۆ لیبکینی ناردووە.

بابەتی جوانکاری شان بە شانی بابەتی کات لە شانۆنامەکانی چیخۆف دا شوێنێکی گرنگی داگیرکردووە, جوانکاریو کات سەبارەت بە یەککگرتنیان لە ئاوازێکی درامیدا لەگەڵ یەکتریدان, جارێکیان لە یەکتر نزیك دەکەونەوەو جارێکی تریش رووەو ئاراستەی جیا جیا لە یەکتر دوور دەکەونەوە. جاری واهەیە جوانکاری لەبەرامبەر توندو تیژی زەمەن دا لاوازو بێ توانایەو بە هۆی وێرانیو فەنابوون ناپهێڵێتو لەژێر فشارو گوشاریەکەیدا لەناو دەچێتو نامێنێت. هەروەك ئەو رێگایەی ناو درەختە بییەکان کە بەرەو رووبارەکە دەچێت لە خانووی بەرەبابی(برۆزۆرۆف) دا ون دەبێت لەسەر دەستی ناتاشا لە شانۆنامەی(سێ خوشك)دا, هەروەها هەڵوەرینی ئەو باخی گێلاسەی کە لۆباخین لە دەوروبەری خانووەکەی چاندوویەتیو, هەروەها ئەوەش دەبینین کە دارستانەکانی رووسیا ساڵ لە دوای ساڵ بەرەو پووکانەوەو نەمان دەچنو, وەك ئەو چارەنووسە خەماویەمان دێتە بەرچاو کەنیگەرانییەکی زۆر قوڵو خراپی ووروژاندووە لای ئەستڕۆف, و قیتو قۆزیەکەشی ناهێڵێتو جوانییەکانی هەریەك لە ئۆڵگاو ئێریناش هەڵدەوەرێنێت.

بەو پێیەی کەئێمە جوانی دەبینین, زۆر جار وابووە کە دارەکەی بە کرداری جوڵانەوەی کات وێك هاتیتەوە جوانییەکی داستان ئامێزانەی ئارامو نەمر کە بەهۆی گۆڕانی زەمەنەوە ساڵ لە دوای ساڵ لە گۆڕاندایە. یان جوانییەك کە بەساڵچووبێت(عابر) لە کاتە ئەفسوناویە بێ گەردو پاکەکانی هاوین دا دەبینین.

لەسەرەتادا ئەو جوانییەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کەدانەر بە تێبینییەکانی خۆی لە بۆشایی ئەو دیمەنەدا دیاری کردووە, ئەو



تێبینییانەی لە چەند ماوەیەکی جیاجیادا بە هۆی دایەلۆگەوە پێشکەشمانی دەکات, جوانی لە شانۆنامەکانی چیخۆفدا بەر لەهەموو شتێك شوێنی رووداوەکەو دیمەنی سروشتی دێرە ئاساییەکانی رووسیایە کەبریتییە لەباکگراوندێکی جێگیر بۆ نمایشی شانۆیی.

رەنگدانەوەی دیمەنی سروشتی بۆ نووسینی شانۆگەری لەلایەن چیخۆفەوە لەناونیشانی دوا شانۆگەریشیدا هەبووە, چیخۆف زۆر بەختەوەر بوو لەوەی کە گەیشتە ناوێکی شاعیریانەی گونجاوی وەك باخی گێلاس.

لە فێبریوەری 1903دا چیخۆف هەواڵی بیرۆکەی شانۆنامەیەکی تازە دەدات بە ستانسلاڤسکیو دەڵێت(ئامادەیە لە مێشکمداو ناویشی باخی گێلاسە, چوار پەردەیە, لە پەردەی یەکەمیدا دەکرێ لە پەنجەرەکەوە سەیری درەختە گوڵدارەکانی گێلاس بکەینو, باخەکە هەر هەمووی بەڕەنگی سپی داپۆشراوەو لە دواییدا ئافرەتەکانیش سپی پۆشن). بەو جۆرە دەبینین چیخۆف یەکەم جار باس لەو درەختانە دەکات کە گوڵەکانیان سپینو لە دواییشدا باس لەو ئافرەتانە دەکات کە لە جلو بەرگی سپیدان!

هەشت ساڵ پێش راگەیاندنی هەواڵی بیرۆکەی باخی گێلاس, چیخۆف لە نامەیەکیدا بۆ رەخنەگری ئەدەبی(سوڤۆرین) لەبارەی(باڵندەی نەورەس)ەوە بەو شێوەیە دەدوێت: (شانۆنامەیەکی کۆمیدیە, سێ دەوریان ئافرەتن, شەش دەور بۆ پیاوانە, چوار پەردەیە دیمەنێکی سروشتیانە(دیمەنێك لەسەر دەریاچە). بەڵێ, دیمەنی سروشتی یەکێکە لە نیشانە دیاردەکانی ئەو شانۆگەرییەو بەڵکو لە کۆمەڵی دەورو پەردەکانیش گرنگترە.

دەشێ لێرەدا باس لە گریمانی خۆمان بکەینو کورتییەکەی ئەوەیە کە بیرۆکەی شانۆگەری لە بیروبۆچوونی چیخۆف دا– کە لە چیرۆکە کورتو درێژەکانی والیێرا هاتووە یەکەم رەسم کردنی شوێنەکەیەو, لە دوای ئەمەشدا پێشکەش کردنی کاراکتەرەکانە بە خوێنەر– جاروبار لە

ڕەحمی دیمەنی سروشتیدا! دەریاچەی ئەفسووناویانە, تەنیایی لە شێوەی تورگنییف, باخی گێلاس لە دایك دەبوو.

دەكرێ ئەو مۆنۆلۆژە بێزار ئامێزەی كە(تریبلیف) دەربارەی شانۆ هاوچەرخی قوول بووەوە, بەسەردی خوێندویەتیەوە وەك یاداشتنامەیەكی راڤەكراو لە قەڵەم بدەین سەبارەت بەڕای دانەری(نەوڕەس) چونكە دیمەنێكی سروشتی وای تێدا دەبینین كە لەسەر شێوەیەكی جوان و ڕێك داندراوە كە هاوتای پاڵەوانە دراماییەكان بێت.

كاتێ كە پەردە لەسەر شانۆگەری(نەورەس) هەڵدەدرێتەوە, ژوورێكی سێ لادیواری كە ڕۆشن بووبێتەوە بە ڕووناكی دەستكردی ئێوارە نابینین. بەڵكو(بەشێكی باخ لە دێری سۆرێن و, ڕێگایەكی پان و بەرینی كە لە دیمەنەكانەوە بە ئاراستەی قوولایی باخەكەو بگرە دەریاچەكەشمان دەبەن...) ئەوانە دەبینین و كە هەر(لەو كاتەدا خۆریش ئاوابووە) (وافەرز بكە كەشەكە خنكێنراوەو ئاسمانیش لەشەو دابروسكان دەهاوێن) ڕووناكییەكە پەیتا پەیتا دەگۆڕێن(ئاسمانێكی سوورو مانگیش دەست بەهەڵهاتن دەكات)و هەورەكانیش بەرەبەرە دەڕەونەوەو كاتێكیش كە پەردە لەسەر گوندێك هەڵدەدرێتەوە لە هاوین دا لە پێشمان دا دیمەنێك لەسەر دەریاچەو مانگ لەسەر ڕووی ئاسۆو ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕووی ئاو ئاشكرا دەبێت. دیكۆر لە شانۆی ئارەزوومەندانی(تریبلیف) هەروەك دیكۆری ئانۆی چیخۆف وایە- یان هەمان دیكۆرە – دیمەنێك لەسەر دەریاچە! بۆ نموونە ئەمەیان ڕستەی(دۆرن)ە كە پەردەی یەكەمی كۆتایی پێبێنێت و دەمانگەڕێنێتەوە بۆ دیمەنی سروشتی! (ئای دەریاچەی ئەفسوناوی).

گرنگترین وێناندن لە دیمەنی پەردەی یەكەم دا گۆڕانی لەسەر خۆیانەی ئەو ڕووناكییەیە, ڕووناكیەك كە هاوجووتی بزاوتی ئەو زەمەنە دەبێت و بەزەحمەتیش دەگیرێت و هەروەها زەحمەتە میزاجی كاراكتەرەكانیش بیگرێت, لە ڕۆژئاوا بوون لە ڕۆژێكی هاوینی



خنكێنراودا, خۆرئاوا بوونێك كە هەست بە نیگەرانی كردن و پێشهاتە كاریگەرەكان لەخۆ دەگرێت بۆ ئەفسوونێكی خەمناك و ئێوارەیەكی ڕۆمانسیانەی سەرڕووی مانگ.

لەپەردەی دووەمی (نەوڕەس)دا ئەو دیكۆرە شانۆییە باوە نابینین كە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆیەمدا هەبووە بەناوی چادر pavilion, بەڵكو شوێنێكی پان و بەرین دەبینی- (لەقوولاییدا) بەلای ڕاستدا خانوویەك هەیەو پەنجەرەیەكی گەورەی تیایە بەلای دەستە چەپیش دەریاچەیەك هەیە لەسەر ڕووی ئاوەكەی خۆرو حەوزی گوڵەكان دەدرەوشێتەوە, كات نیوەڕۆیە, دنیا گەرمە, (ئەركادنیا و دورن و ماشا لەژێر سێبەری دار بییەكە دانیشتوون), (واشفەرز بكەكە حەمام لەلای چەپی كالوسەكان بوونی هەیە).

لەشوێنێكی نزیك ئەوێدا (تریگۆرین)ماسی ڕاودەكاو لە دواییدادێتە سەر تەختەی شانۆو (سەنارەو سەتڵێكی بەدەستەوەیەو, نیناش لەنزیك ماڵەكەیان بەدیاردەكەوێ و لەو كاتەی خەریكی لێكردنەوەی گوڵەكانە بۆ ئەوەی بۆ دورینیان هەڵبگرێت, (تریفیلیش)پەیدا دەبێ و تفەنگێكی پییەو نێچیرێچكیشی بەدەستەوەیە كە لە لای دەریاچەكە كوشتوویەتی, (تریگۆرین) بەو پییەی ئەوینێكی شارەزایەو سەبارەت بەو ڕۆژە هاوینییە بەو جۆرە گوزارشت لەسوڕمانی خۆی دەكات (هەورێك لەپیانۆ دەچێت و بۆنی خۆشی ڕۆژ پەرستن دێن.. بۆنێكی خۆشی گاڵتە ئامێز...ڕەنگێكی بێوەژنانە... )لەدوای ئەم قسانەی هێندەی پێناچێ و گوێی لەدەنگی ئەركادنیا دەبێ و, بۆ ئەوەی جانتایەكی خۆی ڕێك بخات و بڕوات بەدوای ئەمەدا بەخەمێكی زۆرەوە دەڕوانێتە دەریاچەكەو دەڵێت (بەراستی زۆر جوانە!...) لەسەر شانۆی كراوەدا تاوەكو قولایی باخێك لە دێری سۆریێن, دەریاچەیەك كە تەنكاوەكەی لەژێر تیشكی خۆری نیوەڕۆدا دەدرەوشێتەوە دەبینین, دێر دەكەوێتە لایەكی ئەو دەریاچەیەو لەناوڕاستیشدائەو خانووەی لییە كەنینای لێ لە دایك بووە.

www.pertwk.com

تەنها لە پەردەی سێیەم دا پاڵەوانەکان لەناو بینایە کە لە پێشماندا وەستاون, بۆ نموونە(ژووری نان خواردن لە ماڵی سۆرین)دا, لەگەڵ ئەوەشدا پەردەی سێیەم هەڵوێستێکی پێش کۆچ کردنمان بۆ دەنوێنێ(یصور) ئەو پاڵەوانانەی کە لێرەدا دەیانبینین هەروەکو ئەوەن کە لەساتی گواستنەوە دابن– بە تایبەتیش لەو کاتەدا مرۆڤ بە گوێرەی دەربڕینی گۆگۆل دەبێت و دەڵێت(ئەو, واتە مرۆڤ نەلەسەر ڕێگایەو, نە لە ماڵەوەش دانیشتووە), دیدار, لێك جیابوونەوە, ماڵئاوایی پێش کۆچێکی دوورەوە شوێنیش لەم پەردەیەدا بریتییە لە وێستگەیەکی بچووك و زۆر نابات هەر هەموویان ئەو شوێنە بەجێ دەهێڵن و ماڵئاوایی لێ دەکەن, نووسەری ناسراوتر بگۆڕێن بە هۆی بوونی لەو ماڵەی کە کەتۆتە سەر دەریاچەیەکی ئەفسووناوی گوزارشتێکی جوانی ئەو شوێنە دەکات و لەوانەیە لە ردارِشتنیدا سەرکەوتووش بووبێت کە دەڵێن(دارستانی پاکیزەکانە)و لە دواییدا بە خێرایی لە ڕۆژ ژمێرەکەی خۆی تۆماری دەکات.

ڕووداوەکانی پەردەی چوارەم کە لە یەکێك لە ژوورەکانی پێشوازیی ماڵی سۆرێن دا دەبێت و کە(تریبلیف) کردوویەتی بە نووسینگە. لەو پەردەیەدا وادیارە ئەو شانۆگەرییە بە شێوەیەکی ناتەقلیدی دەستی پێکردووەو بانگراوندەکەشی دیمەنی سروشتی دێرێکی شاعیریانەیە, بەڵام لە بۆشاییەکی شانۆیی تەقلیدی داخراودا کۆتایی پێدێت, هەمان ئەو ژوورە سێ لادیوارەیەکە بێزاری خۆی لە بەرامبەریدا دەربڕیوە. هەروەکو تریپلیف مان بە بیردێتەوە, بەڵام دیمەنی سروشتی و سروشتەکە خۆیشی تاوەکو ئێستاو, بگرە دوای گەیشتنیشمان بۆ دوایین پەردە لەنەورەس دا لەگەڵ میزاجی ئێمەدان. لەبەردەم ئەو هۆڵەی کە بینەر تیایدا دانیشتووە, ڕاستەخۆ دەرگایەکی شووشەیی داندراوەو بەسەر ئەو باڵە کۆنەیەدا کراوەتەوە کە ئەویش بەدەروی خۆی بەسەر باخەکەدا دەڕوانێت, لەبەر ئەوە(کۆستیا تریبلف) ژووری پێشوازی گۆڕیوە بۆ ژووری نووسینگە, تاوەکو هەر



کاتێك بواری هەبوو ویستی بچێتە دەرەوە بۆ باخەکەو لەوێشدا سۆزو خۆشەویستی بۆ فیکرەکانی بەجێ بهێڵێت. بەهۆی دەرگایەکی ناسکەوە مرۆ بۆی هەیە بە ئاسانی گوێی لەو درەختانە بێت کە لە وەرزی پاییزدا پەلکەکانیان لە خۆیان دەکەنەوە. ماشا قسە لە بارەی شەپۆلە گەروەکانی دەریاچە دەکات, لەم کاتەدا میدفیکۆش باس لەو تاریکییە دەکات کە باڵی بەسەر باخەکەدا کێشاوەو هەروەها باس لەو بایەش دەکات کە پەردەکانی سەر شانۆ چۆڵ, رووت, ناشرین وەك پەیکەری ئێسك دەهەژێنێت, دوای ئەمە(کوستیاتریبلیف) ئەو پەنجەرەیە دەخاتە سەر گازەرای پشت کە بەسەر باخەکەدا دەڕوانێت و لەو کاتەدا گوێی لە دەنگێك دەبێت و دەبینێ یەکێك لە پەنجەرەکە دەداو بە خێرایی دەرگا شووشەییەکە دەکاتەوەو بەڕاکردن بۆناو باخەکە دەچێ و لە دوای نیو دەقیقە (نینا) بە لەشی تەڕ دەهێنێتەوە کە هەر لە تەپڵی سەرییەوە تاکو ماڵەوە لە نزیك دەریاچەکە پیاسەی دەکرد, نیناش بە مۆنۆلۆژێکی وروژێنەرانە دەست پێدەکات و لەدواییدا بە مەبەستی خواحافیزی کردن دەست لە ملی(کۆستاتریبلیف) دەکات و دوای ئەمە لە ڕێگەی باڵە کۆنەکانەوە بۆناو ئەو باخە ڕادەکات کە بەهۆی ئاووهەوای باراناوی پاییزییەوە تەڕبووە.

دیمەنی سروشتی لە نەورەسدا سروشتێکی خاوی بێ ئاگانییە(چوارچێوەیەك نییە, ڕوویەکی بێ گیانیش نییە)وە چوارچێوەیەکی شانۆیی جوانیش نییە کە بەوێنەیەکی ژیانی ڕۆژانەی نمایش کراو لەسەر شانۆ دەورەدرابێت. دیمەنی سروشتی لە شانۆنامەی چیخۆف دا– هەروەك هەقایەت یان شیعری خۆشەویستی– هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ توخمەکانی ترا دەوەستێت و, بەڵکو کەسێکی کارایەو لەسەرووی گشتیانەوەیەو گرنگتریشە– لەپەردەی یەکەم دا شانۆیەك لەناو شانۆدا دەبینین– دەریاچەکە بەڕووناکییەکی ئەفسووناوی ڕۆشن دەبێتەوەو هەروەکو ئەوە وایە کەلەمانگی

www.pertwk.com

دەستکردەوە دەرچووبێت، دیمەن لە شانۆی(کوستیا تریبلیف) لەو دیکۆرە دەکات کە هونەمەدێکی شارەزاو زیرەك نەخشەی بۆ کێشابێت, بەڵام دیمەن لە شانۆی چیخۆف دا ئەو دەریاچەیەیە کە لە جەنگەڵێکدایەو مانگی سروشتی رووناکی دەکاتەوە.

لەپەردەی دووەمیشدا دەریاچە لە ژێر تیشکی خۆردا دەبریسکێتەوەو سروشتیش بە میزاجێکی خۆشی دڵکراوە دەدات.

لە پەردەی چوارەمو کۆتاییشدا, ماشا بەم شێوەیە وەسفی ئەم پەردەیە دەکاتو دەڵێت(لە دەریاچەکەدا شەپۆلی رەشی گەورە بەرز دەبنەوە) لێرەدا تەنها دەریاچەیەك نییە, بەڵکو دەریایەکی گەورەی چوارلایی هەیە(لە دەریادا زریانێکی رەش هەیە) شەپۆلە تووڕەبووەکان بەو جۆرە هەڵدەچن, بەرز دەبنەوە, زۆرانبازی دەکەن, زۆرانبازی دەکەین), هێندە زەحمەت نییە کە تێبینی دیمەنی سروشتی لە(نەوڕەس)دا بکەین هەروەکو ئەوەی لە شانۆگەریەکانی تری چیخۆفیشدا هەیەو بە پێی گۆڕانی حاڵەتی دەروونی کاراکتەرە درامییەکان ئەویش دەگۆڕێت, لێرەدا دەوەستێنو دەپرسین! کاراکتەرەکان یان ئەو کاراکتەرانە شوێن پەنجەی خۆیان لەسەر ئەو دیمەنە سروشتییە بەجێ دەهێڵن کە لە دەوروبەریانە؟ ئایا بڕیاری(قستەنتین تریبلیف) بە تەقەکردن لە خۆی لەوەوە هاتووە کە میزاجی خەمۆکیانەی پاییز هانی داوە ئەو کارە ئەنجام بدات یان ئاوو هەواکە پیس بووەو زەرد هەڵگەڕاوەو بۆ ئەوەیە کە لەگەڵ میزاجی بکوژدا تەماهی بێت؟

(أ–کوجیل)ی رەخنەگر(نەوڕەس)ی دوای ساڵانێکی دوورو درێژ لە نمایش کردنی ئەم شانۆگەرییە لە شانۆی هونەری مۆسکۆ بەبیری دێتەوەو دەڵێت(بە دڵنیاییەوە ئەوەندی سەنگی سەرنج دان لە دەریاچە, لە دیمەنی سروشتی, لە دەسەڵاتی تەمو مژاویدا هەیە بۆ ئەو دیمەنە سروشتییەی کە لە دڵو ناخییدا کە سێتییە مرۆڤایەتییەکان



دەجووڵێنەوەو هەندێك زیندوویەتی پیا هەڵدەسوێت یان زیندوویەتی پێدەبەخشێت).

شانۆگەری(نەوڕەس) لە شانۆی رووسیا(قوتابخانەی دەریاکەیە)و تیایدا سروشتی زیندوو لەگەڵ مرۆڤ کارلێك دەکەنو لە میزاجێك دا یەك دەگرنو بەیەکەوەش دەوەشتنو سۆزیشیان بۆ یەکدی دەبێت.

شانۆگەری(لالۆڤینا)ش بە باگراوندێکی دیمەنی سروشتی دێرێکی بیناکراو دەست پێدەکات! رۆژێکی هاوینیو هەورای گەرم, کات دوای نیوەڕۆیە, (باخ, بەشێکی خانووەکە لە باڵەکۆنەکەوە دەبیندرێن) لە دواییدا هێندەی پێناچێت لە پێشماندا رۆحی ئەو کاراکتەرە دراماییانە لە میانەی ئەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ سروشتدا هەیانە ئاشکرا دەبێت. (تیلجین) لەسەیرانی ئەو شوێنانەدا گەڕاوەتەوە کە لێی راهاتبوو, پڕیش بوو لە هەستی خۆشی شاعیریانەو لە شێوەی شیعر خوێندنەوەش قسەی دەکرد دەیگوت(ئەگەر من بە گالیسکە بە کێڵگەدا تێبپەڕم... یان لە باخێکی سێبەر ئامێزدا پیاسەو سەیران بکەم, یان سەیری مێزی نان خواردن بکەم, هەست بە چێژو خۆشیەك دەکەم کە راڤە ناکرێن, کەشو هەوایەکە زۆر خۆشە, باڵندەکان دەجریوێنن, ئێمە هەموومان لە ئاشتیو تەباییدا دەژین, باشە ئەدی لە دوای ئەمە لە چیمان کەمە؟!) بەڵام کوڕی پایتەخت دوای تەماشاکردنی ئاوایی یان گوند شتی وای نەدۆزییەوە کە بڵێتو نەیزانی چۆن گوزارشتی لێ بکات, تەنها بە چەند وشەیەکی ئاست نزم نەبێت, بۆ نموونە گوتی(دیمەنەکان جوانن) لەگەڵ قرچەی گەرماوی رۆژانی خنکێنەری هاویندا پرۆفیسۆر سیربریاکۆف دەڕوات– هەروەك مامۆستا بیلیکۆف لە چیرۆکی(پیاوی ناو هەمبانەکە)ی چیخۆف– کە پاڵتۆو دەستەوانەی لەبەرەو چەترێکیشی هەڵگرتووە, لە جیاتی ئەوەی بچێت لەگەڵ ئەوانی دی لەژێر دار ئەسپیندارە پیرەکە خۆی لەدەورەی سەماوەرەکە دابنیشێت لەنووسینگەکەی دادەنیشتو فەرماندەدا چایی بۆ ئامادە بکەنو لە دواییدا پێیان رادەگەیەنێت کە بە پێویستی دەزانێت ئەمرۆ

www.pertwk.com

چەند شتێك جێبەجێ بكات. لەبەر ئەوەیە دەتوانێت ئەو جیهانە نەبینین كە بەهرەی بەردەوام بوونی وون كردووەو لەگەڵ سروشت دا, هەروەها لە جیهانی هونەرو ئەو جوانییەش بە دوورترە كە ئەو دەربەگە موفلیسە لە هەمان كاتدا بە هەموو ناسكیەكەوە هەستی پێدەكات, لەلای خۆشیانەوە بە حەڵوای گەنیوی دەشوبهێنن.

دیمەنی سروشتی لە(لالۆڤانیا)دا– وەك گشت شانۆنامەكانی چیخۆف– لە حاڵەتی دەروونی پاڵەوانەكان زیاترو توندتر دەكات. پەردەی دووەمی ئەم شانۆنامەیە لەو كاتە دەست پێدەكات كە دراما گەیشتۆتە ترۆپكی ئاڵۆزی(توتر) كە بە چەخماخە لێكدانی بروسك كرانەوەیەكی بەدوادا دێتو هەر هەمووشیان لەشەودا بەیەكەوە لە چاوەڕوانی زریانەكەدان, زریانەكەش تێدەپەڕێو لە دوایشدا هەست بە خۆشی دەكرێت.

(سێ خوشك) تاكە شانۆگەری چیخۆفەكە رووداوەكانی لەشار كۆتاییان پێدێت نەك لە خانووی دێرێكدا. بەڵام ماڵی ژنراڵ(بروزوروف) وەك دێرێك دیارە لەناو شاردا, لەنزیك خانووەكە باخێك هەیە, پشتەوەی خانووەكەش رێگایەكی درێژی لییەو ئەمبەرو ئەوبەریشی دار بییەو تاسەر زێیەكە دەڕوات, لە پەردەی چوارەم دا زێو دارستان دەبینرێت كە كەوتونەتە كەنارەكەی ترەوە.

رووداوەكانی دوا شانۆگەری چیخۆف لە مانگی ئایار دەست پێ دەكات, ئەو كاتەی كە دار گێلاسەكان گوڵ دەكەن. ئانیا بە بۆنەی گەڕانەوەی زۆر شادو بەختەوەرو لەبەیانییەكەی رۆژی دواتردا لەخەو هەڵدەستێ و یەكسەر بەڕاكردن بەرەو باخەكە دەڕوات, وەكاتێ كە ڤاریا پەنجەرەكە دەكاتەوە دەبینێت باخەكەو ئەو رێگایەی بۆی دەچێت هەر هەمووی بەرەنگی سپی داپۆشراوە. مەنەلۆژی سەرەتایی پاڵەوانەكان كە دەست پێ دەكات پڕە لە رۆحێكی شادیانەو داننان بە خۆشەویستی و گشتیشی ئاراستەی باخی گێلاس كراوە:



جایف:(پەنجەرەیەكی تر دەكاتەوە) باخەكە هەمووی سپییە لۆبالە بیری ناكەی؟ ئەو رێچكە درێژە كە ڕاستو راست درێژ دەبێتەوەو وەك قایشێكی توند وایەو لەو شەوانەشدا دەدرەوشێتەوە كە مانگ لە دەرەوەیە.

لۆبۆڤ ئەندریڤنا: (لە پەنجەرەكەوە سەیری باخەكە دەكات) ئای های مندالی, پاكێتی, بێ گەردی' لەو ژوورەی مندالی تیا دەنووستمو هەر لێرەوەش سەیری باخەكەم دەكردو بە شادیو خۆشییەوە, بێدار دەبوومەوەو لەو كاتەش باخەكە هەروەكو ئێستا كەوابوو, شتێكی لێنەگۆڕا بوو(لە خۆشیانا پێكەنین دەیگرێ) هەموو شتێك, بەڵی هەموو شتێك سپییە! ئای های باخە خۆشەویستو جوانەكەم! لە دوای پاییزێكی تاریكی زەرد هەڵگەڕوو زستانێكی ساردا دووبارە گەنج دەبێتەوە كە پڕ بێت لە بەختەوەریو فریشتەش ئاسمانت لێ چۆڵ ناكەن.

مەنەلۆژی تۆ بەو پڕ لە حەماسی كە رانفێسكایا لەگەڵ باخی گێلاسدا دەری دەبڕیو قسەی پێدەكات لە مۆتیڤو میزاجەكەیدا تەواو تەماهییە لەگەڵ پارچە شیعرێكی(ماكس فۆلۆشین)ی كە لە ساڵی(1904)دا بڵاوكرایەوە هاوكات بوو لەگەڵ ئەو شانۆگەریەی كە چیخۆف بە خۆی ئەركی دەرهێنانەكەی گرتبووە ئەستۆ, ئەمەش دەقی شیعرەكەیە:

دیارە تاج رادەیەك روونە, زەنگارە
هەنگاوەكانم لێرەو لەم شوێنەدا
سووك وەك منداڵ
من دەچمە ناو ئەو باخە ئاساییە...
ئاگادرابە! گوێت لە دەنگی هەقایەتەكان هەیە؟
لە دوای ساڵانێكی دوورو درێژ گەڕانو سوڕانەوەدا
تەزووەكانی پەیبردنی نادیار

www.pertwk.com



لەمیانـەی ئـەو نموونـەوە کـە بەرێکـەوت هـاتووە دەبیـنین بـە چ حەساسـیەتێکەوە چـیخۆف تـوانی وردەکارییـە دەروونییـە وردەکـان وەربگرێـت بـەهۆی ئـەو پەیوەندییـەی کـە لەگـەڵ هاوچـەرخەکانی لـە دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا هەیبووە بە دیمەنی سروشتی کۆنی دێرەکەشەوە.

لێـرەو لـەناو باخەکـەدا بۆبۆلـۆف ئەنـدریفنا وێنـەی دایکـە کـۆچ کردووەکـەی لـە بـەرگێکی سـپیدا بـۆ بـە دیـار دەکـەوێت(کـەس نییـە, خـەیاڵی بـەلای راستدا بچێت لـە ناوەڕاسـتی ئـەو رێگایـەی کـە بـەرەو هێلانەکەیەو درەختێکی سپی چەماوە, لە ئافرەت دەکات..)

ئەو تێبینییانەی کاراکتەرەکان نیشانی دەدەن رەسمی ئەو وێنانە تەواو دەکات کە ناشێ لەسەر شانۆ نمایش بکرێت. ئەو راستەڕێیەی کە لە قایشێکی درێژ بووە دەچێت و ئەو درەختە گوڵدارە چەماوەیەی کـە لـە ئـافرەت دەچـێت بـەرگی سـپی پۆشـیبێت, گشـتیان چـەند نموونەیەکی ئەو دیمەنە سروشتیانەن کە چیخۆف دا پڕشتوون- بۆ نموونە لەو وەسفە جوانە دەکات کە تریبلیف بۆ مانگەشەو دەیڵێتەوەو بە ئارەزووی خۆی کورتی دەکاتەوەو رستەی گوزارشتیانەو دەربڕینە بـۆ نموونـە دەڵێـت(لەسـەر بەنداوەکـە ملـی شووشـەیەکی شـکاو دەتریسکێتەوەو سێبەری تایـەی هـارەڕێکی(طاحونـة) رەش بـە دیـار دەکەوێت..) هەروەك ئەوەی کە لە پەردەی یەکەمی(نەورەس)و پـەردەی دووەمی(باخی گێلاس) پێش خۆرئاوا بە دیار دەکەوێت, ئـەویش ئـەو وەختەیـە کـە چیخۆف هەمیشـە عاشقی بووە. ئـەو کاتـەی بەرەبـەیان پـەیتا پـەیتا دەگۆڕێـت بـۆ ئێـوارەو گـۆڕینی رۆشـناییش لەسـەر شێوەیەکی تایبەت دەبیندرێت و ئەوەش لەو چرکەو خولەکانە ئەنجام دەدرێتکە هانی مرۆ بدات لە سروشت رابمێنێت بە دوور لە غەرق بوون لە تێڕامانی وەهمە ئاست نزمەکانی رۆژانە. پەردەی دووەمی دوایین



شانۆگەری چیخۆف نموونەیەکە لە هەوای کراوەداو ناشکرێت هونەری رەسم بەسەریدا زاڵ بێت. ئێمە دەبینین چۆن رۆژئاوا دەبێ و مانگیش هەڵدەکشێت, کێڵگەو کڵێسە بچووکە لارە چۆڵەکەو رێگای بەرەو دێری جایف و باگراوندەکەی دەبینین کە تیایدا بە زەحمەت رووخساری ئەو شارە دەناسێتەوە کە لەناو چڕی دووکەڵ دایەو هەست بەوەش دەکەین کـە چۆن هەوایـەك پـڕ لـە شـێ بـووەو لـە ئێوارەشدا لـە ئـەنجامی ئـەو خونـاوەی کـە لـەڕووبارەوە دێـن و ئاووهـەوای هـەموو کاراکتـەرەکانی شانۆگەرییەکەشـی وەرگرتـووە. چـیخۆف ویسـتی بۆشـایی شـانۆی هەواوی کراوە لەپەردەی دووەمدا تا ئەوپەڕی توانای خۆی بە کراوەیی بیهێڵێتەوە. چیخۆف لە نامەکەیدا بۆ(گیرۆفیچ دانمینکۆ) گوزارشت لە سـووربوونی خـۆی دەکـات و دەڵێـت(بـا لـە پـەردەی دووەمـدا تـەنیا کێڵگەیـەکی سـەوزی راستەقینەو رێگـاوە رەهەنـدێکی لەرادەبـەدەرم لـە مەڕ تەختەی شانۆوە پێ بدات).

کڵێسـایەکی لار لەلایـەکی پێشـەوەدا, کێڵگەیـەکی سـەوزی راستەقینەش لەگەڵ رووناکی گۆڕاوی بەرەبەیاندا بە دیار دەکەوێت, رێگا,دوورایییەکی قووڵی نا ئاسایی بە نیسبەت تەختەی شانۆوە, ئەمە وەسفێکە نـەك بـۆ دیکـۆر بـەڵکو بـۆ دیمـەنێکی سروشـتیانە کـە لەسـەر شێوەی لیفیتانی نیگار کێش کراوە. پەردەی دووەم لە باخی گێلاس دا بیرۆکەیـەك پێشـکەش دەکـات کـە تـەواو نـاکۆك بێـت لەگـەڵ بیرۆکـەی چادرەسێ لایەکانی شانۆی تەقلیدی, واتە ژوورێکی سێ لادیواری کە لە رووناکیـەکی دروست کراوە بە دیار دەکەوێت, کارێکەو(قسطنتین تریبلیف) خۆی لێ یاخی کردووە.

بەهرەکانی چیخۆف لەمەڕ دیمەنی سروشتییەوە وەك رەسامێکی شارەزا بە دیار کەوت, نەك تەنها لە چیرۆکە کورتەکانی کە جاروبار بۆ سروشت وەسفێکی تیادا دەبینین, یان لە رۆمانی(کالبراری)دا کە بە تەواوەتی بۆ دیمەنە سروشتییەکانی دەوارووی رووسیا تەرخان کراوە, بـەڵکو لـە شانۆگەریەکانیشـیدا دیمەنـە سروشـتییەکان لـە تێبینییـە

کەمەکان‌و هەندێك تیرو توانجی یان قسەی کاراکتەرەکان بە دیار دەکەوێت.

هونەری شانۆیی لای چیخۆف نزیکە لە هونەری وێنەگرتنی دیمەنی سروشتی‌رووسیا لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا, لەو کاتەدیدا کە تیایدا دیمەنی سروشتی بەسەر هونەرە جوانەکانی تردا زاڵ بوو.

نووسەری کۆمەڵایەتی بەناوبانگ(میخایلۆفسکی) کە چیخۆفی گەنجی رەت کردەوەو هەروەها نکۆڵیشی لەسەروەری دیمەنی سروشتی کردەوە بە تایبەتیش لەو پێشانگایانەی کە هونەرمەندە ناسراوەکان بەناوی(گوازراوەکان)ەوە رێکیان خستبوو, لەو ئاراستەیەدا بە هێزی‌و زیادی یەك دەبیندرێن بۆ بنەمای فیکری لە هونەری رووسیدا. لەو ووشانەدا دەبینین کە بەناوی بووردن‌و پەشۆکاوین کە بە هۆیانەوە تریگۆرین گوزارشتی لێدەکات سەبارەت بە لایەنداری بۆ دیمەنی سروشتی‌و دەڵێن. (من تەنها نەخشەی دیمەنی سروشتی دەکێشم‌و زیاتریش نازانم) لێرەدا دەنگی چیخۆف خۆی لە خۆیدا روونە بە تایبەتیش لە رووی رەووتی گشتییەوە بۆ ژیانی هونەری کە تێیدا دیمەنی سروشتی لە وێنەگرتندا مانایەکی تایبەتی بەلای خۆیدا راکێشابوو, لە بیروبۆچوونی هاوچەرخەکانیشی‌دا رەمزێك بووە بۆ رزگاربوون لە بیرۆکە وەستاوو دوگماکانداو بەلای شیعرو جوانیشدا وەرچەخانێك بووە لەبەرامبەر هاندانی بەرەو پەخشانی باوی سەردەمی پێشوو.

ئاشکرایەو دەشتوانین بڵێن کە شانۆنامەکانی چیخۆف زۆر نزیکە لە میزاجی باوی دیمەنی سروشتی لای لیفتیان بە تایبەتیش لە تابلۆکانی دواییدا.

دیمەنی سروشتی لای چیخۆف– هەروەك لیفیتان– رەنگ دانەوەی شتێك نییە بە قەدەر ئەوەی(گوزارشتێکە) لێی. لە میانەی وێنەگرتنی سورشتیەوە ژیانی عاتیفیانەی کەسەکان بە دیار دەکەون‌و, لەوانەیە لەسەر شێوەیەکی سەربەستانەتر بێت, ئەگەر بێتو دیمەنی سروشتی



کارت تێ بکات ژیانی دراماییانەی پاڵەوانەکان بۆ دیمەنێکی عاتیفیانە دەگۆڕێت‌و لەهەمان کاتیشدا مۆرکێکی داستان ئامێزانەی پێدەدات. دیمەنی سروشتی لای چیخۆف تایبەتمەندی مرۆڤایەتیان هەیە کە میزاجی کاراکتەرەکان بە خۆوە دەگرێت.

ئەوەی لەسەر شانۆ دەیبینین باخ, یان دەریاچە نییە بەڵکو بە پلەی یەکەم مرۆڤە"ئەو کاراکتەرانەش بەدەوری خۆیان وەکو ئەوەن کە رەنگ‌و رووخساری سروشتەکانی دەروبەری خۆیان هەڵگرتووە"خانمەکان بە جلە سپییەکانیانن لە باخی سپی‌دا" ئەمەو ئەم کاراکتەرانە میزاجی خودی سروشتیش وەردەگرن ئێمە لەلای خۆمانەوەپەی بەوە دەبەین کە کاراکتەرە شانۆییەکانی چیخۆف بە ئیعتیباری ئەوەی بەشێکن لە سروشت‌و لێی جیانابنەوە, هەروەك ئەوەیە کە سروشت ئاوێتەی ژیانە رۆحییەکەیان کرابێت.

دیمەنی سروشتی بۆ جارێکی تریش وا لە ژیانی ئاسایی ئەو کاراکتەرانە دەکات کە ژیانێکی شاعیریانە بژین‌و بەسەربەرن‌و هەر بەو ژیانەش بەرزببنەوە. دێرو باخ هەر دووکیان لە ئەنجامی هەوڵی مرۆڤ دروست بوونەو لە دوایشدا یەکسان بە مرۆڤ بوونە. سروشتی روسیا لای چیخۆف لەسەر ئەو شێوازەیە کەکۆرفین – رەسامێکی هاوچەرخی چیخۆفە– ویستی بیوێنێ. کۆرفین تەئکید لەوە دەکاتەوە کە دیمەنی سروشتی ناوەڕۆکی خۆی ون دەکات ئەگەر بێتو تەنها پشت بە جوانییەکەی ببەستێت یان لەسەر جوانییەکەی بوەستێت, بەڵکو پێویستە لەناوەوەشدا رۆحی مرۆڤی هەبێت. دەبێ دەنگێکی وەڵامدەرەوەی هەستەکانی دڵ بێت لەم رووەوە نزیك ترین رەسام لە چیخۆف لیفیتانە بەوەی کە خاوەنی کامڵ بوون‌و روونیەکی تەواوە لە بارەی دەربڕینی سۆزو هەستیاری داستان ئامێزانە بەوەی کە سروشتی خۆشەویستی بزاوتی خۆی ئەنجام دەدات هەر لە بەیانییەوە تاکو ئێوارەو لە بەهاریشەوە تاکو پاییز. دەشێ ئەو گریمانەش بکەین: کە تابلۆکانی لیفیتان لە کاتی خۆیدا کاریگەریان لەسەر ئیستعاب

کردنی چیخۆف هەبوو بێت- کە لە باشوور لە دایك بووە- بۆ سروشتی رووسیا کە چیخۆف وەسفی کردوە بە لیفیتانیزم. لەلایەکی تریشەوە پێدەچێت کارەکانی ئەم دوایەی لیفیتان بە هارمۆنیەت کاری تێکرابێت لە نێوان یەکسانی بوونی دەروون‌و تێك چوونیداو هەر ئەوەشە کە جەخت لەسەر کارتێکردنی شانۆگەری چیخۆف لەسەر ئەم دەکاتەوە بەتایبەتیش شانۆگەری (نەورەس)، چەند مانگێك دوای بڵاوبوونەوەی شانۆگەری چیخۆف, لیفیتان لە ووتەیەکیدا بۆ چیخۆف نووسیویەتی‌و دەڵێت"ئەمانە چەند ووشەیەکن‌و خەریکە ووشە بە ووشە لەگەڵ پاڕانەوە(قستەنتین تریلیف) لە بارەی شکڵە نوێیەکانەوە) دەگونجێت:

"هیچ شتێك بە موتڵەقی ناکەم, پەست بوونم بەرامبەر بە شێوە کۆنەکان‌و پەیبردنی هونەریانەی سوواو باو بۆ شتەکان‌و(لێرەدا من لەبارەی واتای وێنەگرتن دەدوێم) نەبوونی خاڵی نوێ بۆ دەست پێکردن- ئەوانە چەند کارێکن بە زۆر دووچاری ئێش‌و ئازارم دەکەن" لیفتیانی هونەرمەند لە شارۆچکەی(میلیخوف)دا سەردانی چیخۆفی هاوڕێی کرد, لەو کاتەدا چیخۆف مژیل‌و خەریکی نووسینی شانۆنامەی(نەوڕەس) بوو, چەند ساتێك لە ژیانی راستەوخۆی ئەو کاتەی لیفیتان لەو شانۆنامەیەدا رەنگی دابۆوەو بە تایبەتیش ئەو کاتانەی لەگەڵ تەنیایی خاتوو(تورشاتینوف) بەسەری بردووەو لە هاوینی ساڵی 1896دا بووەو کە ئەویش لەلادێ لە ماڵی مامی‌دا دووچاری ببوو. بڕگەی تراژیدیانە ئەو کاتەی ژیانی لیفیتان لە هەوڵی خۆ کوشتنی(تریبیلف)دا تۆمارکراوە.

چیخۆف ئەو کاتە لیفیتانی بینی کە شەپقەیەکی رەشی لەسەری خۆی کردبوو بە تەواوەتی لەو حاڵەتەی تریبلیف دەچوو کە دوای خوێندنەوەی ووتارە زریان ئاساکەی فڕێ داوەتە سەرزەوییەکە. ووتەکانی ئەرکادینا بۆ کوڕەکەی "تۆ لەوە دەچێت کە مەندیلت کردبێتە سەری خۆت, دوێنێ یەکێك لە هاتووەکان لە ئاشپەزخانەکەدا لە بارەی رەگەزەکەی تۆوە پرسیاری لێکردم... بە ئامادە نەبوونی من



ناگەڕێیتەوە بۆ ئەوە؟ "هەڵبەتە ئەوە وێنەیەکی لیفیتانە بەو شەپقەیەی کە لەسەریەتی لە دوای ئەوەی فەشەلی هێنا لە کۆتایی هێنان بە ژیانی خۆی‌و ئەگەر چیش جاروبار ئەو ئارەزووە شێتانەیە دەیگرێت.

لیفیتان بە نمایش کردنی"نەوڕەس" لەسەر تەختەی شانۆی هونەری زۆر خۆشحاڵ بوو دەتوانین لێرەدا ئەو گریمانەش بکەین کە کاریگەری ئەو شانۆنامەیە رەنگی لەدوا تابلۆکانی ئەم هونەرمەندە دابێتەوە کە تیایدا سەرکەوت بوو بەسەر تەنگژەی ناوەوەی خۆیشی‌دا کە بە ئەندازەیەك دووچاری توندوتیژی ببوو لەوەی(تریبلیف)ی دەکرد, ئەگەرچیش دووەمیان نەیتوانی تەجاوزی ئەو توندوتیژییە بکات.

لە ساڵی(1899)دا واتە ساڵێك دوای یەکەمین نمایشی شانۆنامەی"نەوڕەس" لەسەر تەختەی شانۆی هونەری‌دا, لیفیتان دوو تابلۆی رەسم کرد بە ناوەکانی"بەرەبەیان" "پاشماوەکان" (الاکوام), ئەوانەش لەو کارانەن کە نزیکە لە میزاجی ئەوبەرە بەیانەی کە باڵی بەسەر پەردەی یەکەمی(نەوڕەس)دا کێشاوە. ئەم ولیفیتان لە ساڵی(1900)دا تابلۆی(ئێوارەیەکی هاوینی) رەسم کرد, لەم تابلۆیەیدا کە"دەریاچەو رۆژێکی بە هەتاوبوو"ی تیادا تەواو نەکرد, دەبینین نەخشەیەکی نزیك لە دیمەنی سروشتی ئاشکراوی دەریاچە لە"نەوڕەس"دا دەنوێنێت. مۆتێڤی بەرەبەیان‌و ئێوارەی مانگە ساردەکان بانگی راستەوخۆن بۆ"نەوڕەس". سەرباری ئەمە لیفیتان لە ساڵی 1888دا تابلۆیەکی نمایش کرد بە ناوی"شەوهاتن" لە حاڵی حازردا ناوبانگێکی وای یاوەرنەبوو کە سەرپەرشتی مۆتیفەکان‌و میزاجی باو دەکات لە پەردەی یەکەمی شانۆگەرییە داهێنراوەکەی چیخۆف دا.

ئوستروخۆفی نیگارکێش تابلۆی بەرەبەیان" بەو شێوەیە وەسف دەکات" بەرەبەیانێکی تاریك, شارۆچکەیە کەوتۆتە سەر گردێکی چۆڵەوانی, لە جێگایەك دارستانێکی بچووك هەیە, دارستانەکە

دریژدەبێتەوە, لە دوای ئاسۆکەوە مانگەکە بە تەواوی بەدیار دەکەوێت لە ئاسماندا هەموو شتێك جێگیرو ساردە.

ئەو سەرنجەی کە چیخۆف کەمتر سووربووە لەسەری زۆر نزیکە لە هونەری دیمەنی سروشتی لای کۆرفینەو لەو تابلۆیانەی کە لە هەشتاکان و نەوەدەکان کردوویەتی ئیبداعی تێداکردووەو ئەگەرچی زاراوەی"الانطباعیة"ش وەك قوتابخانەیەکی هونەری لە بواری نیگارکێشان دا بە دەرکەوتبێت- سەرەرای ئەوە- لە شانۆنامەکانی چیخۆفدا بەدەرکەوتبێت هەڵگری میزاجێکی"لیفتیانە" ترەو مرۆش بەرەو ئاقاری ئەو هەستە دەبات کەسەبارەت بەحالەتە سروشتییەکان داستانیانە ترەو زۆر بە نەرمیش سروشت لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر دەگوازرێتەوە.

گرنگیدانی باش و تەواو بەرۆشنبیرکردنی دێر لە هەڵوەرین دابوو, مانا نەتەوەیی و شاعیریەکەش کاریگەری خۆی هەبوو لە مەڕ گرێدانی پەیوەندییەکی زۆر چاکی لێك نزیك بوونەوە لەنێوان چیخۆف و کۆمەڵەی"جیهانی هونەر"دا ئەسافیف لە کتێبەکەیدا باس لە هونەری وێنەکێشان دەکات لە رووسیاو لە بارەی خەباتی ئەندامانی کۆمەڵەی"جیهانی هونەری" دەدوێت لە پێناو تێروانینێکی نوێ بۆ واقعو هەروەها سەرژمێری دوژمنانی بێ ئاگا لە جوانیش دەکات بە تایبەتیش ئەوانەی بەرچاوی خۆیان نابینن و, هەڵدەستن بە ریشەکێش کردن و وێران کردنی"باخەکانی گێلاس"و هێڵی رەنگاو رەنگیش بەسەر تابلۆکان دادەهێنن بە بیانوی دروست کردنی نیگاری گەورەو نیگاری ئایکۆنەکان لەسەر دیوارەکان بەزیادکردنی بینایەکی ترو بینایە رەسەن و جوان و قەشەنگەکە دەشێوێنن و لە زلکردنی زیاتر هیچ شتێکی دی نییە.. ئەمانە هەمووی لەژێر ناوی(بەرژەوەندی) دادەگرێت.

باخی گێلاسی چیخۆف بەنسیبەت لاسایفەوە کە هونەرمەندێکی گەنج و هاوچەرخیش بوو لەگەڵ کۆمەڵەی(جیهانی هونەر)و حەزیشی



بەوە دەکرد کەسەردانی پێشەنگاکانیانبکات, ئەم شانۆگەریەی چیخۆفی لەریزی ئەو شاکارە هونەریانە دادەناو دەیگوت(لە کرین نایەت یان نرخی بۆنە بوو), ئەو شاکارانەی کە بۆ رۆشنبیری نیشتمانی و جوانی هەمیشە زیندوو بە چەقەنگ لە قەڵەم دەدران. باخی گێلاس کارێکی هونەری زۆر مەزن بوو, لە هەمان کاتدا یەکسانیش بوو بە تابلۆ کۆنەکانی سەر دیوارەکان و کۆشك و تەلاری کلاسیکی رووسیا, بە رێکەوت نەبوو(س. دیجلیف)ی سەرکردەی فیکری نوێ هەوڵێکی زۆری دابێت بۆ ئەوەی چیخۆف بکات بە بەرێوەبەری نووسینی گۆڤاری(جیهانی هونەر), هەر چەندە لە نێوان چیخۆف و کۆمەڵەی هونەرمەندان دا, ئەو کۆمەڵەی کە(دیاجلیف) سەرۆکایەتی دەکرد جیاوازی جەوهەری لەبارەی چەمکی جوانییەوە لە ئارادا بوو بێت.

ئەگەر لەبارەی هونەرمەندانی(جیهانی هونەر)ەوە بدوێین. گومانی تێدا نییە کەسەیرۆف لەهەر هەموویان لە چیخۆف نزیکتر بووو ئەمە جگە لە وەی کە کارەکەی بە تەوازوعی و کورتکردنەوەو گەیاندنی ناسرابوو بۆ دیمەنی سروشتی بەبێ ئەوەی(لەرووی دارایی)ەوە تەکلیف بکات و هەورەها توانایی گرێدان و دروستکردنی پەیوەندیشی هەبوو لە نێوان دیمەنی سروشتی و شێوازی مرۆڤایەتیداو پەیوەندی ناوەکانیانە لە نێوانیانداو لە دواییدا ئاشکراکردنی ئەوەی کە رێکیان دەخات, بەڵکو دیاریکردنی ئەو سیمایانەش کەوا لە هەردووکیان بکات یەك شت بن, ئەمانە هەر هەمووی کاری تەواو دیارن بۆ دیمەنی سروشتی لەلایەن چیخۆفەوە, بە تایبەتیش چارەسەرەکەی بۆ بۆشایی شانۆیی. (بابەیەکەوە زیاتر وێنە شاعیریەکانی سیرۆف بەبیر خۆمان بهێنینەوە, (بەرەکەت و (ئۆکتوبەر)و (کچ و خۆخ)و (کچ لەژێر تیشکی خۆردا) ئەم وێنانە گشتی دەگەرێتەوە بۆ کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو, ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەو مادەیەیە کە دیدی جوانکاریانەی شانۆیی لەلایەن چیخۆفەوە تێیدا جێگیر بوو).

www.pertwk.com

گـەلێك شـتیش هەیـە کـە نێـوان چـیخۆف و بـۆریس مۆسـاتۆفی نیگـارکێش کۆدەکاتـەوە وە لێـرەدا رووخسـارەکانی لێـك چـوون بـە تەواوی روون و ئاشکرایە.

م. ئەیلاتۆفی رەخنـەگر یـەکێك لـە تابلۆکانی بۆرسیۆن بەو شێوەیە وەسف دەکـات(باخەکە, جوانە, لـە باگراوندەکـەی خانوویـەکی سپی هەیـە رێگایـەکی بـۆ دەچـێت, هەرچـی لـە تابلۆکەدایـە سـەرنجێکمان سـەبارەت بـە رابـردوو بـۆ بـە جـێ دەهێڵێت, هـەموو شـتێك روودەدات هەروەك ئەوەیە کە خەون ببینین, پارچە لاکێشەییەکانی تابلۆکە هەست کردنێك بـە درێـژی رێگامـان بـۆ بـەجێ دەهێڵێـت، هێمنـی لـە شـانۆی هونەری‌دا لەگەڵ هەموو شتێك و بەتایبەتیش لە شانۆنامەکانی چیخۆف دا بە هێواشـی خۆی دەکات بە دەقی شانۆییدا, هـەروەك چـۆن خـۆی دەکات بەوەستانی مۆسیقاش.

بۆرسیۆف و مۆساتۆف و چیخۆف لەهەمان شێوازو ئەو میزاجەی کە دیمەنی سروشتی پـێ پێشکەش دەکەن لە یەك نزیکن, مردنی ناوەختی بۆرسـیۆف داهێنانـەکەی پێچـایەوەو هـەروەکو ئەمەیـە کـە بلـێی ئـەوە لەگـەڵ خـودی چـیخۆف روویـدا بێـت. بۆرسـیۆف لـە توانـەوەی دێـری رووسی و هەڵوەرینەکەیدا ئەوە دەبینێت کە هێمایە بۆ کۆتایی هاتنی سەردەمێك و دەست پێکردنی سەردەمێکی دی.

بەم جۆرەیە کە دەبینین چیخۆف شوێنی شانۆیی تایبەت بەخۆی دامەزراندو بە شێوەیەکیش لە شێوەکان یان بە یـەکێکی دی ئاراستە سەرەکییەکانی بزاوتی هونەرە جوانەکانی رووسیا بگرە لە مۆسیقاش نزیـك دەبێتـەوە. راسـتە لەگەڵیانـدا بـە تـەواوەتی یەکـدیگر نـەبووەو بەیـەکجارەکیش تێیـدا نەتواوەتـەوە, بـەلام لەوێـدا شـتێك هەیـە کـە بەردەوام بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە.

هونەری نیگارکێشان لە رووسیا شاعیرێکی گەورەی وەك چیخۆفی لـە دیمـەنی سروشتی‌دا نەناسیوە, سـەرەڕای ئـەوەی ئـەو دیمەنـە لای چـیخۆف بـە چـەند سـیمایەکی تایبەتییـەوە دەناسـراو لـە دوایشـدا



نەخرایە ژێر لێکۆڵینەوەیەکی تەواو, ئەمەش خۆی لە خۆیدا کارێکەو وا لـە بـەراووردی نێـوان چـیخۆف و نێـوان هاوچـەرخەکانی لـە نیگارکێشەکان دەکات کە کارێکی ناکامڵ یان ناتەواو بێت.

لەوێ لە نێوان چیخۆف و هونەرمەندانی(جیهانی هونەر)دا جیاوازی بەڵگـە نەویسـت و ئاشـکرا هـەن. چـونکە بـیروڕای جیـاواز لەلایـەن هەردووکیانەوە سەبارەت بە جوانی لە ئارادا بوو, ئەگەر بێتو دیمەنی سروشـتی لای هونەرمەنـدانی جیهـانی هونـەر هـەر دەبـێ و لـە پێنـاو ئەوەش جوان بێت پێویستە بە مۆرکی دیکۆری شانۆییەوە بناسرێت, چیخۆف سوورە لەسەر ئەوەی وێنەیەکی ئاسایی بکێشێ و ئەگەرچیش جاروبار خۆی تەڵخ نیشان بدات.

ئەگەر بێتو بمانەوێ بەو شێوەیە قسە لە بارەی نزیك بوونەوەی شانۆی چیخۆف بکەین لە هونەری نیگارکێشان لە رووسیا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا پێویستە تەنیا لە ئیعتیباری خۆمانەوە چەند سیمایەکی هاوبەش دابنێین و هەر کەسێکیش کە بیەوێ تێبینییەکانی چیخۆف بە زمانی شانۆ بەرجەستە بکات پێویستە زۆر ووردبین بێت بە تایبەتیش ئەو کاتەی کە هەڵدەستێت بە کاری دۆزینەوەی سروشتی جیاجیا بۆ بۆشایی لای چیخۆف.

دیمەنی سروشتی لای چیخۆف تەنها بە یاوەری پاڵەوانە شانۆییەکانی تەواو دەبێت چیخۆف سەبارەت بەم کارە بە کورتی قسەی لە بارەوە کردووەو ئەمەش لەو نامەیەدا بە دیار دەکەوێت کە بۆ ستانسلاڤسکی ناردووە"باخێکی تەواو سپی و ئافرەتەکانیش لە بەرگی سپیدان" پاڵەوانەکانی هەمیشە هەست بەوە دەکەن کە بەشێکن لەو سروشتەی لە دەورووبەریانەو جا چ شایانی ئەو سروشتە بن, یان لۆباخین دەڵێ"ئەو کاتە دووچاری ماندوو بوون دەبم, کە بیردەکەمەوە خوایە گیان, دارستانێکی گەورەو کێڵگەیەکی بێ سنوورو ئاسۆیەکی بێ کۆتایی و ئەبەدیت پێداوین, ئەوانەی کە لێرەدا لەسەرمانە بەڕاستی بلیمەت بین".

www.pertwk.com



## فەرهەنگۆك

| النزعة الطبيعية | سروشت خوازی - ناتۆراليزمی | صدموا | بەريەككەوتن |
| --- | --- | --- | --- |

www.pertwk.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| جو العام | كەشی گشتی | مخيلة | خەيالگە |
| خيال الظل | ئەندێشەی سێبەر | ذاكرة الانفعال | يادەوەری-يادگری-بيرەوەری-هەڵچوون |
| المؤدی | دەورگێڕ- ئەكتەر | مجردة | رووتە |
| الوحدة | يەكێتی- يەكە | الألسنية | زمانەوانی ( گۆشتی ) |
| العاملين فی المسرح | كاركەران لەشانۆدا | متلقي | وەرگر |
| انحطاط | رووخان- دارمان- رۆچوو | التشابه ـ شبيه | لەيەكچوون-وێك چواندن |
| نمط | جۆر- شێواز | سقط ـ الأسقاط | كەوتن-بەلادان |
| البحث | رووت | التتابع | چاودێری بەردەوام |
| حالة | حاڵەت- بار | صيرورة | گۆڕانی بەردەوام |
| ينحصر | گرمۆڵە- ئابلۆقە | الأحتمالية | شيمانە- پێشهات |
| المتدنون | نزمەكان | التقابلات الثنائية | بەيەكتر گەيشتنی دواليزميانە |
| محاكاة | گێڕانەوە- لاسايی كردنەوە | المخزون المعرفي | كۆكراوەی ئەبسيتمی |
| ايماءة | تيل نيشان-ئيمائە | الأنتقائية | پوختە بژار |
| ينطق | دێنێتەگۆ | بدع | داتاشينی ووشە |
| رمز | جەڤەنگ-هێما-سيمبول | موجود | هەبوو |
| تخيل | خەياڵ كردن | اشارة | ئاماژە |
| الآنساق | رێكخەری يان رێكخەريانە | علامة | نيشانە- زناك |
| حتمية | مسۆگەری | المفارقة اللغوية | جياوازی زمانەوانی |
| انسان المشاهد | مرۆڤی بينەر | خلفية | پاشخان- باگراوند |
| التشوق | شەوق ئامێز- پرشنگدار | المستند | پشت بەستوو |
| وجود | بوون | الأعتماد | پشت بەستن |
| مصادرات | دەست بەسەرداگرتووەكان | علة ومعلول | هۆو هۆكار |
| مبدأ التعارض الثنائي | پرەنسيپی دژايەتيكردنی دواليزميانە | القصدية | مەبەستگەرايی |
| تيقن | باوەرهێنان | المعنى ـ فحوى ـ مغزى | ماناو واتا |
| توازن | هاوسەنگی | الذهنية | زەينی |
| الادراك | پەيبردن | مصيراً محتوماً | چارەنووسی بڕيار لەسەر دراو |
| المألوف واللامألوف | باوو ناباو | مرتل | خوێنەر |
| تغريب | نامۆ | نظرية | تيۆر |
| استلاب | وەرگرتن-داگيركردن ـی | منظر | تيۆريز |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | سەندن | | |
| ايهامي | وەهمی-ناواقعی | تلقائية | خۆكردەكی |
| فعل | كردار | الآختزالية | كەم پێ كراوەكان |
| الفصيحة | پاراو-رەوان | الآستعارة والمجاز | خواستن و خوازە |

**المصادر والمراجع (سەرچاوە ژێا**

**يتاری شانۆيی) بەعەرەبی**

www.pertwk.com

**المجلات:**

1- السيمياء فى المسرح الشعبي: بيتريو كاتريف- ترجمة د. اومير كوريه- الآداب الآجنبية- تصدر عن اتحاد الكتاب العرب- دمشق- سوريا، العدد 45- السنة الثانية عشرة 1985 ص 54.

2- ما السيميائية- ى.س.ز يستبانوف- ترجمة قاسم المقداد- المعرفة سنة 2000 العدد 235- 1981.

3- اطروحة في المسرح العراقي القديم- د. عونى كرومي- مجلة الاقلام- وزارة الاعلام- بغداد- العراق العدد- السنة 1979 ص 3.

4- السيميائية التفسيرية الصوفية (رمزية التحول) - كارل غوستاف يونغ- ترجمة: نهاد خياط – معاصرة- العدد 12- المجلد الثالث 1991- بيروت- لبنان.

5- خطاب الايديولوجي العربي (مجموعة دراسات مجلة الوحدة- العدد- 75- السنة 1990 ديناميكية الآشارة فى المسرح جندريك هنونترل. ترجمة د. اهير كوريه- مجلة الآداب الآجنبية العدد 500- السنة 14-1978 ص 11.

6- خصائص والاسس المعرفية لعلوم الانسان- تأليف جان بياجيه- مجلة الفكر العربي- العدد السادس- السنة الاولى 1978- طرابلس- ليبيا.

7- البنيوية في المسرح، مساهمة مدرسة براغ- تأليف فرانشيك دياك- ترجمة: سامي عبدالحميد- مجلة الاداب الاجنبية- بغداد العراق.

8- سيميولوجيا المسرح- تاتزيس بافيز- ترجمة: احمد عبدالفتاح- مجلة القاهرة- العدد 95- السنة 1989 ص 58.

9- مقابلات سيميوطيقية بين المسرح والسينما- تأليف: هنرى والد- ترجمة عبدالغني داود- مجلة القاهرة العدد 95- 1989 ص 34.

10- النظرية الآدبية والآستطيقا عن مدرسة براغ- رينية ويلك، ترجمة: محمد عصفور- مجلة الآداب الآجنبية- بغداد- العراق.

11- النص والعالم والناقد- روبرت شولتز- ترجمة فخري صالح.

12- العلاقة في المسرح- تأليف: تادور كافران، ترجمة: د. مارى الياس- مجلة الحياة المسرحية العدد 34- 35 ص 49.

13- العلامات في المسرح- ترجمة: د. حنان قصاب حسن- مجلة الحياة المسرحية العدد 34- 35 ص 49.

**الكتب:**

1- افكار وآراء حول السانيات والآدب. تأليف- رومان ياكوبسون- ترجمة/ قاع صدام الامارة، د. عبدالجبار محمد علي- دار الشؤون الثقافية 1990 بغداد- العراق.

2- سوسيولوجية المسرح- تأليف جان دوفينو- ترجمة حافظ الجمالي ج1+ج2 دمشق 1976.

3- بلاغة الخطاب وعلم النص- تأليف د. صلاح فضل- عالم المعرفة عدد 164- الكويت- 1992.

4- المقدمات الكلاسيكية لمفهوم الاغتراب. تأليف: فالح عبدالجبارت مؤسسة عيبال للدراسات والنشر- نيقوسيا- قبرص- 1991.

5- مقالات في الاسلوبية- تأليف د. منذر عياشي- منشورات اتحاد الكتاب العرب 1990 دمشق.

6- ماهو النقد- تأليف/ بول هيرنادي- ترجمة/ سلافة حجاوى- دار الشؤون الثقافية العامة- بغداد 1989ز

7- التفكيكية (النظرية والتطبيق) تأليف/ كريستوفر نورس- ترجمة رعد عبدالجليل جواد- دار الحوار اللاذقية- سوريا 1992.

8- الاشتراكية والفن- تأليف ارنيست فيشر- ترجمة اسعد حليم- دار الهلال- العدد 183- 1966 القاهرة- مصر.

9- برتولد بريخت- النظرية السياسية الادبية- تحرير/ بينى نافسة فيروهيوبرت هابتن، ترجمة/ كامل يوسف حسين- دار الشؤون الثقافية العامة- وزارة الثقافة والاعلام- بغداد- العراق 1986.

10- مقالات نقدية في المسرح- رولان بارت- ترجمة د. سها بشور، منشوارت المعهد العالي للفنون المسرحية- دمشق- سوريا 1987.

11- مدخل لجامع النص- تأليف/ جيرار جنيت- دار الشؤون الثقافية العامة/ بغداد 1985.

12- عصر البنيوية من ليفى شتراوس الى فوكو- تأليف/ اديت كيرزويل- ترجمة/ جابر عصفور- كتاب أفاق عربية العدد 9-10-1985.

13- اصوات واشارات/ كوندارتوف – ترجمة: ادور بوضا- وزارة اعلام- سلسلة الكتب المترجمة العدد 1971/7.

14- المعني الادبي من الظاهراتية الى التعليلية. ترجمة/ نوئيل يوسف عزيز- دار المأمون 1978- بغداد- العراق.

15- البنيوية والتأريخ- اخونلو باسكيز- ترجمة- مصطفى الشناوى- قضايا ادبية- دار الحداثة- لبنان- بيروت 1981.

16- النقد البنيوية للحكاية- رولات بارت- ترجمة/ انطوان أبوزيد- منشورات عويدات- بيروت- باريس.

www.pertwk.com


17- مدخل الى السيمياء فى المسرح- زياد جلال- وزارة الثقافة الاردنية- عمان- 1992.

18- سيمياء المسرح والدراما- كير ايلام- ترجمة/ رئيف كرم- المركز الثقافي العربي- بيروت 1992.

19- علم الدلالة/ بيان غيرور- ترجمة انط شورات عويدات- بيروت- لبنان 1986.

20- الاسطورة اليوم- رولان بارت- ترجم رفي- الموسوعة الصغيرة- بغداد- العراق 1990- 345.

21- علم الدلالة السلوكي- ترجمة وتقديم/ مجيد الماشطة- الموسوعة الصغيرة- بغداد -العراق 179.

22- مبادئ فى علم الادلة- رولان بارت- ترجمة/ محمد البكري- دار الحوار 1987- سوريا- اللاذقية.

23- علم الدلالة : بيرجيرو- ترجمة/ منذر عياشى ملاس 1992.

24- دروس في السيميائيات- د. صفون مبارك توصية المعرفة- دار توبقال للنشر 1987.

25- درس السيمولوجيا- رولان بارت، ترجمة : عبدالسلام بقصيد العالي- دار البيضاء 1968- ط2.

ERIKA FISHER- LICHTE
SIMOTIK DES THAEATRE BAND 1+2+3
GUNTER NARR REALGEEN 1988